# تورکیاناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات
ژمارە (٢) ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

- ئابووری تورکیا؛ ئاڵنگارییە گەورەکەی بەردەم ئەردۆغان.
- هوداپار و ئایندەی پرسی کورد لە تورکیا.
- مەیلی دەنگدەرانی کورد لە نێوان دوو هەڵبژاردندا.
- ئایا پەیماننامەی لۆزان پیرۆزیی ماوە؟
- 100 ساڵ لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا

# وەرزنامەی تورکیاناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.


ژمارە (٢)، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: بەختیار ئەحمەد صاڵح
بەڕێوەبەری نووسین: ئەحمەد قادر سیروانی



بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.ئومێد ڕەفیق فتاح
د.عابد خالد رسول
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول



نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان
هەڵەگر: گرووپی زەنویر (هەژیر عەبدولڕەحمان)



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

# وەرزنامەی تورکیاناسی

تورکیاناسی؛ گۆڤارێکی تایبەتمەندە بە توێژینەوە و شیکاری سیاسەت و ستراتجی تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات. دەرکردنی گۆڤارێکی لەم شێوەیە ئەگەر بۆخۆی پێدانی مەعریفەی گشتی بێت، ئەوا لە ئاستە تایبەتیەکەیدا ئەرکێکی وردتری هەیە کە هەوڵدەدات شرۆڤەو بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پرس و بڕیار و سیاسەتانە بکات کە تورکیای نوێ وەک پاشماوەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژویی بەرامبەر گەلان و وڵاتانی جیهان دەیانگرێتەبەر، لەناویشیاندا بەرامبەر بە گەلی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە بەهۆی بوونی کومەڵێک فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کەلتورییەوە کاریگەری و لێکەوتەو دەرهاویشەکانی بۆسەر ئێمەی کورد زیاترەو ئەستەمە نادیدەیان بگرین و خۆمانی لێ بەدوربگرین. هەروەها تورکیای نوێ وەک کارەکتەرێکی هەرێمایەتی و ئەندامی بەهێزترین هاوپەیمانی سەربازی (ناتۆ) وایکردوە بەردەوام جوڵەو کاروکردەوەکانی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە بێت. لەم روانگەیەوە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەرکردنی گۆڤارێکی پسپۆڕی تایبەتی بە تورکیا بە پێویست و گرنگ زانیوە. تورکیاناسی کار دەکات لەسەر ئەوەی کە تورکیا وەک خۆی بناسێت بە بێ هیچ جۆرە پێش داوەرییەک تا بتوانێت ئەو دەرفەت و هەڕەشانە بخوێنێتەوە کە تورکیا دەتوانێت دروستی بکات لە پرسە جیهانی و هەرێمایەتیەکان و پرسی کورد بەتایبەتی.

# ناوەڕۆك

## سەروتار


◇ **توركیا لە خۆرهەڵات دەمێنێتەوە!**......................................................................د. فاروق عبدول | ٥


## توێژینەوە


◇ **ئابووری توركیا؛ ئاڵنگارییە گەورەكەی بەردەم ئەردۆغان**..................................................ڕابەر سیوەیلی | ٩

◇ **پەیوەندییەكانی هەرێمی كوردستان و توركیا دوای ساڵی ٢٠٠٣؛ بنەماو ئاڵنگارییەكان**.........د. فاروق عەبدول | ٢٥

◇ **هوداپار و ئایندەی پرسی كورد لە توركیا**.........................ئەحمەد قادر سیروانی - شەیما سەعید حەمەلاو | ٤٣

◇ **دیدگای توركیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبردنی جەنگ**..........................................هاوبیر هیوا كریم | ٥٣

◇ **ڕەهەندەكانی سەردانەكەی سەرۆككۆماری توركیا بۆ كەنداو**..................................بەختیار ئەحمەد ساڵح | ٦٧


## وەرگێڕان


◇ **مەیلی دەنگدەرانی كورد لە نێوان دوو هەڵبژاردندا**..........................................و: سەركۆ علی عەبدولقادر | ٨٥

◇ **ئایا پەیماننامەی لۆزان پیرۆزیی ماوە؟**.................................................................و: حەمزە محەمەد ساڵح | ١٠٥

◇ **هەدەپ؛ یەكیەتیی بوون**.........................................................................................و: ئەیاد كەمال | ١٢١

◇ **١٠٠ ساڵ لە پەیوەندییەكانی نێوان توركیا و ئەمریكا**...............................................................و: لاڤە ڕەسوڵ | ١٢٩


## خوێندنەوەی كتێب


◇ **شەوەزەنگی ئایدیۆلۆژیا و تروسكەی بەرخۆدان؛ خوێندنەوەی ڕۆمانی "پێشبڕكێی چیرۆكە تەواونەبووەكان"** | ١٣٩
مەزهەر ئیبراهیمی


## چەمكناسی


◇ **دادگای دەستووریی كۆماری توركیا (دەستەی ناوبژیوانی كۆتایی لە بڕیارە یاساییەكاندا)**...........ئا: توركیاناسی | ١٥٧

# تورکیا لە خۆرهەڵات دەمێنێتەوە؟



د. فاروق عەبدول

ستراتیژی گەڕانەوە بۆ خۆرهەڵات لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا کە بە وردی نەخشەڕێژکراوە و پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار نمایندە و جێبەجێیدەکات، پێناچێت بە لای کەمەوە و لە مەودای نزیکدا، ئەم وڵاتە لە خۆرهەڵات دووربکەوێتەوە. ئەم پێدراوەش بەرمەبنای ئەو ڕۆڵە هەرێمایەتییەیە کە ئەمڕۆ تورکیا لە سەر ئاستی جیهانی نمایشی دەکات و توانیویەتی لەم ڕێگەیەوە پێگە و هەژموونی خۆی بەرەو ئاستێك ببات، کە نەك توانای پەراوێزخستنی نییە، بەڵکو کەم ڕووداو و کێشەی ناوچەیی هەیە کە بە فلتەری تورکیادا نەڕوات؛ هەر لە باکووری ئەفریقاوە تا قەوقاز و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی. دەسەڵاتدارانی تورکیا و چاودێرانیش دڵنیایی تەواویان هەیە کە ڕۆڵی هەرێمایەتی و جیهانیی تورکیا کە ئەمڕۆ بە سانایی دەبینرێت، لە گرنگیی پێگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوە دەگرێت؛ نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ٦٦٪ی یەدەگی نەوتی جیهان پێکدەهێنێت. ئەم ناوچەیە لانکەی سێ ئایینە یەکتاپەرستەکەیە، ئەمە جگە لەوەی بەستەری نێوان کیشوەرەکانی جیهانە و کاریگەریی بەهێزی لە سەر ڕووداو و پێشهاتەکان هەیە، بەردەوام ناوچەکە بەشێك بووە لەو هەڕەشە و مەترسییانەی کە لە سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دروستبووە.

داود ئۆغلۆ لە کتێبی قوڵایی ستراتیژدا، سێ هۆکار دەستنیشاندەکات کە وای کردبوو تورکیا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا نەبێتە هێزێکی کاریگەر، ئەوانیش پرسی ئاسایش و تیرۆر، ناسەقامگیریی سیاسی و قەیرانە ئابوورییە بەردەوامەکانن. هەموو ئەوانە بوونە بەشێك لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیای داد و گەشەپێدان، کە پێی وا بوو کلیلی گۆڕانکارییەکان و تاودانی تورکیا لە خۆرهەڵاتەوەیە، بە گرتنەبەری دیبلۆماسی نەرم و

کراوە و سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکان.

هەڵبەتە ستراتیژی تورکیا بۆ خۆرهەڵات پشتبەستووە بە دیدێکی واقیعیی گرێدراو بە بەرژەوەندییە باڵاکانی تورکیاوە، ئەم ستراتیژە لە سەر بنەمای سوودی هاوبەش دارێژراوە، کە بناغەکەی بە دەستکەوتی ئابووری دەستپێدەکات و هەندێك جاریش لە هاوپەیمانیی سیاسی و ستراتیژدا سەریدەردەهێنت، بە پێچەوانەی ستراتیژی ئێرانەوە، کە زیاتر فۆرمێکی ئایدیۆلۆژییانەی لەخۆگرتووە. لەم ڕووەوە تورکیا هەموو توانا و کەرەستە بەردەستەکانی خۆی خستووەتەکار بۆ مانەوەی زیاتری لە خۆرهەڵات؛ مانەوە بە مانا فراوانەکەی، هەر لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیەوە تا هەژموون و باڵادەستی.

ئەوەی زیاتر کارئاسانیی بۆ جێکردنەوەی ئەم دیدە واقیعییەی تورکیای لە خۆرهەڵاتدا کردووە، ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییە خێرایەیە کە لەم ناوچەیەدا ڕوودەدات. نەوەی نوێی ئەم ناوچەیە بە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەوە، تا ڕادەیەك ئەو تێڕوانینە دوژمنکارییانەی بەرانبەر بە تورکیا نەماوە کە نەوەی پێشتووتر لە سەر ڕوئیای سیاسەتی عوسمانی هەڵیچنیبوو. ئێستا "مۆدێلی تورکی"، چ لە سیاسەت و چ ئابووری، لە سەر ئاستی ناوچەیی ئەگەر پەسەندکراویش نەبێت، ئەوا ڕەتکراوە نییە. ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێك هۆکاری دیکەی وەکو ئایینی و کولتووری و جوگرافی، هێشتا هێزی پشتیوانی تەوژمی تورکیان بەرەو خۆرهەڵات، کە لە ئاڕاستە خۆرئاواییەکەیدا ئەم دەرفەتانە کەمتر بەردەستن.

تورکیا لە "سیاسەتی گەڕانەوە بۆ خۆرهەڵات"دا قازانجی زۆری کردووە، ئەم دیدەشی کردووەتە بنەمایەکی جێگیر لە سیاسەتی دەرەوەیدا. ئەوەی دەمێنێتەوە، مامەڵە و خۆگونجاندنی دەوڵەتان و هێز و گرووپەکانی ئەم ناوچەیەیە لەگەڵ ئەم سیاسەتە جێگیرەی تورکیادا. مامەڵەیەک کە بتوانێت بە لایەنی کەمەوە بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بێت و لە بەرامبەر هێڵە گشتییەکانی ئەو ستراتیژەدا بەردەوام هەڵسەنگاندن و دید و بڕیاری تایبەت و سەربەخۆی خۆیان هەبێت.

توێژینەوەکان

تورکیاناسی

# ئابووریی تورکیا؛ ئاڵنگارییە گەورەکەی بەردەم ئەردۆغان

ئامادەکردنی: م. ی. ڕابەر سیوەیلی

**پوختە**

سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری لە هەر وڵاتێکدا، کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە سەر گشت کەرتەکانی دیکە دروستدەکات و بێگومان هاوڵاتییەکانی دووچاری چەندین ئاریشە و تەنگژەی جۆربەجۆر دەکاتەوە. نادیدەگرتن و هەوڵنەدان بۆ چارەسەرکردنیشی، هێندەی دیکە بارگرانی و کەشێکی ناسەقامگیری بەردەوام بۆ وڵاتەکە دەخوڵقێنیت. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە بە شێوەیەکی ورد و زانستییانە تیشکبخەینەسەر گرنگترین کێشە سەردەمییەکانی "ئابووریی تورکیا" و لە هۆکاری سەرهەڵدان و درێژەکێشانیان بکۆڵینەوە. هاوکات لە تەوەرەی دووەمی توێژینەوەکەشدا، گرنگترین ڕێگەچارەکانی بەردەم حکومەتی تورکیامان خستووەتەڕوو لە پێناو چارەسەرکردنی سەرجەمی ئەو ئاریشانە و لە چۆنیەتیی ڕزگاربوونی ئەو وڵاتەمان لە "دابەزینی نرخی دراوەکەی و کەمکردنەوەی هەڵئاوسان و بەرزیی ڕێژەی بێکاری و ...هتد" کۆڵیوەتەوە.

## ئابووریی تورکیا لە چەند ساڵی دوا ییدا (گرنگترین ئاریشەکان)

هەروەکو ئاشکرایە، لەم چەند ساڵەی دواییدا وڵاتانی جیهان بە گشتی و تورکیا بە تایبەتی، گیرۆدەی چەندین قەیرانی وەک ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەڵئاوسانی جیهانی و بوومەلەرزە بوووەتەوە. هەریەک لەم ئاریشانەش ئابووریی وڵاتەکەیانی بەرەو قەیرانێکی مەترسیدار کەمەندکێشکرد و زیانی گەورەیان بە کەرتەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانی پێداویستی و تەندروستیی گشتی گەیاند، بۆ نموونە: ڤایرۆسی کۆرۆنا کە وەکو قەیرانێکی جیهانی لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە مرۆڤایەتیی گیرۆدەی خۆی کرد، هێشتا کاریگەرییەکانی بەردەوامە و تاوەکو ئێستا بە هۆی ئەم ڤایرۆسەوە زیاتر لە ١٢٠ ملیۆن کەس کەوتوونەژێر هێڵی هەژارییەوە و ٢٠٠ ملیۆن کەسیش لە کار دەرکراون. لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕێوشوێنە جیهانییانەی کە بۆ پاراستنی هەلیکار و ڕێگریکردن لە مایەپوچبوونی بەکۆمەڵ گیراونەتەبەر، نەیانتوانیوە ئەو مەترسییە بنەبڕبکەن و بە پێچەوانەوە، بەرزبوونەوەی هەڵئاوسانی جیهانیی بە دوای خۆیدا هێناوە. یاخود شەڕی ئۆکرانیا کە لەساڵی ٢٠٢٢ دەستیپێکرد، هێندەی دیکە بارگرانیی بۆ سەر ئابووریی وڵاتان دروستکرد.[1]

لەم مەیدانە ئابوورییە ئاڵۆز و پڕ ئاریشەیەدا، تورکیایش یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی کە بە هۆی ئەم قەیرانە جیهانییانەوە زیانێکی زۆری بەرکەوت. دەکرێت لە ژێر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئابووریناسەکاندا، گرنگترین قەیران و ئاریشەکانی تورکیا بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

### یەکەم: هەڵئاوسانی بەردەوام و بەرزیی سوو

تورکیا ماوەیەکی زۆرە کێشەی هەڵئاوسانی ئابووریی هەیە و ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی سوو. هۆکاری سەرەکیی ئەم هەڵئاوسانەش لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە پلەی یەکەم پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دابەزینی بەهای لیرەوە هەیە بەرانبەر بە دۆلاری ئەمریکی، چونکە بەشێکی بەرچاو لە پێداویستییەکانی وەکو کەرەستەی خاو و ئامێر کە تورکیا لە بەرهەمهێناندا بەکاریدەهێنێت، لە دەرەوە هاوردەدەکرێت، هەر بۆیە دابەزینی بەهای لیرە لە بەرانبەر دراوە بیانییەکاندا بووەتە هۆی گرانبوونی ئەم پێداویستییانە و بەم هۆیەشەوە تێچووی بەرهەمهێنان زیادیکردووە. کاتێکیش تێچووی بەرهەمهێنان زیاددەکات، بە ناچاری ئەم زیادبوونە لە نرخەکاندا ڕەنگدەداتەوە و دەبێتە هۆی هەڵئاوسان، کەواتە لەگەڵ بەردەوامبوونی دابەزینی بەهای لیرەدا، هەڵئاوسانیش زیاددەکات و زیادبوونی هەڵئاوسانیش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی

بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی سوو.[٢]

**دووەم: بێکاری**

یەکێکی دیکە لە کێشە گرنگەکانی ئابووریی تورکیا بەرزیی ڕێژەی بێکارییە. بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکانی حکومەتی ئەو وڵاتە، ڕێژەی بێکاری ٩.٢٪ی تێپەڕاندووە، هەرچەندە ئەم ئامارە ڕێژەی بێکاری فەرمییە. بە واتایەکی دیکە ڕێژەی ئەو کەسانەیە کە لە چوار هەفتەی ڕابردوودا داواکارییان بۆ پەیداکردنی کار پێشکەشکردووە، بەڵام جگە لەمانە، کەسانێکی دیکەش هەن کە بێکارن و ناخرێنەناو پۆلی بێکارەکانەوە، چونکە لە چوار هەفتەی ڕابردوودا داواکارییان بۆ پەیداکردنی کار پێشکەشنەکردووە، هەر بۆیە ئەگەر ئەوانیش هەژماربکرێن، ئەوا ڕێژەیەک دەبینین کە پێی دەوترێت ڕێژەی بێکاریی بەربڵاو، کە دەکرێت بە ٢٧٪ مەزەندەبکرێت، کەواتە ڕێژەی بێکاریی ڕاستەقینە لە تورکیا (٢٧٪)ە، کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.[٣]

**سێیەم: کورتهێنانی بودجە**

کورتهێنانی بودجە یەکێکی دیکەیە لەو قەیرانە گەورانەی تورکیا کە بەرۆکی سیاسەت و ئابووریی ئەو وڵاتەی گرتووە، هەرچەندە هاوسەنگیی بودجە بە گشتی تاوەکو سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا جێگیر بوو، بەڵام لە دوای پەتاکەوە زۆر بە خراپی دەستی بە شڵەژاوی کرد. حکومەتی تورکیاش لە پێناو زیادکردنی داهاتی بودجە و هێشتنەوەی ڕێژەی کورتهێنانی تێیدا بەرانبەر بە بەرهەمی ناوخۆیی، لە ساڵی ٢٠٢٢دا زیادکردنی داهاتەکانی باج و خزمەتی سەربازیی جێبەجێکرد و تا ڕادەیەك لەمپەری لە بەردەم کورتهێنانی بودجەکەیدا دروستکردبوو، بەڵام لەگەڵ کارەساتی بومەلەرزەکەی ٦ی شوباتی ٢٠٢٣دا، کورتهێنانی بودجە زیاتر لە جاران خێراتربوو.

بە پێی ئامارەکانی بودجەی مانگی نیسانی ٢٠٢٣ کە دوایین جار لەلایەن وەزارەتی گەنجینە و داراییەوە ڕاگەیەنرا، بودجەی حکومەت لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢دا کورتهێنانی ٥٠ ملیار و ١٦٧ ملیۆن لیرەی هەبووە، لە مانگی نیسانی (٢٠٢٣)شدا بۆ ١٣٢ ملیار و ٤٧١ ملیۆن لیرە زیادیکردووە و لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵیشدا گەیشتووەتە ٢٥٠ ملیار لیرە.[٤]

**چوارەم: ناهاوسەنگیی دابەشکردنی داهات و ڕێژەی هەژاری**

ناهاوسەنگیی داهاتەکان و دیاردەی هەژاری یەکێکی دیکە لەو ئاریشانەیە کە ئابووریی تورکیا بە دەستیەوە دەناڵێنێت و بە پێی داتاکانی دەستەی ئاماری تورکیا، ڕێژەی هەژاری بەردەوام لە هەڵکشاندایە. جێگەی باسە دیاردەی هەژاری لە تورکیا بە پلەی یەکەم لە ئەنجامی کۆچی دانیشتوان لە ناوچە گوندنشینەکانەوە

بۆ شارەکان سەریهەڵداوە. ئەو کۆچکردنەش لە ئەنجامی گرانبوونی بەرهەمهێنانەوە بووە لە کەرتی کشتوکاڵدا کە بە هۆی سیاسەتە ئابوورییە هەڵەکانی حکومەتەوە دروستبووە. یەکێکی دیکە لە هۆکارە گرنگەکانی هەژاری نایەکسانیی دابەشکردنی داهاتە. ئەو نیشاندەرەی کە ناهاوسەنگی لە دابەشکردنی داهاتدا دەپێوێت، پێی دەوترێت "ڕێژەی جینی". ڕێژەی جینی لە نێوان ٠ و ١دا دەگۆڕێت، لەگەڵ نزیکبوونەوەی لە ٠، ناهاوسەنگی کەمدەبێتەوە و لەگەڵ نزیکبوونەوەی لە ١، ناهاوسەنگی زیاددەکات. لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە خوار ٠.٣ بووە، بەڵام لە تورکیا تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ نزیکبووەتەوە لە ٠.٤١، بە پێی خەمڵاندنەکانیش لە ساڵی ٢٠٢٠دا دووبارە زیادیکردووەتەوە.[٥]

**پێنجەم: بەرزیی ڕیسک**

تورکیا وڵاتێکی پڕ لە ڕیسکە، ئەوەش نەک تەنها لە ڕووی ئابوورییەوە، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە. لە زانستی ئابووریدا دوو پێوەر هەیە کە بۆ پێوانەکردنی بەرزیی ڕیسک بەکاردەهێنرێت؛ یەکەمیان هەڵسەنگاندنی قەرزی وڵاتێکە کە لەلایەن دامەزراوەکانی پێوانەکردنی قەرزەوە دەکرێت و لە پلەی "باشترین"ەوە دەستپێدەکات بۆ پلەی "خراپترین". بە پێی ئەم ڕیزبەندییە کە لەلایەن سێ دەزگای سەرەکیی هەڵسەنگاندنی قەرزەوە بۆ تورکیا کراوە، تورکیا لە ڕووی ڕیزبەندیی قەرزەوە بە وڵاتێکی خاوەنڕیسك دادەنرێت! ڕێوشوێنی دووەم بریتییە لە بەهای سی_دی_ئێس (CDS).[٦] بەهای سی_دی_ئێسی تورکیا ماوەیەکی زۆرە لە سەرووی (٣٠٠)ەوەیە. ئەو وڵاتانەی کە نرخی سی_دی_ئێسیان لە خوار (١٠٠)ەوە بووە، بە مەترسییەکی ئەوتۆ هەژمارناکرێت لە سەریان. ئەو وڵاتانەشی بەهای سی_دی_ئێسیان لە نێوان ١٠٠ بۆ (٢٠٠)دایە، بە مەترسیی مامناوەند دادەنرێت و ئەو وڵاتانەش کە لە نێوان ٢٠٠ بۆ (٣٠٠)دایە بە وڵاتی خاوەنڕیسکی زۆر هەژماردەکرێن و هەر وڵاتێکیش بەهای سی_دی_ئێسی لە سەرووی (٣٠٠)ەوە بێت، ئەوا بە وڵاتی خاوەنڕیسکی باڵا لەقەڵەمدەدرێن، چونکە نرخی سی_دی_ئێس تێچووی زەمانەتەکانی قەرزی وڵاتێك دیاریدەکات و تا ڕیسکەکە زیاتر بێت، سووەکەی زیاتردەبێت.[٧]

**بەشێکی بەرچاو لە پێداویستییەکانی وەکو کەرەستەی خاو و ئامێرکە تورکیا لە بەرهەمهێناندا بەکاریدەهێنێت، لە دەرەوە هاوردەیدەکات، هەربۆیە دابەزینی بەهای لیرە لە بەرانبەر دراوە بیانییەکان، بووەتە هۆی گرانبوونی ئەم پێداویستییانە و بەم هۆیەشەوە تێچووی بەرهەمهێنان زیادیکردووە.**

**چارەسەر و بوژانەوە**

هەر لە سەرەتای چەکەرەکردنی ئەم ئاریشانەوە، تورکیا بەردەوام لە هەوڵی چارەسەرکردنیاندا بووە و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگە و پلان و شێوازی جۆراوجۆری گرتووەبەر، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینی ئەو هەوڵانە بدەین:

**یەکەم: چارەسەرە هەنووکەییەکان**

یەکەم ڕێگە کە تورکیا لە پێناو چارەسەرکردنی ئەم ئاریشانەدا پەنای بۆ برد، بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە دابەزینی بەهای لیرە. هەرچەندە ئەم هەوڵەی تورکیا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٠ تا ئاستێکی باش سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لە چوارچێوەی چاکسازی بانکیدا مەترسییەکانی کەمکردەوە و دیسپلینی دارایی گشتیی مسۆگەرکرد، بەڵام لە ستراتیژدا نەیتوانی بنەبڕی یەکجاریی ئەم قەیرانە بکات و بە پێچەوانەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا قەیرانەکە بە چەند هێندە قووڵتر و کاریگەرتر لە ساڵانی پێشوو سەریهەڵدایەوە و تاوەکو ئێستا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، هەوڵەکانی حکومەت بۆ ڕزگاربوون لە "کێشەی بێکاری" بەردەوامە و تەنانەت گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە هۆکاری سەرەکیی بێکاری لە تورکیا کێشەی زیادنەکردنی بەرهەمهێنانە لە سەر بنەمای سەرچاوە ناوخۆییەکان. ئابووریناسەکانیش لەو بڕوایەدان کە هەر حکومەتێک بیەوێت بێکاری کەمبکاتەوە، سەرەتا دەبێت پشتگیری و هاندانی بەرهەمهێنان بکات لە سەر بنەمای سەرچاوە ناوخۆییەکان. لەم پێناوەشدا یەکەم هەنگاو کە دەینات، دەستبەجێ کۆتایی بە سیاسەتی "ئاڵوگۆڕی سووی بەرز" بهێنرێت، کە ڕێگری لە بەرهەمهێنان دەکات. لە ڕێگەی پیادەکردنی ئەم سیاسەتەوە بەهای لیرەی تورکی بە شێوەیەکی دەستکرد زیاددەکرێت، سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی دەرەوە هەرزانتردەبن لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمی ناوخۆیی لە سەر بنەمای شتومەکی بەرهەمهێنانی بیانی "هاوردەکردن" بێت. جگە لەوەش پێویستە شیکارییەکی ورد دەربارەی بەرهەمهێنان و هێزی کاری تورکیا بکرێت و بە خێرایی توێژینەوەی گرنگ بکرێت بۆ دابینکردنی پێویستیی هێزی کار. سیستەمی هاندان کە لە تورکیا جێبەجێکراوە، پێویستە نوێبکرێتەوە و بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەڕێوەبچێت.[٨]

سەبارەت بە هۆکاری سەرەکیی کورتهێنانی بودجە لە تورکیا، شارەزایانی ئابووری پێیان وایە ئەم کێشەیە بە هۆی زیادەڕۆییەوە لە وەرگرتنی قەرزدا ڕوویداوە، کە ئەنجامەکەشی زۆریی ڕێژەی سووی لێ دەکەوێتەوە. لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکانی تورکیا، بە تێپەڕبوونی کات کاریگەریی ئەم بارگرانییە

لە سەر کورتهێنانی بودجە کەمدەبێتەوە و کەمبوونەوەی خەرجییەکانی سووش، ڕێگە بە بودجە دەدات سەرچاوەی زیاتر بۆ وەبەرهێنانی کۆمەڵایەتی تەرخانبکات. هەروەها هۆکارێکی دیکەی کورتهێنانی بودجە، بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و ئەو دەستکەوتە نادادپەروەرانەیە کە دەوڵەت لە ڕێگەی پڕۆژەکانی "هاوکاریی کەرتی تایبەت و گشتی"یەوە[٩] بە وەرگرتنی دراوی بیانی بۆ هەندێک کەس دابینیدەکات، کەواتە بە دانانی هەموو ئەم پڕۆژانە لە سەر مێز و کۆتاییهێنان بە گواستنەوەی نادادپەروەرانەی سامانی گشتی بۆ ئەم کۆمپانیایانە، یەکێک لە گەورەترین بارگرانییەکانی سەر بودجە لادەبرێت.[١٠]

لە قۆناغێکی دیکەدا پلان و بەرنامەکانی تورکیا بە ئاراستەی هەوڵدان بوو بۆ کەمکردنەوەی هەڵئاوسان و ڕێژەی سوو. بەشێک لە شارەزایانی ئابووری لەو بڕوایەدا بوون کە ئەم دەستپێشخەرییانە لە ماوەی کورتخایەندا وەڵامی باشیان دەبێت و تەنانەت بەرپرسانیش پێیان وا بوو کێشەکان لەم ڕێگەیەوە چارەسەردەبن. لە ڕاستیدا ئەمە هەڵەیەکە و ساڵانێکی زۆرە دووبارەدەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەم هەڵەیە لە شکستی ئەدا و بڕیاری ناواقیعیی بەرێوەبەرانەوە سەرچاوەدەگرێت.

گرفتی سەرەکیی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان لە تورکیا، تیشکخستنەسەر "ئەنجام"ی کارەکەیە نەك "هۆکارەکانی سەرنەکەوتن"! هەر بۆیە دەبینین تورکیا ناتوانێت ژینگەی لەباری گۆڕانکارییەکان بپارێزێت، چونکە تاوەکو ئێستا هۆکاری گرفتەکانی چارەسەرنەکردووە و بەو هۆیەشەوە مەترسییەکان زیاتربوونە. بە واتایەکی دیکە، لە ژینگەیەکدا کە ناتوانیت مەترسییەکان لەناوببەیت، یان بە لایەنی کەمەوە کەمبکەیتەوە، بە دڵنیاییەوە چارەسەرەکان کاتی دەبن، کەواتە تورکیا بۆئەوەی چارەسەرێکی یەکلاییکەرەوە بەدەستبهێنێت، دەبێت لە پێناو نەهێشتن و کەمکردنەوەی مەترسییەکاندا هەنگاوبنێت و لە "هۆکار"ەوە دەستپێبکات نەک لە "ئەنجام"ەوە! ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی هەنگاوەکانی وەک هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانەوە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا، پەرەپێدانی دیموکراسی و جێبەجێکردنی سەروەریی یاسا بەدەستبهێنرێت. ئەگەر ئەم هەنگاوانەش پیادەبکرێن، ئەوا بەهای سی_دی_ئێسی تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت و ئەمەش هەنگاوێکی بنەڕەتی دەبێت بۆ ڕێگریکردن لە دابەزینی خێرای بەهای لیرە بەرانبەر بە دراوە بیانییەکان و بەم هۆیەشەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵی هەڵئاوسان بکرێت و ڕێژەی سووش کەمبکرێتەوە.[١١]

**دووەم: مۆدێلی ئابووریی تورکیا (٢٠٢١-٢٠٢٣)**

مۆدێلی ئابووریی تورکیا لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢١ ڕاگەیەنرا و لەساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣دا بە چڕی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. ناوەڕۆکی مۆدێلەکە بە پلەی یەکەم بریتییە لە ڕاگرتنی سەقامگیریی نرخەکان کە بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٢، بە هۆی فشاری هەڵئاوسانەوە بە ناجێگیری مابوونەوە، دوای ئەوەش گرنگیدان بە بەرهەمهێنان و دامەزراندن ئامانجی سەرەکییەتی. ئەم مۆدێلە نوێیە لە سەرەتای جێبەجێکردنیەوە توانیویەتی ٢ ملیۆن و ٧٨ هەزار هەلیکار دەستەبەربکات. هەروەها پێشبینیی ئەوە دەکرا لە نێوان ساڵانی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٣دا ئاستی هەناردەکردن بگاتە ٢٧٠ ملیار دۆلار، بەڵام زیادبوونی هەڵئاوسان لە لایەك و دابەزینی بەهای لیرەی تورکی لە لایەکی دیکەوە، دوو بەربەستی گەورەی بەردەم وەڕاستگەڕانی ئەم پێشبینییە بوون. ئەگەرچی تەقەڵیەکی زۆر هەیە تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣، ڕێژەی هەڵئاوسان بۆ ٢٠-٢٥٪ دابەزێت، بەڵام پێدەچێت لە ساڵی ٢٠٢٤دا ئەم دابەزینە بەرچاوە بەدیبێت و پێشکەوتنی نوێ لە چوارچێوەی مۆدێلی ئابووریی تورکیادا بەئەنجامبگات.[١٢]

یەکێکی دیکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم مۆدێلە نوێیە، بریتی بووە لە هەوڵدان بۆ زیادکردنی داهاتی نیشتیمانیی تورکیا و لەم پێناوەشدا تا ئاستێکی باڵا سەرکەوتوو بووە، بۆ نموونە: داهاتی نیشتمانی لە ساڵی ٢٠٢٠دا ٧٢٠ ملیار دۆلار بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢دا بۆ ٩٠٥ ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە. هەروەها پشکی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن لە داهاتی نیشتمانیدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. تەنانەت پشکی پیشەسازیی بەرهەمهێنانیش لە ڕێژەی ٢٢٪ نزیکبووەوە، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ زیادکردنی توانای کێبڕکێ. هەروەها هەناردەی پیشەسازی گەیشتە بەرزترین ئاست لە مێژووی خۆیدا و لە ١٢٧ ملیار دۆلارەوە گەیشتە ١٩٠ ملیار دۆلار. تەنانەت هەناردەی کشتوکاڵیش لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٢ لە ٣٥ ملیار دۆلار نزیکبووەتەوە. هەموو ئەم گەشەسەندنانەش گەواهیی ئەوە دەدەن کە ئابووریی تورکیا لە چەند ساڵی داهاتوودا ژمارەی پێوانەیی نوێ لە ناو وڵاتانی پێشکەوتوودا تۆماردەکات.[١٣]

**بە پێی ئامارەکانی بودجەی مانگی نیسانی ٢٠٢٣ کە دوایین جارلەلایەن وەزارەتی گەنجینە و دارایییەوە ڕاگەیەنرا، بودجەی حکومەت لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢دا کورتهێنانی ٥٠ ملیارو١٦٧ ملیۆن لیرەی هەبووە، لە مانگی نیسانی (٢٠٢٣)شدا بۆ١٣٢ ملیارو ٤٧١ ملیۆن لیرە زیادیکردووە و لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵیشدا گەیشتووەتە ٢٥٠ ملیارلیرە.**

**هەڵبژاردنی ئایاری ٢٠٢٣ی تورکیا؛ سیناریۆ و پێشهاتە ئابوورییەکان**

هەڵبژاردنەکان لە ئایاری ٢٠٢٣دا بەڕێوەچوون، ڕووداوگەلێکی گرنگیان لە یادی سەد ساڵەی کۆماری تورکیادا تۆمارکرد. داهاتی نیشتمانی کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا ٩٠٥ ملیار دۆلاری تێپەڕاند، لە ساڵی ٢٠٢٣دا نزیکبووەوە لە یەک تریلیۆن دۆلار و پێشبینیشدەکرێت لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٨دا ئاستی پێوانەیی تۆماربکات.

بە گوێرەی خەمڵاندنەکانی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٨دا بە داهاتی نیشتمانیی ١.٥ ترلیۆن دۆلار، توانای بەرهەمهێنان و گەشەسەندنی خۆی بەرەوپێشدەبات. تەنانەت لە ساڵی (٢٠٢٣)شدا و لەگەڵ کەمبوونەوەی قەیرانە جیهانییەکاندا، دەتوانێت پێشکەوتنی زیاتر بەدەستبهێنێت. هەروەها ئابووریناسانیش لەو بڕوایەدان کە بەهێزکردنی ئابووریی چاوەڕوانکراو لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٨دا، یارمەتیی کاراکردنی زیاتری مۆدێلی ئابووریی تورکیا دەدات، کە سەنتەری دامەزراندن و بەرهەمهێنان و هەناردەکردنە لەو وڵاتەدا. ئەگەرچی ئەو تێچوونە ئابوورییەی کە بە هۆی بومەلەرزەکەی ئەم دواییەی تورکیاوە دروستبووە، پێدەچێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ئابووریی وڵاتەکە هەبێت، بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و نوێکردنەوەی ناوچە زەرەرمەندبووەکان، ئەم تێچووە ئابوورییەش کەمدەکرێتەوە. بە تایبەت کە زۆرێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەو بڕوایەدان کارە نوێیەکانی بیناسازی کە لەلایەن خەڵکەوە دەستیپێکردووە، هەم بۆ بوژانەوەی خێرای ناوچەکە و هەم بۆ گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی یارمەتیدەر دەبێت.[١٤]

**گەورەترین ئاڵنگاریی بەردەم کابینەی داهاتووی ئەردۆغان، ئابووریی تورکیا دەبێت، چونکە سەرکەوتنەکەی هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەو نایەکسانی و تەنگژە ئابوورییانەی کە بەرۆکی وڵاتەکەی گرتووە.**

**دیدی ئابووریناسان بۆ دوای هەڵبژاردن**

دوای ئەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەک سەرۆککۆماری تورکیا هەڵبژێردرایەوە، شارەزایانی ئابووری سەرەڕای ئەوەی پێشبینیی جودایان هەیە سەبارەت بە داهاتووی ئابووری تورکیا، بەڵام بە تێکڕا کۆکن لە سەر ئەوەی ئەگەر هیچ گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی ئابووریدا ڕوونەدات، تورکیا ڕۆژگارێکی سەخت تێپەڕدەکات. ئێمە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین پێشبینیی شارەزایانی ئابووری

دەکەین، کە دوابەدوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ داهاتووی ئابووریی تورکیا خستیانەڕوو:

ڕوگەر مارک؛ شارەزا لە کۆمپانیایاکانی وەبەرهێنان، دەڵێت: "پێمان وایە گەورەترین تەحەدای بەردەم کابینەی داهاتووی ئەردۆغان، ئابووریی تورکیا دەبێت، چونکە سەرکەوتنەکەی هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەو نایەکسانی و تەنگەژە ئابوورییانەی کە بەرۆکی وڵاتەکەی گرتووە، هەر بۆیە ئەگەر ئاراستەی سیاسەتە ئابوورییەکەی نەگۆڕێت، تورکیا بەرەو قەیرانی بەردەوامی ناجێگیریی دراو و هەڵئاوسانی زیاتر دەڕوات."

**گرفتی سەرەکیی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیر انەکان لە تورکیا، تیشکخستنەسەر"ئەنجام"ی کارەکەیە نەك "هۆکارەکانی سەرنەکەوتن"! هەربۆیە دەبینین تورکیا ناتو انێت ژینگەی لەباری گۆڕانکارییەکان بپارێزێت، چونکە تاوەکو ئێستا هۆکاری گرفتەکانی چارەسەرنەکردووە و بەو هۆیەشەوە مەترسییەکان زیاتربوونە.**

حەسەنین مالیک؛ بەرپرسی یەکەی توێژینەوەی یەکسانی لە کۆمپانیای تێلیمەر، دەڵێت: "سەرکەوتنی ئەردۆغان بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی مایەی خۆشحاڵی نییە، بەڵکو قەیرانێک لە ڕێگەیە کە بە هەڵئاوسانێکی زۆر بەرز و ڕێژەی سووی زۆر کاریگەریی کەمی لە سەر هەموو سامان و داهاتەکان دەبێت."

سێردار پاز؛ بەڕێوەبەری گرووپی توێژینەوەی ئاسایشی جیهانی، دەڵێت: "دەتوانین بەرزبوونەوەی کورتخایەنی پشکەکان ببینین، بە تایبەتی کە ئەگەری هەیە نرخی ئاڵوگۆڕکردن لە سەرووی ٢٠ پشکەوە بمێنێتەوە. ئەم پرۆسەیە سوودێکی بەرچاو بۆ هەناردەکاران دەرەخسێنێت. ئەردۆغان هەم لە بانگەشەی هەڵبژاردن و هەم لە وتاری سەرکەوتندا، ستایشی کەمی ڕێژەی سووی کرد. پێناچێت ئەم سیاسەتە بگۆڕێت، بە لایەنی کەمەوە تا دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، کە بڕیارە لە بەهاری ساڵی ٢٠٢٤ بکرێن. لەم نێوەندەدا ڕەنگە دەسەڵاتداران بەردەوامبن لە پابەندبوون بە سنووردارکردن تاوەکو دابەزینی بەهای لیرە لە ژێر چاودێریدا بمێنێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی کورتهێنانی باڵانسی پارەدان و کەمیی یەدەگی دراوی بیانی."[١٥]

ئێرجان ئەرگوزەل؛ ئەندام لە بانکی بارکلیزی بەریتانیا، دەڵێت: "بانکی ناوەندی تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ ڕێژەی سوو بەرزدەکاتەوە بۆ ٣٦٪، بە تایبەت کە ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا." هەروەها دەڵێت: "تورکیا

پێویستی بە ڕێکخستن هەیە لە نێوان هەردوو ڕێژەی سوو و ئاڵوگۆڕی دراوی بیانیدا. بەو پێیەش کە فشارەکان لە سەر پێداویستییەکانی دارایی دەرەکی قورس نین، ئیدارەی ئابووری دەرفەتی ئەوەی هەیە کە وردە وردە ئەم ڕێسایە دەربکات."

**سێیەم: ڕاگەیاندنی پرۆگرامی مامناوەند**

دوابەدوای کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی حکومەتی نوێی تورکیا، نەخشەڕێگەیەکی سێ ساڵە بە ناوی "پرۆگرامی مامناوەند"ەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکانی وڵاتەکە لە ئەیلوولی ٢٠٢٣دا ڕاگەیەنرا، ئەمەش لە کاتێکدایە کە خراپی دۆخی ئابووریی هاوڵاتیان بە هۆی هەڵئاوسانی زۆرەوە بەردەوام ڕووی لە هەڵکشانە و هەموو چاوەکان لە سەر ئەم بەرنامە نوێیەن کە حکومەت ڕایگەیاندووە. جێگەی باسە کە "پرۆگرامی مامناوەند" هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنییەوە پێشوازییەکی بەرچاوی لێ کرا و بە پرۆگرامێکی سەرکەوتوو تەماشادەکرێت.

بەرپرسانی حکومەت جەخت لەوە دەکەنەوە کە جێبەجێکردنی ئەم نەخشەڕێگە سێ ساڵییە بە سەرۆکایەتیی مەهمەت شیمشەک؛ وەزیری دارایی، لە سەرجەم سێکتەرە ئابوورییەکانی تورکیادا، کاریگەریی بەرچاوی دەبێت لە سەقامگیرکردنی ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان و ئابووریی وڵاتەکەدا. لە لایەکی دیکەوە، ئابووریناسانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە دروستکردنی کەشێکی ئەرێنی لە ئابووریی تورکیادا بە گوێرەی ئەو پلانە نوێیەی لەلایەن شیمشەک و تیمەکەیەوە ئامادەکراوە، پێویستی بە نەخشەڕێگەیەکی یەکگرتوو هەیە سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڵئاوسانە نائاساییەی کە باڵیکێشاوە بە سەر ئابووریی وڵاتەکەدا.[١٦]

**بانکی ناوەندیی تورکیا تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ ڕێژەی سوود بەرزدەکاتەوە بۆ ٣٦٪.**

جەودەت یەڵماز؛ جێگری سەرۆککۆماری تورکیایش، لە ڕاگەیەنراوێکدا وتی: "لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامەوە ئابووریی وڵاتەکەمان دەگوازینەوە بۆ ئاستێك کە پێشبینیی زیاتر لەخۆبگرێت." هەروەها وەزیری داراییش ئاماژەی بەوە کردووە کە "ئەم بەرنامەیە وەک ڕێنمایی و نەخشەڕێگەیەکی گرنگ بۆ هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی دەبێت و لە سێ پێکهاتەی بنەڕەتی پێکدێت، کە بریتین لە دووبارە دامەزراندنەوەی دیسیپلینی دارایی، واتە کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە بۆ ئاستێک کە لەگەڵ پێوەرە ئابوورییەکاندا بگونجێت. وردە وردە توندکردنەوەی دراو و سیاسەتی داهات کە لەگەڵ ئامانجی

هەڵئاوساندا بگونجێت. چاکسازیی پێکهاتەیی کە سەقامگیریی دارایی و هەموو دەستکەوتەکانی دیکە دەکاتە هەمیشەیی." سەرەڕای لێدوانی بەرپرسانی حکومی دەربارەی ئەم پرۆگرامە، بەشێك لە ئابووریناسان و ئەکادیمییەکانیش پێیان وایە کە پسپۆڕانی چاودێری بازاڕ بە وردی لە ئاست یەکدەنگیی پێشبینییەکانی ئەم پرۆگرامە دەکۆڵنەوە، بە تایبەت لە بوارەکانی گەشەکردن و کورتهێنان و هەڵئاوساندا. هەروەها جەختیش لەوە دەکەنەوە کە ئەم پرۆگرامە گۆڕانکاریی ئەرێنی لە تێڕوانینی وەبەرهێنەران بۆ تورکیا و متمانە بە بازاڕەکانی تورکیا دروستدەکات.[١٧]

هەر لەم چوارچێوەیەدا، "یونس کایا"ی ڕاوێژکاری بازاڕەکانی سەرمایە دەڵێت: "لە دوای هەڵبژاردنەوە وەبەرهێنەران ڕێبازێکی ئەرێنیتریان هەیە بۆ داهاتووی ئابووریی تورکیا و بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە بەهێزترین هاتنی سەرمایەی بیانی دەکەین بۆ بازاڕی بۆرسە، کە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا بڕی ١٠ ملیار دۆلار هەناردەی هەبووە." لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا، کایا باس لە زیادبوونی بەردەوامی وەبەرهێنەران دەکات و دەڵێت: "ژمارەی ئەو وەبەرهێنەرانەی کە باڵانسی پشکیان هەیە، تاوەکو ١٥ی ئابی ٢٠٢٣ گەیشتە ٥ ملیۆن و ٦٣٦ هەزار و ١٦٠ کەس. لە کاتێکدا زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی وەبەرهێنەران ٣ ملیۆن و ٣ هەزار و ٢١٤ وەبەرهێنەر بووە، واتە زیادبوونەکە بە ڕێژەی ١١٤.٠٦٪ تۆمارکراوە."

**لەگەڵ ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و فەرمانڕەوایی تورکیای بۆ ٥ ساڵی دیکە گرتەئەستۆ، بەڵام جگە لە زیادکردنی باج، هێشتا بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە ئابوورییەکان نابینرێت.**

## بۆچوونە نەرێنییەکان دەربارەی پرۆگرامی مامناوەند

پێچەوانەوەی ئەو گەشبینییە بەرچاوەی سەبارەت بەم پرۆگرامە هەبوو، هەندێکیش پێیان وایە شکستیهێناوە و پرۆگرامێکی سەرکەوتوو نەبووە. بەڵگەشیان بۆ قسەکانیان ئەوەیە کە دەڵێن: ئەم پرۆگرامە مەزەندەیکردبوو کە داهاتی تاکەکەس تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ نزیکەی ١٠ هەزار دۆلار تێدەپەڕێنێت و هەڵئاوسانیش ٢٤.٩٪ دەبێت. هەروەها تێکڕای نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلار بە ٢١.٥ لیرە دیاریکرا، بەڵام ئێستا کە لە کۆتا مانگی (٢٠٢٣)داین، نرخی یەک دۆلار ٢٨ لیرەی تێپەڕاندووە و هەڵئاوسانیش تا مانگی

تەمموز ٤٨٪ بووە، پێشبینیدەکرێت تاوەکو کۆتایی ٢٠٢٣ لە ڕێژەی ٧٠٪ نزیکببێتەوە.

کەسایەتییەکی وەکو د. ئێڤرن بۆلگون؛ مامۆستا لە کۆلێژی زانستی بازرگانی و بەڕێوەبردنی زانکۆی بەیکوز، دەڵێت: "هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر هیوایەکی زۆر بە پرۆگرامی مامناوەندیی تازەڕاگەیەنراو ببەستین! ئەوەتا پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) سەرەڕای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و فەرمانڕەوایی تورکیای بۆ ٥ ساڵی دیکە گرتەئەستۆ، بەڵام جگە لە زیادکردنی باج، هێشتا ناتوانین بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە ئابوورییەکان ببینین. لەم قۆناغەدا تورکیا پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەکردن هەیە بە ڕێژەی ٥.٥٪. هەروەها دەبێت پیادەی بەرنامەیەکی هاوسەنگیی ئابووری بکرێت، تاوەکو هەم گەشەبکات و هەم هەڵئاوسان کەمبکاتەوە و نەبێتە هۆی تەقینەوەی بێکاری. ئێمە چاودێریی شیمشەک و تیمەکەی دەکەین کە تا چەند دەتوانن ئەم بنەمایانە جێبەجێبکەن و چ جۆرە ڕێوشوێنێکی پاشەکەوتکردن لە ناو خەڵکدا دەگرنەبەر."[١٨]

یەکێکی دیکە لە شارەزایانی باڵای ئابووریی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکان بە ناوی "لیام پیچ"ەوە بەر لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠٢٣، ڕایگەیاند: "زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین سەقامگیریی ئابووریی تورکیا بەندە بە هەڵبژاردنەکانەوە." هەروەها دەڵێت: "پێشبینیدەکەن ئەگەر حکومەت گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، داهاتەکانی حکومەت بە خێرایی بەرزبێتەوە. ڕەنگە ئەم دۆخەش باری دارایی توندتربکات، بەڵام یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی هەڵئاوسان بۆ ئاستێکی باش و گەشەسەندنی بەردەوامیش لە ستراتیژدا مسۆگەردەکات." "لیام پیچ" لەو بڕوایەدایە کە سەرەڕای هەبوونی "پرۆگرامی مامناوەند"، بەڵام هێشتا ناهاوسەنگییە ئابوورییە گەورەکانی تورکیا قووڵتردەبێتەوە و ساڵانێکی زۆری پێویستە بۆ کۆنترۆڵکردنی. جگە لەوەش، پێی وایە کە تورکیا بەبێ دابەزینی گەورەی بەهای لیرە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکاندا سەرکەوتوو نابێت و پێشبینیدەکات تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ نرخی یەك دۆلار بگاتە ٣٢ لیرە.[١٩]

## کۆتایی

ئابووریناسان لەو بڕوایەدان کە هۆکاری سەرەکیی درێژەکێشانی ئەم ئاریشانەی تورکیا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بانکی ناوەندیی تورکیا سەربەخۆ نییە لە حکومەت! ئەمەش وای کردووە خاوەن سیاسەتێکی جودا نەبێت و قورس بێت بۆیان کە چارەسەرێک بۆ کێشەکە بهێنن. هاوکات دوورخستنەوەی وەزیرەکانی پێشووی دارایی و پارێزگارەکانی بانکی

ناوەندی لەلایەن ئەردۆغانەوە لە سەر بنەمای دژایەتیکردنی سیاسەتە تەقلیدییەکانی ناوبراو، هۆکارێکی دیکەی بەردەوامبوونی قەیرانە ئابوورییەکانە و زۆر کەس پێیان وایە ئەردۆغان هەموو کەسێک تاوانباردەکات جگە لە خۆی! تیمێکی لە دەوروبەریدایە کە تەنها بەڵێی بۆ دەکەن و ناتوانن بە گوتنی ڕاستییەکان، بەشداربن لە چارەسەرکردنی قەیرانەکاندا. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دە ساڵەی یەکەمی حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان، دەبینین سیاسەتێکی زۆر ئاوەزمەندانەی هەبووە، حکومەتیش سەکۆیەک بوو کە تێڕوانینی جیاوازی تێدا بوو، بەڵام ئێستا تەنها ئەردۆغان هەیە و هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات لە ناو ئەو پارتەدا بەدەرکراون.[20]

**"پرۆگرامی مامناوەند" پێشبینیکردبوو داهاتی تاکەکەس لە تورکیا تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ نزیکەی ١٠ هەزاردۆلار تێدەپەڕێنێت و هەڵئاوسانیش ٢٤.٩٪ دەبێت. هەروەها تێکڕای نرخی یەک دۆلاربە ٢١.٥ لیرە دەبێت، بەڵام ئێستا کە لە کۆتا مانگی (٢٠٢٣)داین، نرخی یەک دۆلار٢٨ لیرەی تێپەڕاندووە و پێشبینیدەکرێت هەڵئاوسانیش تا کۆتایی ٢٠٢٣ لە ڕێژەی ٧٠٪ نزیکببێتەوە.**

هەرچەندە بەردەوامیدان بەم سیاستە، لەلایەن شەقامی تورکیاوە بێوەڵام نەبووە و ئەردۆغان و پارتەکەی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠١٩دا دوو گەورەترین شاری وڵاتەکە (ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە)یان دۆڕاند،[21] بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆریش لە چاودێران و شارەزایانی ئابووری، سەرجەمی ئەم تۆمەتانە ڕەتدەکەنەوە و جەختدەکەنەوە لە سەر ئەو خاڵەی کە قەیرانە داراییەکانی تورکیا بەشێکن لەو قەیرانە ئابوورییانەی ئێستا جیهان پێوەی دەناڵێنێت و هیچ پەیوەندییەکی بە پارتێك یان سەرکردەی پارتێکەوە نییە. بەڵگەشیان بۆ وتەکانیان سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان و ئەردۆغانە لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠٢٣دا.

## پەراوێزەکان

(١)https://www.setav.org/secim-sonrasi-٢٠٢٣-turkiye-ekonomisi-٢٠٢٨.

(٢) https://www.mahfiegilmez.com/٢٠٢١/٠١/turkiye-ekonomisinin-temel-sorunlar-ve.html.

(٣)https://www.sbb.gov.tr/istihdam/.

(٤)https://www.dw.com/tr/alt٪C٤٪B١-h٪C٣maddede-yeni-٪C٣٪BCk٪BCmeti-bekleyen-ekonomik-sorunlar/a-٦٥٦٠٦٨٣١.

(٥)https://www.temar.org/٢٠٢١/٠٣/٢٦/turkiye-ekonomisinin-sorunlari-ve-cozum-onerileri/.

(٦)(CDS) کورتکراوەی دەربڕینی ئینگلیزیی (Credit Default Swap)ە. ئامرازێکی داراییە، زۆر جار

بۆ بەڕێوەبردنی مەترسیی قەرزکردن بەکاردێت. بە واتایەکی دیکە، ئەو بەهایەیە کە مەترسیی نەدانەوەی قەرزێک دیاریدەکات و بیمەی دەکات. بۆ زانیاریی زیاتر؛ بڕوانە: (https://www.burgan.com.tr/sozluk/cds-nedir-risk-primi-nedir).

(٧) https://www.mahfiegilmez.com/٢٠٢١/٠١/turkiye-ekonomisinin-temel-sorunlar-ve.html.

(٨) https://www.temar.org/٢٠٢١/٠٣/٢٦/turkiye-ekonomisinin-sorunlari-ve-cozum-onerileri/.

(٩) (kamu özel işbirliği) ئاماژەیە بۆ "بەدیهێنانی وەبەرهێنان و خزمەتگوزارییەکان لە سەر بنەمای گرێبەستێک، بە هاوبەشکردنی تێچوون و مەترسی و گەڕانەوەی پرۆژەکە لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا".

(١٠) https://www.temar.org/٢٠٢١/٠٣/٢٦/turkiye-ekonomisinin-sorunlari-ve-cozum-onerileri/.

(١١) https://www.mahfiegilmez.com/٢٠٢١/٠١/turkiye-ekonomisinin-temel-sorunlar-ve.html.

(١٢) https://www.setav.org/secim-sonrasi-٢٠٢٣-٢٠٢٨-turkiye-ekonomisi.

(١٣) https://www.setav.org/secim-sonrasi-٢٠٢٣-٢٠٢٨-turkiye-ekonomisi.

(١٤) https://www.setav.org/secim-sonrasi-٢٠٢٣-٢٠٢٨-turkiye-ekonomisi.

(١٥) https://www.bbc.com/turkce/articles/cy٦v٨w١١٨g١o.

(١٦) https://www.dw.com/tr/orta-vadeli-program-ekonomik-krize-merhem-olur-mu/a-٦٦٥٦٠١٩٩.

(١٧) https://www.rudaw.net/turkish/business/٠٦٠٧٢٠٢٣١.

(١٨) https://www.dw.com/tr/orta-vadeli-program-ekonomik-krize-merhem-olur-mu/a-٦٦٥٦٠١٩٩.

(١٩) https://www.indyturk.com/node/٦٢٢٧٥٦/ekonomi%CC%٨٧/BCrk-%t%C٣-B١%A٧im-sonras%C٤%se%C٣A٧esi-mi-%BCl-bah%C٣%ekonomisi-g%C٣B١%filmin-tekrar-m%C٤-B١%ayn%C٤.

(٢٠) https://tr.euronews.com/٢٠٢٢/١٠/٠٥/turkiye-ekonomisini-uzmanlar-degerlendirdi-temel-sorun-her-alanda-asiri-isinma.

(٢١) https://tr.euronews.com/٢٠٢٢/١٠/٠٥/turkiye-ekonomisini-uzmanlar-degerlendirdi-temel-sorun-her-alanda-asiri-isinma.

# پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا دوای ساڵی ٢٠٠٣؛ بنەما و ئاڵنگارییەکان

د. فاروق عەبدول

## پێشەکی

بە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕابردوو، پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بە قۆناغی جیاجیادا گوزەریکردەوە، بەڵام بە گشتی پەیوەندییەکی ناجێگیر و ناسەقامگیر بووە، سەرەتای ئەم پەیوەندییانەش لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١) هوە دەرکەوتن، بە تایبەت کاتێك تورگوت ئۆزال؛ سەرۆککۆماری ئەوکاتی تورکیا، چاویکەوت بە ڕێبەرانی کوردی عێراق لە ئەنقەرە و هەروەها تورکیا ڕێگەیدا بە کردنەوەی نوسینگەی حیزبی یەکێتی و پارتی لە ئەنقەرە و پێشتریش تورکیا بەشداربوو لە دروستکرنی ناوچەی ئارام بۆ کوردەکانی عێراق و پاڵپشتیکردن لە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیسانی ١٩٩١، کە ئامانج لێی پاراستنی کورد بوو لە ڕژێمی بەعس. هەڵبەت بەبێ بەشداریکردن و هاوکاریکردنی تورکیا ئەستەم بوو ئەمریکا و هاوپەیمانان بتوانن بڕیارەکە جێبەجێبکەن.[١]

هەروەها لە سەرەتای جەنگی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا؛ هەریەک لەم دوو حزبە لە سەر داواکاریی ئەنقەرە لە ٣٠ی ئایاری ١٩٩٤ لە تورکیا کۆبوونەوە، تورکیا ترسی هەبوو ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی ببێتە هۆی دروستکردنی بوشایی ئەمنی و سیاسی لە باکووری عێراق، کە ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ئەوەی هێرشی زیاتر بکاتەسەر تورکیا و هەژموونی خۆی لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق–تورکیا بەهێزبکات. بە درێژایی شەڕی ناوخۆ، لەو ماوەیەدا تورکیا فشاری زۆری لە سەر هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوو کرد؛ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، کۆتایی بە پێکدادانەکان بهێنرێت، کە وەکو پێشتریش باسمانکرد، تورکیا مەترسیی گەورەی هەبوو لە دروستبوونی بۆشایی ئەمنی و کۆچی بەلێشاوی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان بەرەو تورکیا و لەوێشەوە پەڕینەوەیان بۆ وڵاتانی ئەورووپا.[٢]

بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی ئاڵنگاریی زۆر بووەوە، بە تایبەت لە دوای مردنی ئۆزال، پارتە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا بەردەوام ترسی گەورەیان هەبوو کە دۆخی کوردستانی عێراق و دروستبوونی قەوارەی کوردی و پەرەسەندنی؛ کاریگەریی لە سەر ڕەوشی سیاسیی کوردەکانی کوردستانی تورکیا دروستبکات و ئاستی داخوازییە نەتەوەییەکانیان بەرزبکاتەوە، پاشان ئەمە سەربکێشت بۆ گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیی ناوچەکە، بەو پاساوانەوە، تورکیا بەردەوام پێیەکی لە هەرێمی کوردستان بووە و لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٥، ١٩٩٦ و ١٩٩٧، چەندین کردەوە و دەستوەردانی سەربازی لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان کردووەو بە ئێستاشەوە ئەم پرۆسانە بەردەوامن و نەوەستاون.[٣]

**دوای کەوتنی بەعس...**

هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکان تا ساڵی ٢٠٠٣، بەردەوام ئاڵۆز و ناجێگیر بوو، بەڵام لەو ماوەیە بە دواوە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان گۆڕانی بە سەردا هات و هەوڵەکانی ئەمریکا و دروستبوونی چەندین گۆڕانکاری لە ناوخۆی عێراق، بە تایبەت ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە کەمبوونەوەی گرژی و ناکۆکییەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە دوای (٢٠٠٣)وە.

پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس بە ماوەیەکی کەم، تورکیا ڕایگەیاند کە ترسی گەورەی

هەیە لە هەنگاوەکانی پەرەسەندنی سیاسی و ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە کەوتنی بەعس، بە ئاشکرا ئەو مەترسییانەشی بەجەستەکردبوو لە ڕاگەیاندنی چەند هێڵێکی سووردا و ئەوەشی بە ڕوونی بە لایەنی ئەمریکی و کوردەکانی ڕاگەیاندبوو. تورکیا پێی وا بووە دانانی ئەو هێڵە سوورانە بۆ کوردەکانی عێراق گرنتیی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی دەکات و ڕێگریش دەبێت لە بەردەم هەنگاوەکانی دەوڵەتی کوردی لە حاڵەتی کەوتنی ڕژێمی سەدام، تەنانەت ئامادەشە دەستوەردانی سەربازی بکات، ئەگەر هات و پێشێلبکرێن یان ببەزێنرێن، لەوانەش[٤]:

١. ڕێگەنەدان بە هێزی "پێشمەرگە" بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکانی کەرکووك و موسڵ.

٢. ڕەتکردنەوەی لکاندنی کەرکووك بە هەرێمی کوردستانەوە بە پێی هەر برگەیەکی یاسایی. تورکیا پێی وا بوو ئەگەر ئەم جۆرە لکاندنە ڕووبدات، پرۆسەی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خێراتردەکات و دەبێتە هۆی تەمویلکردنی ئەو پرۆسەیە.

٣. تورکیا ترسی ئەوەی هەبوو کە کورد بتوانێت ڕوخانی ڕژێمی سەدام بکاتە دەرفەت بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، ئەمەش کاردانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر دۆخی کورد لە تورکیا، کە ژمارەیان چەندین جار لە کوردی عێراق زیاترە، بۆیە تورکیا هەموو گوشارێك دەکات بۆ ڕێگرتن لەو کارە، تەنانەت ئەگەر پێویستی بە دەستتێوەردانی سەربازییش هەبێت.

٤. داکۆکیکردن لە مافەکانی تورکمان ئەگەر پەراوێزبخرێن لەلایەن کوردەکانەوە.

لەگەڵ کەوتنی ڕژێمی بەعس، هەموو ئەو نیگەرانی و هێڵە سوورانەی کە تورکیا لە حساباتیدا شرۆڤە و لێکدانەوەی وردی بۆ کردبوو، تەنانەت بە نیازی هێرش و دەستوەردانی سەربازی بوو، ڕوویندا. هۆکاری ڕوونەدانیشی بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە، لەوانە:

یەکەم: سەرکردایەتیی سیاسیی کورد نەك بڕیاری ڕاگەیاندی دەوڵەتیان نەدا وەک ئەوەی تورکیا چاوەڕێیدەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەواوی قورسایی سیاسی خۆیان گواستەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە سیاسەتێکی کوردانەیان پراکتیزەکرد بۆ زامنکردنی مافەکانیان لە دەستووری نوێی عێراق. سەرکەوتوو بوون لە دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاشتیانە لە نێوان هەرێم و ناوەند و ئەو سیاسەتە هێمنانەی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان پەیڕەویکرد، بووە هۆی ڕەوینەوەی نیگەرانییەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق، بە تایبەت تورکیا، ئێران و سوریا، کە سەبارەت بە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ناوچەکەدا هەیانبوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کورد هەرگیز نکۆڵی لە خواستی خۆیان ناکات بۆ سەربەخۆیی،

ئەگەر هەلومەرجی گونجاو لە بەردەستدا بێت.
دووەم: ئیدارەی ئەوکاتی ئەمریکا کە ئەندازیاری پرۆسەی ڕوخانی ڕژێمی سەدام بوو، چەندین جار بە ئاشکرا ڕایگەیاندبوو کە ڕێگەنادات وڵاتانی دراوسێی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا بکەن، ئەمەش پشتڕاستکردنەوەیەکی یەکلاییکەرەوە بوو بۆ ئەنقەرە کە سیاسەتی دەستدرێژیی سەربازی بۆ ناو باکووری عێراق کۆتایی پێ هاتووە و بەردەوامبوون لە سەر شێوازی ڕابردوو دەبێتە هۆی بەریەککەوتن لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا، بۆیە پێدەچوو تورکیا ئەم فاکتەرەی لەبەرچاوگرتبێت و لە حیساباتەکانیدا جێیکردبێتەوە، بە تایبەت کە لەشکرکێشییەکەی بۆ سەر قوبرسی باکوور لە ساڵی ١٩٧٤دا چەندین سەختی و نائومێدیی بۆ هێنا و بوو بە یەکێك لە هۆکارەکانی گرژیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا و ڕەتکردنەوەی تورکیا بۆ ئەندامیەتیی لەو یەکێتییە.[٥]

### سەرەتای دیبلۆماسی

دوای ئەوەی تورکیا دڵنیا بووە کە هێڵە سوورەکانی پارێزراون و لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە مەترسییان لە سەر نییە، لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ موراد ئۆزجەلیك، کە ئەو کاتە نێردراوی تایبەتی تورکیا بوو لە عێراق و ئەحمەد داود ئۆغلۆ، کە ئەوکات گەورە ڕاوێژکاری ئەردۆگان بوو، لە بەغداد لەگەڵ بارزانیدا کۆبوونەوە و ئەم کۆبوونەوەیە بوو بە بەردی بناغە بۆ دەستپێکردنی پەیوەندی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، هەروەها دواتر تورکیا، بە هۆی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، چەند هەنگاوێکی گرنگی سیاسی و دیبلۆماسی و ئابووریی بە ئاڕاستەی کرانەوەی زیاتر بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا گرتەبەر، بە تایبەتی لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ ئەحمەد داود ئۆغلۆ؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، سەردانی هەولێری کرد و بووە یەکەمین سەردان کە لەلایەن وەزیرێکی دەرەوەی تورکیاوە بۆ هەرێمی کوردستان کرابێت. دواتر لە ساڵی ٢٠١٠ ئەنقەرە کونسوڵخانەی گشتیی لە هەولێر کردەوە و ئەیدین سیلسین بووە یەکەم کونسوڵی تورکیا لە هەولێر، کە زیاتر بۆ ئاسانکاریی فراوانخوازیی کەرتی تایبەتی تورکیا بوو لە هەرێمی کوردستان. لەساڵی ٢٠١١ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان؛ سەرۆکوەزیرانی تورکیا، بووە یەکەم سەرۆکوەزیرانی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و بەشداریکرد لە کردنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، کە لەلایەن دوو کۆمپانیای تورکیەوە بونیادنرابوو.[٦]
هەموو ئەوانە وای کرد بەرپرسانی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بن لە ئاسایکردنەوە

و باشکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەردۆگان لە ناوخۆی تورکیا ئامادەسازیی بۆ ئەو پرۆسەیە کردبوو، بە تایبەتی لاوازکردنی رۆڵی سوپا و گۆڕینی پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، لە لایەکی ترەوە تورکیا توانیبووی لە بەرژەوەندیی خۆی سوود لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا وەربگرێت. بە گشتی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی نابەرانبەر و فرەلایەن بووە، کە زیاتر بە قازانجی تورکیا شکاوەتەوە.[٧]

**لە ماوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی زۆر بووەوە، بە تایبەت لە دوای مردنی ئۆزال، پارتە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا بەردەوام ترسی گەورەیان هەبوو کە دۆخی کوردستانی عێراق و دروستبوونی قەوارەی کوردی کاریگەریی لە سەر ڕەوشی سیاسیی کوردەکانی کوردستانی تورکیا دروستبکات و ئاستی داخوازییە نەتەوەییەکانیان بەرزبکاتەوە**

جیا لەوانەش پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی بەغدا لە سەردەمی نووری مالیکی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراق لە دوای (٢٠١٠)وە ڕۆڵێکی ئەرێنیی هەبوو لە نزیکبوونەوەی تورکیا و هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیاندا. مالیکی لەو ماوەیەدا هەڵوێستێکی سیاسیی توندی بەرانبەر بە ئەنقەرە گرتەبەر و پێی وا بوو کە تورکیا لە ڕێگەی پەیوەندییە نزیکەکانیەوە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کورد و عەرەبی سوننە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا دەکات، ئەمە جگە لە مەترسیی تورکیا لە کۆنترۆڵکردنی لایەنە شیعییەکان بە سەر حکومەتی ناوەندیی بەغدا و زیادبوونی نفوزی ئێراندا، ئەمانە وای کرد لەو ماوەیەدا جەنگێکی ڕاگەیاندنی توند لە نێوان مالیکی و ئەردۆگاندا بەرپابێت، بە تایبەتی کە هەردوو لایەن یەکتریان بە دیکتاتۆر وەسفدەکرد، بۆیە هەر لاوازبوونێك لە پەیوەندیی ئەنقەرە و بەغدا، دەچووە خانەی بەرژەوەندیی پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیاوە، کە هەردوولا وەکو کارتی فشار لەو ناکۆکییانەدا سوودیان لێ وەردەگرت.[٨]

دەکرێت بگوترێت کە لە دوای قەیرانی ئابووریی ٢٠٠١ لە تورکیا و ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق لە ٢٠٠٣ و دانپێدانانی هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی دەستووری لە ساڵی ٢٠٠٥دا،

پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم قۆناغی زۆر چووەپێشەوە، کە سەرەتاکەی بە جموجۆڵ و فراوانخوازیی چالاکییەکانی کەرتی تایبەتی تورکیا دەستیپێکرد، جگە لەوەش سیستەمی ڤیزە بێبەرانبەر بۆ هاوڵاتیانی تورکیا بۆ چوونەناو هەرێمی کوردستان و نزیکیی تورکیا لە هەرێمی کوردستانەوە، تێکەڵیی کولتووری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ژینگەی ئارامی هەرێمی کوردستان بووە دەروازەیەك بۆ هاریکاریی گرنگی ئابووریی نێوان ئەنقەرە و هەولێر.

**بنەما سەرەکییەکان**

بێگومان کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی هەیە کە بەردەوام حوکمی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکات و ئەم بنەمایانە بە پێی هەلومەرجی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەندێك جار گۆڕانکاریان بەسەردادێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم بنەمایانە بەشداری سەرەکین لە ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولادا، بە تایبەتییش لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە، لەوانە:

١.ئاسایشی تورکیا و بوونی پەکەکە لە هەرێم: یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان کە ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی هەردوو لایەن، بە تێڕوانینی تورکەکان پەکەکە مەترسیی ئەمنی بۆ دروستدەکات و دەتوانێت هەرێمی کوردستان بۆ چالاکییەکانی لە دژی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا بەکاربهێنێت. تورکیا بۆئەوەی نەهێڵێت پەکەکە لە هەرێمی کوردستانەوە هێرشبکاتەسەری و ڕێگری لە پەکەکە بکات تا هەژموونی سیاسیی خۆی بە سەر هەرێمی کوردستاندا نەسەپێنێت، پردی پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دروستکرد و لە ڕێگەی بوونی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو لە کەمکردنەوەی چالاکییە ئەمنییەکانی پەکەکە و سنووردارکردنی چالاکییە سیاسییەکانی لە هەرێمی کوردستان. ئەمە جگە لەوەی کە تورکیا بەردەوام فشاری لە هەرێم کردووە کە هاوکاری بن لە دژی بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، ئەم فشارانەش بە کردەوە لە چەند ڕێوشوێنێکی کردارەکیدا بەرجەستەبووە، لەوانە: ڕێگەنەدان بە گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ تورکیا و بۆردومانکردنی بەردەوامی ناوچە جیا جیاکانی کوردستان لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و داواکاریی بەردەوام بۆ داخستنی بارەگاکانی نزیك لەو هێزانە.[٩]

٢.پەیوەندیی بازرگانی و ئابووری و وزە: خراپیی دۆخی ئابووریی تورکیا لە نەوەدەکان و قەرزە کەڵەکەبووەکانی کاریگەریی گەورەی هەبووە لە سەر گۆڕانکاریی سیاسی لە ناوخۆی تورکیا، هاتنی پارتی

داد و گەشەپێدان بە بەرنامەیەکی ئابوورییەوە بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی لە دەسەڵات وای کرد دەستی ئابووری و بازرگانی بۆ هەموو لایەك درێژبکات بۆ دەرچوون لە دۆخی دارماوی ئابووری، هەڵبەتە هەرێمی کوردستانیش لە قۆناغی دوای بەعس باشترین بازار بوو بۆ کۆمپانیا تورکییەکان کە بتوانین زۆرترین سەرمایە بەکاربخەن. لە رووی بازرگانییەوە کارگە و هەناردەکارانی تورکیا توانییان سوود لە سنووری هاوبەشی تورکیا و هەرێمی کوردستان ببینن بۆ بازرگانی، کە بە ئاسانی دەستیان پێ رادەگەیشت، ئەمەش بە هۆی نزیکیی هەرێمی کوردستانەوە لە تورکیا و کەمیی تێچووی گواستنەوە و بوونی سەقامگیری و گەشەکردنی ژێرخانی بازرگانی و نزیکیی کولتووری و داواکاری لە سەر نرخی گونجاو و زیادبوونی خواستی شتومەکی کوالێتیبەرز لە ناو چینی ناوەند لە کوردستان، پەرەسەندنی بازرگانی لە نێوان تورکیا و هەرێمدا بووە سیاسەتی کاربەدەستانی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ خزمەتکردنی ئاسایشی تورکیا،[10] بۆ نموونە: ئەحمەد داود ئۆغلۆ ئاماژەی بەوە کردبوو کە زیادکردنی ژمارەی سەربازەکان لە سەر سنوورەکان بە تەنها ناتوانن ئاسایشی سنوورەکان بپارێزن، بەڵکو بوونی پەیوەندییەکی بازرگانیی باش لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەشداریدەکات لە بەهێزبوونی ئاسایشی سنوورەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان. جێگەی ئاماژەیە کە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم لە چوارچێوەی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی پێداویستییەکانی رۆژانەدا نەمایەوە، لە دوای دۆزینەوە و ئاشکرابوونی بڕێکی زۆری یەدەگی نەوت لە هەرێمی کوردستان، تورکیا توانیی لە رێگەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، جگە لەوەی کار بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی بدۆزێتەوە، بە تێچوویەکی کەم بەشێکی زۆر لە پێداویستییەکانی وزە پڕبکاتەوە و هەرێمی کوردستان بکات بە جێگرەوەیەك بۆ روسیا و ئێران، کە دابینکەری وزەی تورکیان.[11]

**پێش روخانی رژێمی بەعس بە ماوەیەکی کەم، تورکیا راپگەیاند کە ترسی گەورەی هەیە لە هەنگاوەکانی پەرەسەندنی سیاسی و ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە کەوتنی بەعس، بە ئاشکرا ئەو مەترسیيانەشی بەجەستەکردبوو لە راگەیاندنی چەند هێڵێکی سووردا.**

پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەردەوامبووە، بە جۆرێک نزیکەی لە ٥٠٪ی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان پشکی کۆمپانیا تورکییەکان

بووە، کە بە پێی ئامارە نارەسمییەکان ١٣٠٠ کۆمپانیای تورکی لە هەرێمی کوردستان کاردەکات. لە ساڵی ٢٠١٣ هەرێمی کوردستان بە سێیەم گەورەترین بازاڕ بۆ کاڵا و کەلوپەلە تورکییەکان هەژماردەکرا، بە ئەندازەیەک قەبارەی هەناردەی شمەکی تورکیا بۆ هەرێم گەیشتووەتە ٨ ملیار دۆلار، ئەمە لە کاتێکدا لە ناوەڕاستی ٢٠١٧دا قەبارەی بازرگانیی نێوان هەردوولا گەیشتووەتە پێنج ملیار دۆلار. بوونی بازرگانیی تورکیا ئێستا لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەبینرێت، لە سەر تەواوی ئاستەکانی وەک پرۆژەکانی بیناسازی و بونیادنان و کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی و تەنانەت خزمەتگوزارییە دارایی و بانکییەکان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان وەک تاکە دەروازەی هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتیی خۆی بۆ بازاڕی جیهانی لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی هەرێم—تورکیاوە بۆ بەندەری جەیهان لە ئەنقەرە دەڕوانێت.[١٢]

سیاسەتی هەژموونگەرایی: تورکیا وەکو وڵاتێکی بەهێزی ئیقلیمی بەردەوام لە شەڕی هەژمونگەراییدایە، بەرەی عێراق و هەرێمی کوردستانیش بۆ تورکیا بەرەیەکی کراوەیە و بە قووڵایی ستراتیژی خۆی سەیریدەکات، لە دوای داگیرکردنی کوێتەوە لەلایەن عێراقەوە لە ١٩٩٠ و دروستکردنی "ناوچەیەکی ئارام" بۆ کوردەکان لە ١٩٩١ لە باکووری عێراق و ڕوخانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١ و داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ و بەهێزبوونی هەژموونی ئێران لە عێراق، هۆکار بوون بۆ ئەوەی بەرپرسانی تورکیا بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا بچێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا دروستبکات. ئامانجی تورکەکان لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە نەیارەکانی تورکیا کە هەرێمی کوردستان وەك کارتێك لە دژی تورکیا بەکاربهێنن، هەروەها تورکیا لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە ڕووبەڕووی هەژموونی ئێران لە عێراق ببێتەوە.[١٣]

**هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکان تا ساڵی ٢٠٠٣، بەردەوام ئاڵۆز و ناجێگیر بوو، بەڵام لەو ماوەیە بە دواوە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان گۆڕانی بە سەردا هات**

٣.دۆسیەی کەرکووك و تورکمان: تورکیا پرسی تورکمانەکانی هەرێمی کوردستان و کەرکووکی وەکو پرسێکی جێگیر لە سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی داناوە بەرانبەر بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا و وەکو هێڵی

سوور سەیریاندەکات. هەر کاتێك تورکیا هەستی بەوە کردبێت کە ئەم دوو مەلەفە لە ناوخۆی کوردستاندا بە پێی خواست و بەرژەوەندییەکانی تورکیا مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، ئەوا ڕاستەخۆ و بەبێ دوودڵی دەستوەردانی کردووە، جا دەستوەردانەکە سەربازی بووبێت، یان لە ڕێگەی کەناڵە دیبلۆماسییەکانەوە بووبێت.١٤

## ئاڵنگارییەکان

هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە جۆرێك لە سەقامگیریی وەرگرتووە و هەردوو لایەن خواستی پەیوەندییەکی باشتریان هەبووە، بەڵام هێشتا ئەم پەیوەندییانە لە بەردەم ئاڵنگاریی گەورەدان، کە نەتوانراوە تێبپەڕێنرێت و زیاتر بەرەو جێگیرتریان بەرێت، لەوانەش:

١.هێشتا ئەنقەرە بە ڕەسمی لە ڕووی دیبلۆماسییەوە ڕێگەی بە هەرێمی کوردستان نەداوە نوێنەرایەتیی خۆی لەو وڵاتە بکاتەوە، سەرباری بوونی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەرێم، نەبوونی نوێنەرایەتیی ڕەسمیی هەرێم لە تورکیا کاریگەریی گەورەی هەبووە لە سەر ناجێگیریی لینکی پەیوەندییەکانی هەردوولا، بە تایبەت لەسەر ئەو پرسە هەستیارانەی کە پێویست بووە بە خێرایی لێکتێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیان لە بارەوە بدرێت و زانیارییەکان لە ماوەیەکی کورتدا بگات بە لایەنی تورکی.[١٥]

٢.پەیوەندییەکان لەبازنەیەکی سنووردارداو وابەستەیە بە پەیوەندیی کەسی و حیزبییەوە، بە قەدەر ئەوەی وەکو کیانێکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا بکرێت، هەڵبەتە واقیعی دابەشبوونی سیاسی و جوگرافیای هەرێمی کوردستان بە سەر دوو زۆنی سەربازی و سیاسیی جیاواز بە یەکێك لە ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی بەردەم پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بە تایبەتی لە کەیسی پەیوەندییەکانی تورکیا بە هەرێمەوە ئەم دابەشبوونە زیاتر زەقبووەتەوە و بە هۆی کۆمەڵێك "پاساو"هوە تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوچەی قەڵەمڕەویی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا سنووردارکردووە و ئاساییکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەشی گرێداوە بە کۆمەڵێك مەرجەوە، دەبێت لەو سنوورەدا جێبەجێبکرێت، بێگومان ئەم جۆرە مامەڵەیەی تورکیا کە بەشێکە لە سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە، لە داهاتوودا زیانی گەورە لە کۆی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان دەدات، وەکو یەك قەوارەی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.[١٦]

٣.سەرەڕای قووڵبوونەوەی پەیوەندیی ئابووریی نێوان ئەنقەرە و هەولێر لە دوای (٢٠٠٣)وە، بەڵام کاتێك هەرێمی

کوردستان کەوتەبەردەم هەڕەشە و هێرشی داعش لە ٢٠١٤، تورکیا ئامادەنەبوو یارمەتیی سەربازی پێشکەشی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەیوەندییەکان گرێدراوی ستراتیژێکی پتەو و جێگیر نین، بەڵکو زیاتر ئیدارەدانی بەرژەوەندییە کاتییەکانە بە پێی هەلومەرج و دەرفەتەکان.

٤.بەئەمنیکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زیانی گەورەی لە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان داوە و ئەم حاڵەتە بووەتە جێگەی نیگەرانی و بێمتمانەیی شەقام و ڕایگشتی لە هەرێم بەرانبەر بە تورکیا، بەوەی کە هەرچەندە پەیوەندییەکان ئاسایی بن، بەڵام خستنەڕووی "هێز" خاڵی یەکلاییکەرەوەیە لە جیاتیی کەناڵە دیبلۆماسییەکان.[17]

**کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی هەیە کە بەردەوام حوکمی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکات و ئەم بنەمایانە بە پێی هەلومەرجی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەندێك جارگۆڕانکارییان بەسەردادێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم بنەمایانە بەشداری سەرەکین لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولادا**

## دەرئەنجام

لە کۆتاییدا دەکرێت بگوترێت کە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆیەوەبینیوە، کە بە سەر دوو قۆناغی سەرەکیدا دابەشدەبەن، قۆناغی پێش و پاش ٢٠٠٣، یەکەمیان مۆرکێکی ناجێگیر و ئاڵۆزی هەبووە و دووەمیان باشتر و گونجاوتر بووە بە بەراورد بە پێش خۆی، دیارە سروشتی هەردوو قۆناغەکەش مەحکوم بووە بە گۆڕانە ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، بەڵام ئەوەی یەکلاییکەرەوەیە، هێشتا ئەم پەیوەندیانە سەقامگیر نین و بە کاریگەریی هەر فاکتەرێك (ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان) دەشێت ڕووبەڕووی دەیان ئاستەنگ و ئالنگاری ببنەوە تا پچڕان و لێکترازانی پەیوەندییەکان.

### سەرچاوەکان

١. جليل عمر علی، السياسة الخارجية التركية حيال الشرق ألوسط (١٩٩١-٢٠٠٢)، ط١، السليمانية: مركز الدراسات الاستراتيجية، ٢٠١١، ص١٢٦.

٢. وليد رضوان، العلاقات العربية التركية، ط١، بيروت: شركة المطبوعات لمتوزيع والنشر، ٢٠٠٦، ص٢٢٧.

٣. Gunter, Michael M. "The KDP-PUK conflict in northern Iraq." The Middle East Journal (١٩٩٦):٢٢٤-٢٤١.

٤. خورشيد دلي، الدوافع التركية من تطوير

العلاقة بإقليم كردستان العراق، مجلة الوحدة الاسلامية، العدد ١٣٥، آذار ٢٠١٣.
٥. سەرچاوەی پێشوو.
٦. قارەمان عەلی، تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ڕیفراندۆم، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە ٢١-٢٢، شوبات و ئازاری ٢٠١٨، ل٥٦.
٧. هەمان سەرچاوە، ل٥٨.
٨. فاروق مولود عبدول. العلاقات بين تركيا واقليم كردستان (١٩٩١-٢٠١٤)–، مجلة العلوم السياسية والقانون، العدد ٨، سنة ٢٠١٨.
٩. قارەمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو.
١٠. Christina Bache, Mutual Economic Interdependence or Economic Imbalance: Turkish Private Sector Presence in the Kurdistan Region of Iraq, Middle East Critique, January ٢٠١٨.
١١. العلاقات بين تركيا وكردستان العراق، المركز القومي للدراسات الشرق الاوسط، http://ncmes.org/en/node/٢١١.
١٢. تركيا وكردستان... توأم العلاقات والمصالح المشتركة، الجزيرة، ٢٠١٨/٧/١٢، على الموقع: https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠١٨/٧/١٢/%D٨%D٨%AA.
١٣. داليا رشدي عرفات، مجلة كلية السياسة والاقتصاد، جامعة بني سويف، - العدد الخامس عشر- يوليو ٢، ص ٢٩٤.
١٤. أردوغان يهدد بالتدخل في كركوك، صحيفة العرب، https://alarab.co.uk/%D٨%A٣%D٨%B١%D٩%AF%٨٨%D٨%D٨%BA%٨٧٨%D٩%٨٦-.
١٥. هل يفتتح إقليم كردستان ممثلية للحكومة في تركيا؟ جريدة زمان التركية، https://www.zamanarabic.com/٢٠٢٢/٠٤/٠٥/%D٩%٨٧%D٩%٨٤-%D٩%D٩%AA%٨١%D٨%D٨%D٨D٨%AA%A٩/.
١٦. Roots of the Rift between Turkey and Iraqi Kurdistan's PUK , Mehmet Alaca https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/roots-rift-between-turkey-and-iraqi-kurdistans-puk.
١٧. إستراتيجية القواعد العسكرية التركية في العراق، https://www.setav.org/ar/%D٨%A٥%D٨%B٣%D٨%D٨%AA%B١%D٨%D٨%A٧%D٨%AA%D٨%AA%D٩

# هوداپار و ئایندەی پرسی کورد لە تورکیا

ئەحمەد قادر سیروانی - شەیما سەعید حەمەلاو

**پوختە**

ڕەوتی ئایینی لە باکووری کوردستان و تورکیا لە دوای ڕەوتی نەتەوەیی کوردییەوە دووەم بەهێزترین تەوژمە. ئەم ڕەوت و پارتانە لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە دەڕواننە پرسە نەتەوەییەکان و هەر لە چوارچێوەی فکر و تێڕوانینی ئیسلامییاندا مامەڵە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان، تورکیا و وڵاتانی دیکەدا دەکەن. لەگەڵ گەیشتنی ئیسلامی سیاسی بە دەسەڵات لە تورکیا و سیاسەتی ئەردۆغان و پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بەرانبەر بە پرسی کورد، دەرفەتێکی لەبار بۆ پارت و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی باکووری کوردستان هاتەپێشەوە، تاوەکو بتوانن درێژە بە کار و چالاکییان بدەن، هاوشانی پارتە ناسیۆنالیست و چەپەکانی کورد لە مەیدانی سیاسیی ناوچەکەدا بەشداربن و بە بەرنامە و پێڕەوی تایبەت بە خۆیان مامەڵە لەگەڵ پرسە هەستیارەکانی وەک ئیسلامی سیاسی و پرسی کورددا بکەن، لە هەمان کاتدا ئەم پارت و ڕێکخراوانە سیاسەتی تایبەت بە خۆیان هەیە سەبارەت بە بەشداریکردن یان نەکردنیان لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا و پەیوەندییان لەگەڵ پارتی دەسەڵاتدار و سەرۆککۆماردا. هوداپار یەک لەو پارتە ئیسلامییە کوردییانەیە کە لە باکووری کوردستان دەرکەوت. لەبەر گرنگی و ڕۆڵی

سیاسیی ئەم پارتە لەم توێژینەوەیەدا چەند لایەنێکی مێژوویی و سیاسیی وەک "مێژووی دەرکەوتنی، هوداپار و پرسی کورد لە تورکیا، کۆنگرەکان و سکرتێری گشتی ...هتد" دەخەینەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** هوداپار، ئیسلامیی سیاسی، ئەردۆغان، هەڵبژاردنەکان.

## مێژووی دەرکەوتنی هوداپار

پارتی بانگەوازی ئازاد هوداپار (HÜD-PAR Hür Dava Partisi) یەکێکە لەو پارتە ئیسلامییانەی کە لە سەر داروپەردووی حیزبوڵڵای کوردی Kürt Hizbulahı)) دامەزراوە.

هەرچەندە ڕای جیاواز هەیە لە سەر چۆنیەتی و ساڵی دامەزراندنی حیزبوڵڵا، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم کتێبخانە ئایینییەکان بوون بە بنکەی یەکتربینین و کۆبوونەوەی ئیسلامییە توندڕەوەکان، لەم چوارچێوەیەدا ژمارەیەك لە دەوری کتێبخانەی وەحدەت (Vehdet)، کە خاوەنەکەی عەبدولوەهاب ئیکنجی (Abdulvahap Ekinci) بوو، کۆبوونەوە، پاشان بە هۆی جیاوازیی بیروبۆچوونیان بۆ دوو کۆمەڵەی سەرەکی دابەشبوون؛ گرووپی زانست (عیلمجیلەر - Ilimciler) و مەنزیل (مینزیلجیلەر - Menzilciler). گرووپی زانست بە ڕێبەریی حسێن ڤەلی ئۆغلو (HüseyinVelioğlu) (١٩٥٢-٢٠٠٠) لە کتێبخانەی زانست (عیلم Ilim Kitabler -) لە باتمان چاویان بە یەك دەکەوت. هەرچی گرووپی مەنزیلییەکانە، لەلایەن کۆمەڵێك لە گەنجانی دیاربەکرەوە بە ڕێبەریی فیدان گونگور (FidanGüngür) (١٩٤٩-١٩٩٤) دامەزرا.

ڕای جیاواز هەیە لە سەر ساڵی دامەزراندنی حیزبوڵڵا، دەوترێت لە ١٩٧٩ دامەزراوە، لە لایەکی دیکەوە هاتووە کە حیزبوڵڵا لە کۆبوونەوەیەکی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ دامەزراوە. بە شێوەیەکی گشتی و نزیکیی بۆچوونەکان دەتوانین بڵێین: حیزبوڵڵا لە باکووری کوردستان کە زۆرینەی کوردنشینن، لە نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم دامەزراوە، پێگەی سەرەکیی بزافەکەیان؛ دیاربەکر، وان، باتمان و ماردین بووە.[١]

حیزبوڵڵا بە هەمان شێوەی فکرەی جیهانی ئیسلامی، دەیڕوانییە پرسی کورد و پێی وا بوو چارەسەری ئەو پرسە هەر دەبێت بە پێوەری ئیسلامی بێت، هەروەها وای دەبینی بەرگریکردن لەو پرسە ئەرکێکی ئیسلامییە و بە ئەرکێکی بە کۆمەڵی دادەنێت. حیزبوڵڵا ڕێزی لە مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد دەگرت و پێی وا بوو بە چارەسەری دەستووری دەبێت، هەروەها پێویستە چارەسەرەکە لەگەڵ عەقیدەی گەلی مسوڵمان و فەرهەنگی کوردیدا یەکبێتەوە و باوەڕی بە تەواوی مافەکانی کورد لە ژێر حوکمی ئیسلامیدا

هەبوو.[٢]
حیزبوڵلا لە ڕووی چالاکییەوە بە سێ قۆناغدا تێپەڕی؛ قۆناغی یەکەم: ساڵانی دامەزراندن و گەشەسەندنی (١٩٧٩-١٩٩١) دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا دامەزراندنی کۆمەڵەکە تەواوبوو، پاشان چووە قۆناغەکانی بانگەواز و فێرکاری، لەم قۆناغەدا حیزبوڵلا سەرنج و هاوسۆزیی گەلی کوردی لە باکووری کوردستان، بە تایبەت لە دیاربەکر و باتمان بەدەستهێنا، لە سەر بنەمای کوردایەتی و مەیلی بەهێزی بۆ ئیسلام و بەهاکانی چالاك بوو.[٣] قۆناغی دووەم (١٩٩١-٢٠٠٠): ئەم قۆناغە بە سەردەمی "تێکۆشان و هێز"، توندوتیژی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەکەکە و گرووپی ئایینی مەنزیل و هەواڵگریی دەوڵەتی قووڵ و باندەکاندا دەستیپێکرد.[٤] قۆناغی سێیەمی حیزبوڵلا (٢٠٠٢- ): پاش ئۆپراسیۆنی بیکۆز و کوژرانی حسێن وەلی ئۆغڵو؛ ڕابەری گرووپەکە و ئاشکرابوونی تەواوی نهێنی و ئەرشیفەکەیان بۆ دەوڵەت، حیزبوڵلا بۆ سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوە پێش هەموو شتێك بڕیاریدا تەواوی کاروچالاکییەکانی نهێنی بێت، بۆئەوەی حیزبەکە دووبارە توشی تێکشکان و لەناوچوون نەبێتەوە. بەرپرسانی گرووپەکە کەوتنەوە ڕێکخستنەوەی خۆیان بە بەرنامەیەکی گشتی و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئەندامان و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە ئەرشیفەکەیان لە ڕووداوی ئۆپراسیۆنی بیکۆزدا بەریانکەوت.
حیزبوڵلا چالاکیی خۆی لە مزگەوتەکاندا ڕاگرت و زیاتر کارەکانی لە ناو ماڵی ئەندامەکانیدا دەکرد و بە وریاییەوە لە چالاکییەکان و شوێنە جیاوازەکاندا ناوی حیزبوڵلا دەبرا.[٥] بەشێکی دیکەی ئەندامانی حیزبوڵلا بۆ دەرەوەی تورکیا، بە تایبەت هەریەک لە وڵاتانی ئەڵمانیا، هۆڵەندا، فەڕەنسا، نەمسا و سویسرا ...هتد هەڵهاتن، بەشێکی دیکەی ئەندامانی حیزبەکە لە ناو تورکیادا بە شێوازی "بانگەوازی ناڕاستەوخۆ" لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە، زیاتر لە چوارچێوەی گرووپ و ڕێکخراوی مەدەنیی کۆمەڵیی تایبەتی خێرخوازیدا بایەخیان بە بەشەناوخۆیی خوێندکاران و بەشداریکردن لە چالاکییە مەدەنییەکاندا دەدا. ڕێکخراوی هاریکاریی ستەملێکراوان (موستەزعەف دێر (Mustazafler Dayanişma Derneği) (Mustazaf – Der)) لە گرنگترین ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە بوو کە پاش قەدەغەکردنی حیزبوڵلا دامەزرا.[٦]
ساڵی ٢٠٠٣ موستەزعەف لە دیاربەکر دامەزرا. سەرەتا ڕێکخراوەکە کارەکانی لە باکووری کوردستان دەستپێکرد، پاشان چالاکییەکانی بۆ شارەکانی دیکەی وەک ئەستەنبوڵ، قۆنیا و ئەدەنە گواستەوە.[٧] موستەزعەف بۆ یەکەم جار لە گردبوونەوە و خۆپیشاندانی وێستگەی (Istasyon Meydanı) لە دیاربەکر

دەرکەوت، لەو خۆپیشانەدا نزیکەی ١٣٠ هەزار کەس گردبوونەوە و ناڕەزایەتییان دژی ئەو وێنە و کاریکاتێریانەی پێغەمبەر محەمەد (د. خ) لە دانیمارک بڵاوکرانەوە، دەربڕی. لە چالاکییەکی دیکەدا موستەزعەف لە ١٢ی شوباتی ٢٠٠٦ بە ئامادەبوونی نزیکەی ٨ هەزار کەس بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د. خ) گردبوونەوە. لە سەرەتاوە ڕێکخراوەکە زیاتر بە کاری کۆمەڵایەتی و خێرخوازییەوە خەریکبوو، پاشان هەڵوێستی سیاسی دەرکەوت، پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧، موستەزعەف داوای لە خەڵکی تورکیا کرد دەنگ بە "ئاکەپە" بدەن،[٨] چونکە ئاکەپە دژ بە کەمالیست و سیستەمی دژ بە کوردە، بەڵام بە زیادبوونی کار و چالاکییەکانی موستەزعەف لە ٢٠١٠دا دادگای دیاربەکر بە بیانووی بوونی پەیوەندیی ڕێکخراوەکە لەگەڵ حیزبوڵڵادا کە لە دەرەوەی یاسایە، بڕیاری داخستنی دا، دواجار دادگای باڵا لە ئایاری ٢٠١٢ بڕیارەکەی پەسەندکرد، هەر بۆیە موستەزعەف قەدەغەکرا.[٩]

پاش قەدەغەکردنی موستەزعەف، لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) دامەزرا، هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم: بوونی دەرفەتە سیاسییەکان لە تورکیادا، کە خۆی دەبینییەوە لە "حکومەتێکی نەریتخوازی لیبراڵ لە تورکیادا، بەرفراوانبوونی زەمینەی مافەکانی مرۆڤ و مافە سیاسییەکان، لاوازبوونی پەکەکە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٤، ...هتد"، دووەم: دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە ناوخۆییەکانی وەک پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی حیزبوڵڵا، ماوەی درێژخایەنی پرسی کورد و چارەسەرنەبوونی، داخستنی ڕێکخراوەی موستەزعەف، ....هتد.[١٠]

**حیزبوڵڵا لە ڕووی چالاکییەوە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە، ئەو انیش ساڵانی دامەزراندن و گەشەسەندنی (١٩٧٩-١٩٩١)، قۆناغی بانگەوازو فێرکاری (١٩٩١- ٢٠٠٠)، کە لەم قۆناغەدا سەرنج و هاوسۆزیی کوردەکانی باکووری بەدەستهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغێکی سەختی توندئامێزبووکە لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی پەکەکە و گرووپی ئایینیی مەنزیل و دەوڵەتی قووڵ بووەتەوە. قۆناغی سێیەمیش لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ بە کوژرانی حسێن ڤەلی ئۆغلو؛ ڕابەرو ئاشکر ابوونی تەواوی نهێنی و ئەرشیفی گرووپەکە و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن دەوڵەتەوە دەستپێکرد.**

دامەزرێنەرانی هوداپار پێکهاتووە لە ٤٥ کەس کە ٨ کەسیان ئافرەت بوون، بە

پێی پێڕەوی ناوخۆی پارتەکە هوداپار ناوی کورتکراوەی پارتەکەیە، لۆگۆی پارتەکە کتێبێکی کراوەیە، لاپەڕەکانی سپی سادەن و لە پشت کتێبەکەوە هەڵهاتنی تیشکی خۆر دەردەکەوێت، تەواوی ئەمانە لەگەڵ کورتکراوەی ناوی پارتەکە لە سەر ڕووبەرێکی سەوز نەخشێنراون. ئایدیولۆژیای سەرەکیی هوداپار بریتییە لە "ئیسلامیی ڕاستڕەو، ئوممەت، پارێزگار، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی"، ناوەندی سەرەکیی پارتەکە دیاربەکرە، لە هەمان کاتدا لە تەواوی شارەکانی باکووری کوردستان لق و ناوچەی هەیە، هەروەها لە شارە گەورەکانی وەک ئەنقەرە، ئەستەنبوڵ و بورسا لقی کردووەتەوە، جگە لەوەش لە ١٩ی ئایاری ٢٠١٩ لە هەولێر بە فەرمی نوێنەرایەتیی کردووەتەوە. ئێستاش هوداپار جگە لەوەی کە پرۆگرامی پارتەکەی بە زمانی کوردیی شێوەزاری کرمانجی ژووروو هەیە، لە هەمان کاتدا ئەو پرۆگرامەی وەرگێڕاوەتەسەر کرمانجیی ناوەڕاست،[١١] بە چاپکراوی بەردەستە.

هوداپار خاوەن ئاژانسی ئیلکها (İLKHA Ajansı)، تەلەفزیۆنی ڕەهبەر (Rehber tv)، ڕۆژنامەی هەواڵی ڕاست (Doğru Haber Gazetesi) و دەیان سایت و دەزگای دیکەی ڕۆژنامەوانییە. لەگەڵ کاروباری سیاسیدا لە ڕێگەی دەیان ڕێکخراوی هاوکاری و فریاگوزاری و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە؛ چالاکی ئایینی، ئابووری، پەروەردەیی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و کولتووری دەکات. وەک لە کارنامەی دامەزراندنی پارتەکەدا ئاماژەی پێ کراوە و هەتاکو ئێستاش جەختی لە سەر دەکەنەوە، پێویستە کێشەی کورد پشتبەستن بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام و ئەو مافانەی کە لە ئیسلامدا بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک ڕەوابینراوە، چارەسەربکرێت. ئەوەی تێبینیدەکرێت لێرەدا، ئەوەیە کە هوداپار بڕوای بە چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا لە چوارچێوەی بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا هەیە. هەروەها ئەم پارتە چەمکی کێشەی کوردی بەکارهێناوە (Kürt Sorunu) نەک مەسەلەی کورد (Kürt Meselesi)، کە زیاتر لایەنگرانی دەوڵەت چەمکی مەسەلەی کورد بەکاردەهێنن.[١٢]

**دوای کوژرانی حسێن وەلی ئۆغلو؛ ڕابەری حیزبوڵلا و ئاشکرابوونی تەواوی نهێنی و ئەرشیفەکەیان بۆ دەوڵەت، بەرپرسانی گرووپەکە دووبارە کەوتنەوە ڕێکخستنەوەی خۆیان بە بەرنامەیەکی گشتی و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانیان زۆر بە نهێنی.**

هوداپار لە کانوونی دووەمی ٢٠١٣ بارەگای سەرکردایەتیی لە ئەنقەرە کردەوە، لەو

کاتــەوە دەرکــەوتــنی پــارتــەکــە ئاکامێکی پێشبینیکراو نەبوو، بە پێچەوانەوەی ئەو دۆخەوە، هەتاکو ئەو کاتە پەکەکە و پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)[١٣] لە بەرانبەر حکومەتی تورکیا نوێنەری دۆزی کورد بوون و بە تەنها ئەوان لە گۆڕەپانەکەدا دەبینران، هەر بۆیە دەرکەوتنی هوداپار وەک دیوێکی ئەرێنی دەبینرا بۆ ئەوەی لــە لایــەنێکی دیکــەوە بــە جــۆرێکی تر چارەسەری دیموکراسیانەی پرسی کورد بێتەئاراوە، تەنها کلیلی چارەسەری لە ڕێگەیەکی ئەزموونکراوەوە نەبێت.

لـە هـەمـان کاتیـشدا هـوداپـار بـە هـۆی دۆسیەی پێشووی حیزبوڵلا بەدەر نەبوو لـە هـەسـتیـاری و گـومـان. پـەکـەکـە لە سـەرەتای دەرکەوتنی ئەم پارتە ڕەخنەی لێ گرت و بە بریکار و پـرۆژەی ئاکـەپەی لە ناوچەکەدا ناساند، چونکە بە هۆی ئـەم پـارتـەوە پـەکـەکـە هێزی خـۆی لە ناوچەکەدا کەمبووەوە و بوونی هوداپار لە بـەرژەوەنـدیی ئاکـەپـە دەشـکێتـەوە، لە هـەمـان کاتـدا تـرسی ئـەوە هـەبـوو کە ئیسلامگەرای کورد لە ناوچەکەدا جێگەی ناسیۆنالیستیی عەلمانیی کوردی بگرێتەوە. هــوداپــار تـوانـیی ســوود لــە ڕێکــخـراوە ناحـوکمـییـەکانی نـاوچـەکـە وەربـگـرێت، کە خزمەتیان پێشکەشی دانیشتوانی باکووری کوردستـان دەکـرد، لە هەمان کاتدا توانیی هەماهەنگی و پەیوەندیی نێوان خەڵک و ڕێکخراوەکان تۆکمەبکات و بتوانێت لە پێناو بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیدا بەکاریانبهێنێت، بەمەش پارتەکە لە ناوچەکەدا کاری ڕێکخستن و دەرکەوتنی فەراهەمکرد، هاوکات بەڵێنی بە خەڵکی دا کە هێزی سێیەمی دەرەوەی ئاکەپە و هەدەپە بێت و گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسیی ناوچەکەدا بکات.[١٤]

**پارتی بانگەوازی ئازاد - هوداپار (HÜD PAR Hür Dava Partisi ) وەک پارتێکی سیاسیی ئیسلامی کە لە سەر داروپەردووی حیزبوڵلای کوردی Kürt Hizbulahı)) دامەزراوە، لە کۆی ٤٥ کەس لە دامەزرێنەرانی هوداپار؛ ٨ کەسیان ئافرەت بوون، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی نزیکەی ١٧٪ی دامەزرێنەرانی، لەگەڵ ئەوەشدا لەو ٤ پەرلەمانتارەی هوداپارلە پەرلەمانی تورکیا هیچیان ئافرەت نین.**

### هوداپارو پرسی کورد لە تورکیا

هوداپار لە زەمینەی چارەسەری بۆ پرسی کورد جیاوازی لە نێوان خۆی و هەدەپە و پەکەکەدا دەکات. هەریەک لە هەدەپە و پەکەکە لەگەڵ فیدراڵیدان بۆ باکووری کوردستـان، بـەڵام هـوداپار لـەگـەڵ ئەم خـواستـەدا نییە و لـە چـوارچێوەیەکی مێژوویی فراوانتردا چارەسەر دەوروژێنێت و پـێی وایــە ســنــوورەکــانی نــاوچــەکــە دەسـتـکـردن، هـەر بۆیـە دەڵـێن: "ئێمە

نە لەگەڵ جوداخوازیداین، نە لەگەڵ فیدراڵیەتداین، هەموو ئەو سنوورانەی لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشراون، سنوورگەلێکی دەستکردن و لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی کێشراون، ئەمەش سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکانە. خواستی سەرەکیی ئێمە دەستبەرداربوونە لەو سنوورە دەستکردانە و وابەستەکردن و تێکەڵکردنەوەی خەڵکە مسوڵمانەکەیە."[١٥]

ئیسحاق ساغڵام لە چاوپێکەوتنێکیدا سەبارەت بە پرسی کورد دەڵێت: "بۆ بەرقەراربوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاساییبوونەوەی دۆخەکە؛ دەبێت سەرەتا بە هۆی تەواوی ئەو ستەمانەی کراون، بە ناوی دەوڵەتەوە داوای لێبوردن بکرێت و قەرەبووی زیانلێکەوتوان بکرێتەوە. هەروەها واز لە بەتورکدانانی تەواوی ئەو کەسانە بهێنرێت کە وەک هاوڵاتی پەیوەندییان لەگەڵ کۆماری تورکیادا هەیە، بە پێی دەستوور کوردەکان بناسێنرێن و تورک و کورد وەکو دامەزرێنەری سەرەکیی دەوڵەت قبوڵبکرێن. دەبێت کوردی لەگەڵ تورکی وەکو زمانی فەرمیی دووەمی وڵات قبوڵبکرێت و ببێتە زمانی پەروەردە... پێویستە واز لەو چەمکانە بهێنرێت کە دژایەتیکردن و جیاکاریی پێوە دیارە و لە سەر بنەمای تورکیبوون هیچ شتێک دانەڕێژرێت لە ناوەندە فەرمییەکان و سیستەم و دەستووری وڵاتدا، بە تایبەت لەو بڕگانەی کە پەیوەستن بە پێناسەی هاوڵاتیبوونی تورکیاوە."[١٦]

### کۆنگرەکان و سکرتێری گشتیی هوداپار

محەمەد حسێن یەڵماز؛ یەکەم سەرۆکی پارتەکە و دامەزرێنەری بووە، پاشان لە کۆنگرەی یەکەمی پارتەکە لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٣ زەکەریا یاپیجی ئۆغڵو وەک سەرۆکی هوداپار هەڵبژێردراوە. دوای ئەوەی بە هۆی خۆکاندیدکردنی وەک کاندیدی سەربەخۆی دیاربەکر بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٥دا دەستی لە سەرۆکایەتیی پارتەکەی کێشایەوە، ئەرکی سەرۆکایەتیی پارتەکە بە وەکالەت بە دامەزرێنەری پارتەکە؛ محەمەد حسێن یەڵماز، سپێدرا. زەکەریا یاپیجی پاش ئەوەی نەیتوانی دەنگی پێویست بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، لە کۆنگرەی نائاسایی پارتەکەدا کە ١٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ و پاشان لە کۆنگرەی دووەمی پارتەکە لە ١٥ی ئایاری ٢٠١٦ وەک سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرایەوە، بەڵام لە ٢١ی ئایاری ٢٠١٨ بە هۆی ئەوەی دووبارە وەک کاندیدی سەربەخۆی دیاربەکر خۆی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا کاندیدکرد، ئەرکی سەرۆکایەتیی پارتەکە بە وەکالەت بە محەمەد یاڤوز سپێردرایەوە. جارێکی دیکە یاپیجی ئۆغڵو سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا و وەک جێگری سەرۆکی هوداپار لە کاری سیاسی

بەردەوامبووە. لە ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ لە کۆنگرەی سێیەمی پارتەکەدا ئیسحاق ساغلام وەک سەرۆکی هوداپار لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هەڵبژێردرا، لە ژێر دروشمی "مەملەکەت پێویستی بە هوداپارە"، ڕۆژی ٢ی حوزەیرانی ٢٠٢١ چوارەمین کۆنگرەی ئاسایی هوداپار لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بەڕێوەچوو. لە کۆنگرەکەدا زەکەریا یاپیجی ئۆغلۆ؛ یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتەکە، پاش وازهێنانی بۆ ماوەی ٣ ساڵ جارێکی دیکە لە کۆی ٩١١ ئەندامی کۆنگرە؛ دەنگی ٦٢١ ئەندامی بەدەستهێنا و وەک کاندیدی بێڕکابەر بە سەرۆکی پارتی بانگەوازی ئازاد هەڵبژێردرایەوە.[١٧]

### هوداپار و هەڵبژاردنەکانی تورکیا

هوداپار بڕیاریدا بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣٠ی ئازاری ٢٠١٤دا بکات، بڕیارەکەی هەر بۆیە پاش دامەزراندنی پارتەکە و بە تایبەت دوای ڕاگەیاندنی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا، هەڵکوتانەسەر بارەگاکانی هوداپار و ململانێ و توندوتیژی لەگەڵ پەکەکەدا دەستیپێکرد. ئیدی هەردوولا نەیانتوانی قۆناغی ئاشتی درێژەپێبدەن، لەبەرئەوەی هەردوولا بێئەندازە لە بەرانبەر کار و چالاکی و بوونی یەکتریدا هەستیار بوون و ململانێ و ئاڵۆزیی نێوانیان بەردەوامبوو.[١٨]
هوداپار لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٨دا بە پێی ئەنجامەکانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بە دەنگی دەرەوەی وڵاتیشەوە ١٥٥ هەزار و ٥٣٩ دەنگی بەدەستهێناوە، بەمەش ڕێژەی دەنگەکانی ٠.٣١٪ بووە. بە سەیرکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش بە پێی پارێزگاکان، دەردەکەوێت کە هوداپار لە هەندێک لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان بەهێزتر و کاریگەرترە، لەوانە لە بینگۆڵ بەراورد بە شارەکانی دیکە بەرزترین ڕێژەی بەدەستهێناوە، کە ٤.٥٪ی دەنگەکانە،[١٩] هەروەها لەو هەڵبژاردنەدا و بەبێ ڕێککەوتنی دوولایەنە هوداپار داوای لە ئەندام و لایەنگرانی کرد بۆ سەرۆککۆماری تورکیا دەنگ بە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ کاندیدی ئاکەپە بدەن، لە هەمان کاتدا بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایار ٢٠٢٣ی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا هوداپار بە فەرمی ڕایگەیاند دەنگ بە ئەردۆغان دەدەن،[٢٠] لە هەمان کاتدا بۆ پەرلەمانی ئەو وڵاتە ٤ کاندیدی هوداپار لە سەر لیستی ئاکەپە بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد و هەر چواریان سەرکەوتن.[٢١]
شایەنی باسە پشتیوانی هوداپار بۆ ئەردۆغان وەک کاندیدی سەرۆککۆمار تازە نییە، بەڵکو هەر لە سەرەتای دامەزراندنی هوداپارەوە پەیوەندییەکی ئاسایی لە نێوان هەردوولادا هەبووە، ئاکەپە و خودی ئەردۆغان هاوکار و ئاسانکار بوون لە دامەزراندن و گەشەکردنی هوداپاردا،

ئەم پارتە ئیسلامییە کوردییەی تورکیایش بە گشتی پشتیوانیی لە بەرنامەی کار و سیاسەتی ئاکەپە لە حکومەتی تورکیادا کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا هوداپار خاوەن گوتارێکی توندی نەتەوەپەرستی کوردی/ ئیسلامی بووە و بەردەوامیشە لە سەری. ئەمە جگە لەوەی لە ڕابردووشدا بەردەوام هوداپار لە هەڵبژاردنەکاندا بەبێ ڕێککەوتن پشتیوانیی ئەردۆغان و ئاکەپەی کردووە.

**هوداپار بڕوای بە جیابوونەوە و فیدراڵیەتیش نییە، ئەمە جگە لەوەی هیچ کات باسی لە سەربەخۆیی کوردستان نەکردووە، لەگەڵ ئەمانەشدا داوای لابردنی سەرجەم ئەو سنوورانە دەکات کە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم کێشراون لە نێوان وڵاتاندا، ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.**

پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣دا هەر چوار کاندیدەکەی هوداپار لە چوار شاری باکووری کوردستان و تورکیا سەرکەوتنیان تۆمارکردووە، لەم هەڵبژاردنەدا هوداپار تەنها پارتە سەرجەم کاندیدەکانی هەرچەندە کەمیش بووبێتن، بۆ پەرلەمانی تورکیا سەرکەوتنیان بەدەستهێنابێت.[٢٢] لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین نکوڵی لەو ڕاستییە بکەین دواجار کاندیدانی هوداپار بە هۆی ئەوەی لە لیستی ئاکەپەدا بەشداریی هەڵبژاردنیان کردووە، سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

سەرکەوتنی چوار کاندیدەکەی ئەم پارتە لە باکووری کوردستان و تورکیا هێمایە بۆ دروستیی ڕێککەوتنەکەی ئاکەپە لەگەڵ هوداپار. لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی ئەو چوار کاندیدە و ژمارەیەکی بەرچاو لە کاندیدەکانی ئاکەپە لە باکووری کوردستان نەخشەی کاری هاوبەشی ئەو دوو پارتە لە پەرلەمان و تورکیا و باکووری کوردستان لە ئایندەدا دەکێشێت. ئەمە جگە لەوەی کاری جددی و لێبڕاوانەی ئەندام و لایەنگرانی هوداپار لە باکووری کوردستان بۆ ئاکەپە مایەی سەرنج بووە، هەر بۆیە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا ئەندامانی هوداپار وەک نوێنەری ئاکەپە لە بنکەکانی دەنگداندا ئەرکدارکرابوون. دوای سوێندخواردنیان هەر چوار پەرلەمانتارەکەی هوداپار لە فراکسیۆنی ئاکەپە جیابوونەوە و فراکسیۆنێکی نوێیان بە ناوی حیزبەکەیانەوە پێکهێناوە.[٢٣] لە هەمان کاتدا بە هۆی ئەوەی هەر چوار کاندیدەکەی هوداپار سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و ئەردۆغانیش وەک کاندیدی هاوپەیمانیی کۆمار جارێکی دیکە وەک سەرۆککۆماری تورکیا هەڵبژێردراوەتەوە، کەواتە هوداپار یەکێک بووە لەو پارتانەی

کە لە سەر ئاستی کاندیدان و پارت و هاوپەیمانیەتییەکەشی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە.

**ئێستا پارتی، لە نێوان هەدەپە/ پەکەکە/ هەسەدە و یەکێتیی نیستیمانیی کوردستاندا جۆرێک لە گەمارۆدانی بۆ دروستبووە، هەربۆیە بە دوای دەرچەیەکدا دەگەڕێت بە تایبەت لە باکووری کوردستان، بۆئەوەی هەدەپە و پەکەکەی پێوە سەرقاڵبکات، هوداپار دەتوانێت ببێتە ئەو دەرچەیە بۆ پارتی.**

## پەیوەندییەکانی هوداپار و پارتی دیموکراتی کوردستان

پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هوداپار لەم چەند ساڵەدا گەرموگوڕیی بەخۆیەوەبینیوە، ئەگەر هوداپار بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتیدا بە مەبەستی ڕاکێشانی سۆزی لایەنگرانی بارزانی (بارزانیجیلەر) بێت لە باکووری کوردستان و بەدەستهێنانی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری تورکیادا، ئەوا پارتی دەیەوێت کارتی فشاری هوداپار وەک ڕکابەرێکی نوێی هەدەپە/یەسەپە/ هەدەپ و هێزە چەپەکانی باکووری کوردستان ڕابکێشێت.

ئاکەپەی دەسەڵاتداری تورکیا پشتیوانی لە بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی پارتی و هوداپار دەکات، ئەمەش بە هۆی پشتیوانیی بەردەوامی هوداپار لە ئەردۆغان؛ کاندیدی هاوپەیمانیی کۆمار بۆ پۆستی سەرۆککۆماری تورکیا.

لە ٢٦ی نیسانی ٢٠٢٣ زەکەریا یاپیجی ئۆغڵو؛ سەرۆکی هوداپار، بە یاوەریی شاندێکی پارتەکەی سەردانێکی یەکرۆژەی بۆ هەولێر کرد و چاوی بە مەسعوود بارزانی؛ سەرۆکی پارتی کەوت.[٢٤] لە لایەکی دیکەوە هوداپار لە ٣٠ی نیسان ئاهەنگێکی تایبەت بە "یادی مەولوودی نەبەوی"ی سازکرد.[٢٥] ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، بەشداریکردنی نوێنەری تایبەتی پارتی و بارزانی بوو لە ئاهەنگەکەدا. بەشداریی پارتی لە ئاهەنگێکی لەم جۆرەدا، کە لەلایەن ڕێکخراوی شەیدایانی پێغەمبەرەوە (د. خ) کە ڕێکخراوێکی سێبەری هوداپارە، سازکرابوو، بە هەوڵێکی نوێی پارتی بۆ پشتیوانیی ئەو پارتە لە باکووری کوردستان دەخوێنرێتەوە. پێش ئەم چالاکییانەش لە ١٤ی ئازاردا، دارا بیلەک؛ ڕاوێژکاری نێچیرڤان بارزانی؛ سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی پارتی، بە هاوڕێیەتیی ڕەشید ئاکنجی؛ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد لە باکوری کوردستان، سەردانی بارەگای سەرەکیی هوداپاری کردووە و چاوی بە حسێن یەڵماز؛ جێگری سەرۆکی

ئەو پارتە کەوتووە. ئامانجی سەردانی ڕاوێژکارەکەی بارزانی بۆ پیرۆزباییکردن لە هوداپار بە بۆنەی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکان و پشتیوانی لە ئەردۆغان بووە.[٢٦]

بە گوێرەی زانیارییەکان نوێنەرەکەی نێچیرڤان بارزانی لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ جێگری سەرۆکی هوداپار و هەروەها خودی مەسعوود بارزانی لە دیداریدا لەگەڵ سەرۆکی هوداپار لە هەولێر ڕاشکاوانە داوای پشتیوانیی هوداپاریان بۆ ئەردۆغان و ئاکەپە لە بەرپرسانی ئەو حیزبە کردووە.

ئێستا پارتی لە نێوان هەدەپە/ یەکەکە/ هەسەدە و یەکێتیی نیستیمانیی کوردستاندا جۆرێک لە گەمارۆدانی بۆ دروستبووە، هەر بۆیە بە دوای دەرچەیەکدا دەگەڕێت، بە تایبەت لە باکووری کوردستان، بۆئەوەی هەدەپە و یەکەکەی پێوە سەرقاڵبکات، هوداپار دەتوانێت ببێتە ئەو دەرچەیە بۆ پارتی.

هوداپار وەک بەهێزترین پارتی سیاسیی ئیسلامی و گرووپێک کە "خاوەن شانەی نوستووی چەکدارە"، دەتوانێت لە مەیدانی سیاسیی باکووری کوردستان و تورکیادا ڕووبەڕووی هەدەپە/ هەدەپ ببێتەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی چەک و لە شەڕی کۆڵانبەکۆڵان و پارتیزانییەوە و لە شاخیش توانای ڕووبەڕووبوونەوە و تەنانەت شکاندنی چەکدارانی یەکەکەی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەو حیزبە ئیسلامییە خاوەن چەندین دەزگا و ڕێکخراوی سێبەری پەروەردەیی، ئایینی، کولتووری و خێرخوازییە، کە مەیدانی کار و چالاکییان نەک تەنها باکووری کورستان و تورکیا، بەڵکو ئەورووپا و ئەفریقا و تەنانەت هەرێمی کورستانیشە. لەمانەش زیاتر، بە هۆی نەمانی توانا و هێزی گرووپی فەتحوڵا گوڵەن (فەتۆ) و بە تیرۆریست ناساندنیان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، مەیدانێکی فراوان بە تایبەت لە بواری پەروەردەدا بۆ دەزگا پەروەردەییەکانی هوداپار ئاوەڵابووە، هەر بۆیە لە دۆخی ئێستادا هوداپار باشترین ڕکابەر و جێگرەوەی هەدەپە دەبێت و پارتییش ئەم هاوکێشە نوێیەی بە دڵە. بە تایبەتتر، هوداپار هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پشتیوانیی لە سیاسەتی ئاکەپە کردووە و لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣، ٢٠١٥، ٢٠١٨ و ٢٠٢٣دا بەبێ ڕێککەوتن و وەرگرتنی بەڵێن و پاداشتی پێشوەختە، پشتیوانیی لە ئەردۆغان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناڕاستەوخۆ ئاکەپە و حکومەت پاداشت و کارئاسانیی باشی بۆ هوداپار کردووە.

دوای ئەوەی چوار کاندیدی هوداپار بۆ پەرلەمانی تورکیا لە لیستی کاندیدانی ئاکەپەدا سەرکەوتن، پارتی دەیەوێت بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی ئاکەپە و هوداپار بقۆزێتەوە و وەک چۆن هوداپار پشتیوانیی ئەنقەرەی بە دەستەوەیە، بە هەمان جۆر پشتیوانیی هەولێریشی

هەبێت. بەم جۆرە رادەی پشتیوانیی هوداپار لەلایەن هاوڵاتیانی باکووری کوردستانەوە، بە تایبەت ئیسلامییەکان و ئەوانەی کە هاوسۆزی بنەماڵەی بارزانیین، زیاددەکات و دەبێت بە سەرەتایەک بۆ ڕکابەرییەکی توندی نێوان هەدەپە و هوداپار.

لێرەوە ئیدی بارزانی شەڕی ساردی لەگەڵ هەدەپە لە باکووری کوردستان بە وەکیلەکەی (هوداپار) دەکات و وەک کارتێکی "بەهێز"ی فشار بەرانبەر بە هەدەپە بەکاریدەهێنێت.

لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی پارتی و بارزانی بۆ هوداپار لە هەمان کاتدا بە واتای پشتگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت بۆ ئەو پارتە لە ناوخۆی هەرێم و باکووری کوردستان، دەبێتە هۆکارێکی گرنگیش بۆ بەدەمەوەچوونی زیاتری کوردەکان، بە تایبەت کوردە ئیسلامییەکانی باکوور، کە هەتاکو ئێستا پارتە تورکییە ئیسلامی/ڕاستڕەوەکانیان پێ باش بووە بۆ پشتیوانیکردن و دەنگدان پێیان. هەر ئەو پشتیوانییەی پارتی دەکرێت هەتاکو ئاستی پشتیوانیی مادی بڕوات، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆوە بێت. وەک پێدانی پرۆژە و کاری بازرگانی بە کوردانی باکووری نزیک لە هوداپار لە هەولێر و دهۆک و لە لایەکی دیکەیشەوە کاری هاوبەشی نێوان پارتی و هوداپار لە باکووری کوردستان بە پشتیوانیی مادیی پارتی. ئیدی لێرەوە بالانسی هێز لە باکووری کوردستان دەکرێت گۆڕانکاریی بەسەردابێت و هەژموونی پەکەکە/ هەدەپە بە سەر کوردەکانی تورکیاوە لاوازدەبێت و ناتوانێت خۆی بە تاکە نوێنەری کورد لە شەقام و پەرلەمان و میدیای تورکیادا بناسێنێت.

**بەرپرسانی هوداپار باس لەوە دەکەن کە بەڵێنیان لە بەرپرسانی ئاکەپە و خودی ئەردۆغان بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی وەرگرتووە. زانیارییە نافەرمییەکانیش باس لەوە دەکەن ئەردۆغان لە پێناو ئاشتکردنەوەی شەقامی باکووری کوردستان و سفرکردنەوەی کێشەکان لە ناوخۆ و لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا ئامادەیی ئەم هەوڵەی تێدایە.**

## دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی/ ئیسلامی

بەرپرسانی هوداپار باس لەوە دەکەن بەڵێنیان لە بەرپرسانی ئاکەپە و خودی ئەردۆغان بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی وەرگرتووە. زانیارییە نافەرمییەکانیش باس لەوە دەکەن ئەردۆغان لە پێناو ئاشتکردنەوەی

شەقامی باکووری کوردستان و سفرکردنەوەی کێشەکان لە ناوخۆ و لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا ئامادەیی ئەم هەوڵەی تێدایە.

ئامانجی ئەردۆغانیش لەم هەوڵەی پێش هەر شتێک ڕاکێشانی بەرەکەیە لە ژێر پێی هەدەپە و ڕادەستکردنی نوێنەرایەتیی کوردەکانی تورکیا بە هوداپار. بەم جۆرە ڕێککەوتننامەی ئاکەپە و هوداپار دەڕواتە قۆناغێکی ستراتیژیی وەهاوە کە تێکچوونی نزیک دەبێت لە مەحاڵەوە.

هەوڵێکی لەم جۆرە تەنانەت لەلایەن بەرپرسانی پەکەکەوە باسدەکرێت. ئەوەتا مستەفا کاراسو؛ ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کەجەکە، ئاماژەی بەوە داوە: "دەڵێن لە ڕێگەی ئیسلامییەوە چارەسەری کێشەکان دەکرێت." کاراسو کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پەکەکە، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لەوە کردووە: "لە ڕاستیدا ئەمە خەڵەتاندنی خەڵکە، هیچ شتێکی لەم جۆرە نییە." کاراسو باسی لەوەش کردووە کە "هەندێک لە ئەندام و لایەنگرانی هەدەپە"یش باسی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتییان کردووە، "لە بەرانبەردا ئەوانیش هەوڵدەدەن ڕووی دەوڵەت جوانبکەن."[٢٧] دیارە مەبەستی کاراسو لە "ئەوان" بەرپرسانی هوداپارە. ئەم وتانەی مستەفا کاراسو ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دەنگۆ و هەوڵێک بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی.

تەنانەت هەندێک سەرچاوە باس لە بەشدارپێکردنی مەسعوود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن لە پرۆسەی ئاشتیدا، ئەمەش دوای نزیکبوونەوەی زیاد لە پێویستی پارتی و تورکیا دێت، بە جۆرێک دوای داخستنی ئاسمانی تورکیا بە ڕووی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانیدا مەولود چاوشئۆغلو؛ وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا، لە ١٠ی نیسانی ٢٠٢٣دا لە چاوپێکەتنێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند: "پەکەکە نەیانتوانی بچنە هەولێرەوە و ڕێگرییان لێ کرا، هەر بۆیە بە چەندین شێوازی جیاواز هەوڵی لاوازکردنی ئیدارەی هەولێر دەدەن."[٢٨] ئەمەش بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بوو بۆ دۆستایەتیی تورکیا و هەولێر، کە لە ژێر دەستی پارتی و بنەماڵەی بارزانیدایە.

لێرەوە هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی یەکجارەکیی هەدەپە (وەک باڵی سیاسی و درێژکراوەی پەکەکە لە شەقامی باکووری کوردستان و پەرلەمانی تورکیا) و بەهێزکردنی هوداپار و دۆستەکانی بارزانی لە تورکیادا؛ دەبێتە ئامانجی سەرەکی و درێژمەودای تورکیا و ئاکەپە.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، پرۆسەی ئەم جارەی ئاشتیی دەوڵەتی تورکیا و کوردەکان؛ پرۆسەیەکی ئاشتی/ئیسلامیانە دەبێت و لە سەر بنەمای "برایەتیی ئیسلامی" کاری بۆ دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ هەدەپە و

یەکەکە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و باکووری کوردستان تا چەند دەتوانرێت جێبەجێبکرێت، گومانێکی گەورەی لە سەرە. بە تایبەت ئەم پرۆسەیە سەرەتای مەرگی هەدەپە و کۆتایی یەکجارەکیی یەکەکە و بەرەی چەپی کوردیی لەگەڵدا بێت، لە دۆخی ئێستادا کارێکی ئەستەمە.

**هوداپار بە دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی توندڕەوی، تو انی لە ئاکەپە نزیکببێتەوە، ئەم لێکنزیکبوونەوەیە کاریگەریی ئەرێنیی لێ کەوتەوە، دواجار هوداپار لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٣دا بووە خاوەنی ٤ ئەندامی پەرلەمان.**

## ئەنجام

١. هوداپار هەرچەندە ماوەیەکی کەم بە سەر دامەزراندنیدا گوزەراوە، بەڵام بە هۆی ئەو پاشخانە ئیسلامییەی کە ئەندامان و دامەزرێنەرانی هەیانە، توانیویەتی لە باکووری کوردستان و تورکیادا بێتە هێزێکی کاریگەر و لایەنگر و شوێنکەوتە لە تەواوی شارە کوردییەکاندا لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

٢. هوداپار بە دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی توندڕەوی وەک ئەوەی حیزبوڵلا لە ڕابردوودا پێڕەویی لێ دەکرد، توانیی لە ئاکەپەی پارتی دەسەڵاتدار و ئەردۆغانی سەرۆککومار نزیکببێتەوە، بە جۆرێک لە هەڵبژاردنەکاندا پشتیوانیی خۆی و لایەنگرانی بۆ ئاکەپە و ئەردۆغان دووپاتکردەوە، ئەم هەڵوێستە کاریگەریی ئەرێنیی لێ کەوتەوە، دواجار هوداپار لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٣دا بووە خاوەنی ٤ ئەندامی پەرلەمان.

٣. هوداپار ئێستا وەک ئاکەپەیەکی بچووککراوە، بە تایبەت لە ناوچەکانی باکووری کوردستان و ئیستەنبوڵ لە هەوڵی گەشەکردنێکی فراواندایە، بۆیە هەروەک ئاکەپە لەگەڵ کۆتاییهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆککۆماردا دەستیکردووە بە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، کە بڕیارە لە بەهاری ٢٠٢٤ بەڕێوەبچێت.

بەو پێیەی مەیدانێکی فراوانی لە باکووری کوردستانی بۆ ئاوەڵاکراوە و دەوڵەت و حکومەتیش پشتیوانیی لێ دەکەن، لە هەمان کاتدا ئەندام و لایەنگرانیشی لێبڕاوانە تێدەکۆشن و لەبەرئەوەی سەرەتای کار و چالاکییانە لە هەڵبژاردنەکاندا، ماندوونەناسانە هەوڵدەدەن و ئامادەن لە کارەکەیاندا.

٤. هەموو ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەی پێ درا لە پشتیوانیی دەوڵەت، پشتیوانانی بارزانی لە باکوور و هەندێک لە ئیسلامییەکان؛ دەرفەتێکی ئاڵتونیی بەخشیوە بە هوداپار بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا ژمارەیەک سەرۆکی شارەوانی بەدەستبهێنێت. لەم

چوارچێوەیشدا لە ڕووی ڕێکخراوەیی، میدیایی، ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هوداپار دەستیکردووە بە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڵاتیاندا و بانگەشەی ناڕاستەوخۆ.

بۆ زانیاریی زیاتر؛ بڕوانە: شەیما سەعید
١-حەمەلاو، پارت و ڕەوتی ئیسلامیی سیاسی کوردی لە تورکیا (١٩٨٣-٢٠٠٧)، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٢٢، ل١٤٧-١٥٧.

٢-(مانفست حزب الله) (ئەم مانیفێستە بە زمانی عەرەبی نوسراوە و کۆپییەکی ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ لە نوێنەری بارەگای هوداپار لە هەولێر وەرگیراوە، کە ژمارەی لاپەڕە و زانیاریی دیکەی لە سەر نییە، تەواوی کۆپیی ئەم مانیفێستە لە لای توێژەران پارێزراوە).

3-TUĞBA YAŞAROĞLU: Transformation of Kurdish Islamists; The case of Free-Cause Party of Turkey, In partial fulfillment of the requirements for the Degree of Master of Arts in Modern Turkish studies - School of Social Sciences of İstanbul Şehir University, Istanbul, February 2015, P 61.

4-Engin Avcı: Radikal İslamcı Terörizmin Meşru Gösterilmesi: Türkiye Hizbullahı Örneği, Doktora Tezi, Kara Harp Okulu, 2011, Sayfa 179.

5-Hüseyin Gürtekin: Hizbullah Terör Örgütü: Yapılanması, Faaliyetleri Ve Son Durumu, Yüksek Lisans Tezi, Polis Akademisi, 2008, Sayfa 64.

6-Muhammed Suad Çelen: Eylemleriyle Türkiye Hizbullah'ı Ve Legalleşme Süreci, Yüksek Lisans Tezi, Ege Üniversitesi, 2016, sayfa 158,

7-Mumet Kurt: Den, Şiddet ve Aidiyet Türkiede Hizbullah, Baskı2, Istanbul, 2018, sayfa225; TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit, P75-76.

٨-پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) (AKP /Adalet ve Kalkinma Partis) لە ١٤ی ئابی ٢٠٠١ بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دامەزراوە، دەستەی دامەزرێنەر سیازدە ژنی تێدا بووە کە چواریان باڵاپۆش بوون، لە ناوشیاندا گۆرانیبێژ و ئەکتەر و مامۆستا هەبوون، سەرباری چەندین کەسایەتیی پارتی فەزیلەت، کە کاری سیاسیی لێ قەدەغەکرابوو، لەگەڵ هەندێکی دیکە لە پارتە ناسیۆنالیست و سیکۆلارەکاندا. ئاکەپە وەک سیونۆیەمین پارتی سیاسی لە تورکیا تۆمارکراوە، هەر لە سەرەتاوە ئەردۆغان ئەوەی خستەڕوو کە پارتەکەی میراتگری پارتێکی ئیسلامی نییە، ئەوەندەی میراتگری پارتی دیموکرات بێت، کە سەرکردەکەی مندریس بوو. ئاکەپە دووپاتیکردەوە کە ئەوان بیرۆکە و ستراتیژی خۆیان بۆ گەشەپێدانی نەتەوە دەکێشن. (بۆ زانیاریی زیاتر؛ بڕوانە: مصطفي محمد الطحان: تركيا التى عرفت...من السلطان... الى نجم الدين أربكان ١٨٤٢-٢٠٠٦، ج٢، ط١، الكويت، ٢٠٠٧، ص٣٩٩-٤٠٠).

9-Asli Eltsoy: the Kurdish Hizbulla and its shifting Attitude Towards Kurdishness and the Kurdish Issu turkey, Krokow, Instite of Orintal Studies, Jangillonaian University National Science Center, No17, june 2017, P.7.

١٠-TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit,

p.٨٠-٨٣.        بـۆ زانـیـاریـی زیـاتـر؛ بـڕوانـە:

١١-بـۆ زانیـاریی زیـاتـر؛ بـڕوانـە: ئەحـمـەد قـادر، کۆنگرەی هوداپار، خۆنوێکردنەوە یان خولانەوە لـە بـازنـەدا، ٢٠٢١/٦/١٩، وەرگـیـراوە لـە ٨ی تەمموزی ٢٠٢٣، https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=٥٦٢٥.

١٢-بـەرنـامـەی کـاری دامـەزرانـدنـی هـوداپـار، کوردی/کرمانجی خواروو، ٢٠٢١، ل٥.

١٣-پـــارتـــی دیـــمـــوکـــراتـــی گـــەلان (HDP/ HALKARİN DEMOKRATİK Partisi): ئـەم پـارتـە لـە ١٥ی تـشـرینی یـەکـەمی ٢٠١٢ وەک باڵێکی هاوبەشی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کورد (بەدەپە) کە نوێنەرایەتییان لە ناو پەرلەمانی تورکیادا هەبووە، دامەزراوە. یەکەمین کۆنگرەی لـە ٢٧ی تـشـرینی یـەکـەمی ٢٠١٣ بـەسـتـراوە. بە هـۆی مەترسیی داخستی هەدەپە لەلایەن دادگـای دەسـتـووریـی تـورکـیـاوە، بەرپـرسـانی پارتەکە لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ بـڕیـاریـانـدا لـە ژێـر نـاوی پـارتی چـەپی سـەوز (یەسەپە) و لەگەڵ کاندیدەکانی ئەو پارتەدا بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن. دوای شکستی هەدەپە/یەسەپە لە هەڵبژاردنەکاندا لە ١٥ی تـشـرینی یـەکـەمی ٢٠٢٣ یـەسـەپـە کـۆنـگـرەی چـوارەمی سـازکـرد و نـاوی پـارتـەکـەی گـۆڕی بۆ پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (هەدەپ) Halkların Eşitlik ve Demokrasi Partisi) HEDEP)، لـەبـەرئـەوە ئێـسـتـا بـەرەی چـەپی کوردی تورکیا لە ژێر ناوی هەدەپ بەردەوامە لـە کـاری سـیـاسی و ٦١ پـەرلـەمـانـتـاری هـەیـە. (بـۆ زانـیـاریـی زیـاتـر؛ بـڕوانـە: گـەیـلان عـەبـاس، خـەبـاتی پـەرلـەمـانی کـورد لـە تـورکـیـا، فـۆکـس، وەرزنامەیەکی تایبەتمەندە کە فۆکس لە سەر دۆسـیـە تـایـبـەتـەکـان دەکـات، دەزگـای ئـایـدیـا دەریدەکات، ژمارە ٦، حوزیرانی ٢٠١٨، ل٧-٢٤.

14-TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit, p.80.

15-Ibid, P.101.

١٦-ئەحمەد قـادر؛ سکرتێری گشتیی هـوداپار: بەرنامەو کارەکانی ئاک پارتی نیشانیدەدات کە پارتێکی ئیسلامی نییە، ٢٠٢٠/٧/١٦ وەرگیراوە لە ٢٠٢١/١/٢٤، https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=٥٥٥٢.

١٧-ئەحمەد قادر: س.پ.

١٨-بۆ زانیاریی زیاتر؛ بڕوانە:

TUĞBA YAŞAROĞLU: Op.Cit, p.٨٤-٨٦.

١٩-وەرگیراوە لە:

HÜDA-PAR'ın oy oranı: ٢٠١٨ seçimlerinde ne kadar oy aldı, hangi illerde güçlü? ٢٠٢٣/٧/٩،

https://tr.euronews.com/٢٠٢٣/٠٣/٢٠/٢٠١٨-huda-parin-oy-orani--secimlerinde ne-kadar-oy-aldi-hangi-illerde-guclu ٢٠٢٣/٣/٢٧.

٢٠-وەرگیراوە لە ٢٠ی حوزیرانی ٢٠٢٣.

Cumhurbaşkanı Erdoğan: Aramıza yeni katılacak dostlarla ١٤ Mayıs destanını yazacağız, ٣/ March/٢٠٢٣, https://www.dailymotion.com/video/x٨j٠cy٤

٢١-وەرگیراوە لە ٢٠ی حوزیرانی ٢٠٢٣.

HÜDA PAR'lı ٤ isim AK Parti milletvekili listesinde yer aldı: ١٠/٠٤/٢٠٢٣ Pazartesi Yeni Şafak, https://www.yenisafak.com/huda-parli-isimler-nereden-aday-gosterildi-h-٤٥٢٢٠٥٣.

٢٢-وەرگیراوە لە ١٠ی حوزیرانی ٢٠٢٣..

https://ilkha.com/siyaset/huda-parin-her-٤-adayi-da-meclise-giriyor-٣٢٩٢١٢

HABER MERKEZİ ١٥,٠٥,٢٠٢٣ ١٢:٢٨:٣٥.

٢٣-وەرگیراوە لە ١ی تەمموزی ٢٠٢٣.

https://www.yeniakit.com.tr/haber/huda-parin-٤--kendi-millet-vekili

. html.١٧٦٤٩٥٨-partilerine-gecis-icin
.١٠/٦/٢٠٢٣

ORHAN BOZKURT: HÜDA PAR Genel-٢٤
Başkanı Yapıcıoğlu Barzani'yi ziyaret etti
.٢٠٢٣ Nisan ٢٦ - ١٥:٢٧ :Yayınlanma
/٢٠٢٣/https://www.sozcu.com.tr
gundem/son-dakika-huda-par-genel-
baskani-yapicioglu-barzaniyi-ziyaret-
٧٦٦٦٠٤٠-etti/ وەرگیراوە لە ٥ی تەمموزی
٢٠٢٣

Diyarbakır'daki mitinge binlerce kişi-٢٥
٣٠,٠٤,٢٠٢٣ ,!katıldı
.وەرگیراوە لە ٣ی تەمموزی ٢٠٢٣،
https://www.mucadelegazetesi.com.
tr/diyarbakirdaki-mitinge-binlerce-kisi-
.katildi

ORHAN BOZKURT: HÜDA PAR Genel-٢٦
,Başkanı Yapıcıoğlu Barzani'yi ziyaret etti
٢٦ Nisan,٢٠٢٣.وەرگیراوە لە ٢٠ی حوزیرانی
٢٠ی٢٠٢٣،.https://www.gercekgundem.
com/siyaset/huda-para-barzaninin-
.٤١٥١٩١-danismanindan-ziyaret

Karasu: HDP'yi sadece bir Kürt-٢٧
,partisi haline getirmek istiyorlar
٣٠-٠٦-٢٠٢٣,وەرگیراوە لە ٧ی تەمموزی
.٢٠٢٣
https://www.rudaw.net/turkish/
.٣٠٠٦٢٠٢٣١/kurdistan

Dışişleri Bakanı Mevlüt Çavuşoğlu-٢٨
A Haber'de açıkladı! Esad ile görüşme
.?olacak mı
https://www.ahaber.com.tr/
disisleri-bakani-/١٠/٠٤/٢٠٢٣/gundem
٦=mevlut-cavusoglu-a-haberde?paging
وەرگیراوە لە ٥ی ئایاری ٢٠٢٣.

# دیدی تورکیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبردنی جەنگ

هاوبیر هیوا کریم

**پوختە**

بە هۆی ئەوەی تورکیا لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەن پێگەیەکی سیاسی و جیۆستراتیژیی بەهێزە، گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکان چ لە سەر ئاستی هەرێمایەتی چ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کاریگەریی لە سەر دادەنێت، هاوکات تورکیاش هەوڵی بەڕێوەبردنی ئەو کێشانە دەدات کە بەرەوڕوویدەبێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا سیاسەتی تورکیا لە بەڕێوەبردنی ئەو جەنگ و کێشە و ئاڵۆزییە هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی کە لە سەر ئاستی جیهان ڕوودەدەن، خراوەتەڕوو، وەک: جەنگی سوریا، ئەرمینیا و ئازەربایجان، ئۆکرانیا و ڕووسیا، ئیسرائیل و فەلەستین یاخود حەماس، بە تایبەتییش جەخت لە سەر سیاسەتی تورکیا بۆ بەڕێوەبردنی جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین و لێدوانی بەرپرسانی تورکیا لە سەر ئەو بابەتە و هۆکار و پاڵنەرەکانی هەڵوێستی تورکیا لە سەر جەنگەکە کراوەتەوە، لەگەڵ خستنەڕووی چەند سیناریۆیەک سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا لە ئەگەری فراوانبوونی جەنگی ئیسرائیل و فەڵەستین.

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی نوێی تورکیا لە ناوچەکەدا

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەو بەش و ناوچەیەی جیهان کە دەتوانرێت بگوترێت گرنگترین پێگەی هەیە لە گشت ڕووەکانەوە، بە تایبەت لە ڕووی ئابووری و جیۆپۆلەتیکەوە، چونکە لەم ناوچەیەدا چەندین کارەکتەری نێودەوڵەتیی بەهێز هەن کە چالاکی و بڕیارەکانیان دەتوانێت کاریگەری بخاتەسەر تەواوی جیهان، هەر بۆیە سەرەڕای گرنگیی ناوچەکە لە ڕووە جوگرافییەکەیەوە، هەبوونی ئەو کارەکتەرە نێودەوڵەتیانە گرنگیی زیاتری داوە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

یەکێک لەو کارەکتەرە نێودەوڵەتییە چالاک و سەرەکییانەی ناوچەکە تورکیایە. دەتوانین بڵێین: پێگە و جیۆستراتیژیی دەوڵەتی تورکیا کە تەنانەت بە ئاسیای بچووک ناوبراوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشکی گەورەی بەردەکەوێت و بڕیارە سیاسییەکانی ئەو دەوڵەتە کاریگەریی تەواو دەخاتەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا تا پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی ئەو وڵاتە لە ١٤/٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣ لەلایەن مەولود چاوشئۆغڵۆ (Mevlüt Çavuşoğlu)؛ وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیاوە بەڕێوەدەبرا، سیاسەتێکی شەڕانگێز و پەلهاوێشتن و دەستدرێژیکردنەسەر زۆرینەی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی و دەرکردنی بەیاننامەی توند و زمانی زبر بوو، تەنانەت لەلایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا و خولوسی ئاکار؛ وەزیری پێشووی بەرگریی تورکیا و ئیبراهیم کاڵن؛ گوتەبێژی پێشووی سەرۆکایەتیی کۆمار و بەرپرسی ئێستای دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانی (میت)یشەوە لە دژی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک: سوریا، عێراق، یۆنان ... هتد، زمانی زبر و هەڕەشە بەکاردەهێنرا، بەڵام بە هۆی زۆریی فشارەکانەوە لە سەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی و بە تایبەت بە هۆی قەیرانی ئابووری و زۆریی ڕێژەی هەڵئاوسانەوە کە بەرۆکی حکومەتەکەی ئەردۆغانی گرتبووەوە و چیتر تورکیا نەیدەتوانی بەرەی نوێی جەنگ بکاتەوە و توانای بەڕێوەبردن و بەرگەگرتنی زیاتری فشاری ئابووریی ئەمریکا و ئەوروپای نەمابوو، دوای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان یەکێک لەو گۆڕانکارییانەی کردی، بریتی بوو لە دانانی هاکان فیدان؛ بەرپرسی پێشووی میت بە وەزیری دەرەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو ئەردۆغان فیدانی بە سندوقی نهێنییەکانی خۆی (Sır Küpü) وێناکردووە، هەروەها دانانی ئیبراهیم کاڵن بە بەرپرسی میت، کە دەوترێت کەسایەتییەکی متمانەپێکراو و ڕاوێژکاری سەرەکیی ئەردۆغانە.

لەم دوو گۆڕانکارییەوە سیاسەتی نوێی

دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی خراپی ئابووریی ئەو وڵاتە، گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆوەبینی، ئەویش بریتی بوو لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ گشت وڵاتاندا و زیادکردنی سەردانەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ وڵاتانی ناوچەکە و زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری و نەرمینواندن لە سیاسەتی دەرەوەدا.

ئێستا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا زیاتر خۆی لە نێوەندگیردا دەبینێتەوە، چونکە تورکیا لە نێوان بەرەی ڕووسیا و بەرەی ئەمریکا و ئەوروپاوە لە ژێر فشاردایە، سیاسەتە نوێیەکەی ئەنقەرە بریتییە لە پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو بەرەکەدا، بە جۆرێک کە زیاد نزیکبوون لە هەر لایەنێکیان زیان بە تورکیا دەگەیەنێت. ئەم سیاسەتە زیاتر خوازیاری لێکنزیکبوونەوەیە لەگەڵ ڕووسیادا، بەڵام بە هۆی ئەوەی ڕووسیا بە هۆی جەنگی ئۆکرانیاوە لەلایەن یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)وە دووچاری سەپاندنی سزا بووەتەوە، تورکیاش وەک هاوپەیمانێکی ناتۆ ڕەتیکردووەتەوە سزا بسەپێنێت بە سەر ڕووسیادا، هەر بۆیە لەلایەن وڵاتانی ئەندامی ناتۆوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەتەوە، بەو هۆیەشەوە هەر نزیکبوونەوەیەکی تورکیا لە ڕووسیا وا دەکات لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە توشی سزا ببێتەوە، بە تایبەت سزای ئابووری، کە ئەمەش زیانێکی گەورە بە تورکیا دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی ئەردۆغان، لەو نێوەندەشدا تورکیا ناچاردەبێت هاوسەنگی لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا ڕابگرێت، هەر بۆیە لە سیاسەتی نوێی تورکیادا هەوڵی پاراستنی ئەو هاوسەنگییە دراوە.

**سیاسەتی تورکیا بۆ بەڕێوەبردنی جەنگ**

لە سیاسەتی نوێی تورکیادا هەموو هەوڵەکان لەو پێناوەدایە کە لەو قەیرانە ئابوورییەی تێیکەوتووە، دەربازببێت، لە هەمان کاتدا نەبێتە لایەنگری هیچ کام لە دوو زلهێزە جیهانییەکە (ئەمریکا و ڕووسیا)، هەر بۆیە هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ زۆرینەی وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا خراوەتەگەڕ، لەم ڕێگەیەوە تورکیا هەم لە جەنگ ڕزگاریدەبێت کە تێچوویەکی زۆری دەبێت و زەرەر و زیانی پێ دەگات لە ڕووی سەربازی و داراییشەوە، هەم دەتوانێت پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی فراوانتربکات، تاکو سودی ئابووری بۆ وڵات بەدەستبهێنێت، لە لایەکی دیکەشەوە ئەردۆغان و هاکان فیدان بە تایبەت لە هەوڵی ئاشتەوایيدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ئەو کێشە و جەنگە هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کە سەرهەڵدەدەن. هەروەک ئەردۆغان

لە یەکەم کۆبوونەوەی کابینەی نوێی حکومەتدا ڕایگەیاند: "ئێمە بەشداریدەکەین لە دامەزراندنی ئاشتی و سەقامگیری لە سیاسەتی دەرەوەدا."[١١]

بە هۆی ئەوەی تورکیا لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە هەنگاوی بەرەو ئاشتەوایی ناوە و ڕۆڵی نێوەندگیری دەگێڕێت لە نێوان لایەن و دەوڵەتە ناکۆکەکان لە ناوچەکەدا، توانیویەتی سوودێکی زۆر بەدەستبخات لەو نێوەندەدا، لە ڕووی ناوبانگەوە بۆ حکومەتەکەی ئەردۆغان و پێگەی تورکیاش لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بووەتە جێگەی دەستخۆشی لە لایەن وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە، ڕەنگە لەو ڕۆڵی نێوەندگیریانەشدا تورکیا دەستکەوتی مادی بەدەستبهێنێت، یاخود بە لایەنی کەمەوە خۆی لە فشارەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا دووربخاتەوە.

تورکیا بۆ بەڕێوەبردنی جەنگ لە ناوچەکەدا بە چەندین شێوازی جیاواز دەستوەردەدات بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخە نەخوازراوەکان، ئەم دەستوەردانانە بە جۆرێکە کە تورکیا هەوڵدەدات بەرژەوەندییەکانی خۆیی تێدا پارێزراو بێت، بۆ نموونە: تورکیا سیاسەتی دەستوەردانی سەربازی لە جەنگی ئەرمینیا و ئازەربایجان کردووە، هەرچەندە بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری تورکیا ڕایگەیاندووە کە تورکیا "هەموو ڕێگەیەک" بەکاردەهێنێت، لەوانەش مەشق و مۆدێرنکردنی سوپا، بۆ پشتیوانیکردنی هاوپەیمانە نزیکەکەی ئازەربایجان، بەڵام ڕۆڵی ڕاستەوخۆی لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی باکۆ لە ناوچەی قەرەباخ نەگێڕاوە،[٢] ئەم دەستوەردانەش لە بەرژەوەندی تورکیادایە کە ئازەربایجان وەک هاوپەیمانی نزیک و وڵاتی برا (Kardeş Ülke)ی خۆی دەبینێت و بەرژەوەندیی هەیە لە سەرکەوتنی ئەو وڵاتە لە جەنگەدا.

**پێگە و جیۆستراتیژی دەوڵەتی تورکیا کە تەنانەت بە "ئاسیای بچووک" ناوبراوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشکی گەورەی بەردەکەوێت و بڕیارە سیاسییەکانی ئەو دەوڵەتە کاریگەریی تەواو دەخاتەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**

هەروەها تورکیا لە ڕێگەی هەردوو سیاسەتی دەستوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ و هاوکاریی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی نزیک لە خۆیەوە لەسوریا و لە ڕێگەی دیبلۆماسییەوە لە ڕێکەوتننامەی ئەستانەوە بۆ چارەسەری کێشەی سوریا کاردەکات، ئەمەش بۆ دروستنەبوونی کیانێکی ئیداریی سەربەخۆی کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەگەڕێتەوە، چونکە تورکیا ئاڵۆزیی

دۆخی سوریا و دروستبوونی کیانی کوردی بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانیی خۆی دەزانێت.

هاوکات بە گرتنەبەری سیاسەتی نێوەندگیری، تورکیا هەوڵدەدات ئیدارەی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بدات، لەم جەنگەدا تورکیا هەوڵیداوە ئیدارەی جەنگەکە بدات بەوەی لە بەرەی هیچ کام لە لایەنی ڕووسیا یاخود ئۆکرانیا نەبێت، ئەنقەرە لەم نێوەندەدا کارێکی کردووە کە تا ڕادەیەک ئیدارەی جەنگەکەی داوە، بەوەی ڕازینەبووە بە سەپاندنی سزا بە سەر ڕووسیادا وەک ئەندامی ناتۆ، لە هەمان کاتیشدا ڕەزامەندیی دەربڕیوە تاکو ئۆکرانیا ببێتە ئەندام لە هاوپەیمانیی ناتۆ، بەم جۆرەش تورکیا بە دوای بەدەستهێنانی دەسکەوتەکانی خۆیەوە دەبێت کە کام لایەن زیاتر خزمەتیبکات، تورکیا زیاتر پەیوەندییەکانی لەگەڵدا دەباتەپێشەوە، هەروەها هاوسەنگییەکی ڕاگرتووە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا تاکو لە بەرژەوەندیی لایەنێک لایەنەکەی دیکە لە خۆی زویرنەکات.

لە لایەکی دیکەوە تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین یاخود حەماس لە کەرتی غەزە ئیدارەبدات، کە جەنگەکە ڕوویکردووە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم جەنگە کاریگەریی گەورەی دەبێت لە سەر ناوچەکە و بە تایبەتییش بۆ تورکیا کاریگەریی بەرچاوی دەبێت، چونکە تورکیا لەم چەند ساڵەی دواییدا هەوڵی ئەوەی داوە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایبکاتەوە و بەرەوپێشیانببات لە سەرجەم بوارەکاندا، بە تایبەت لە بواری ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا، هەروەک باڵیۆزی نوێی ئەنقەرە لە ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە کاردەکەین بۆ زیادکردنی قەبارەی بازرگانی دوولایەنەی نێوان هەردوو وڵات بۆ ١٥ ملیار دۆلار،[٣] کۆتا جاریش کە ئەردۆغان چاوی بە بنیامین ناتانیاهۆ؛ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، کەوت لە ٢٠٢٣/٩/٢٠ بوو "لە دیدارێکدا کە لە ماڵی تورکیا لە نیویۆرک بەڕێوەچوو، پرسە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان تاووتوێکران و پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات و ناکۆکییەکانی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل هەڵسەنگاندنی بۆ کرا."[٤] هەر بۆیە ئەم جەنگ و پێشهاتە نوێیەش بۆ تورکیا دەبێتە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ئەگەر بێت و ئەنقەرە نەتوانێت بە باشترین شێوە ئیدارەیبدات، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی کۆمەڵگەی تورکیا مسوڵمانن و دەوڵەتەکەیشی خۆی بە میراتگری دەوڵەتی عوسمانی دەزانێت، هەر بۆیە تورکیا ناتوانێت ڕازیبێت بە دەستدرێژیکردنەسەر مسوڵمانان لەلایەن جولەکە و ئیسرائیلەوە، ئەمەش وا دەکات تورکیا پشتیوانی لە فەڵەستینییەکان بکات لە جەنگەکەدا،

ئەمەش دەبێتە هۆکاری تووڕەبوونی ئیسرائیل و ئەمریکا و ئەوروپایش لە تورکیا، هاوکات پشتیوانانی فەڵەستینیش بریتین لە ئێران و ڕووسیا و وڵاتانی ئیسلامی، هەر بۆیە تورکیا لەم نێوەندەدا هەوڵی ئیدارەدانی ئەم جەنگە دەدات بە پاراستنی هاوسەنگی، تاکو کارێک نەکات کە ئیسرائیل و ئەمریکا لە خۆی زویربکات و هاوکات زیاد لە پێویستیش لایەنگریی ئێران و ڕوسیا نەکات. هەروەک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ڕایگەیاندووە کە "بەو سیاسەتە هاوسەنگ و پرەنسیپانەی کە جێبەجێمانکرد، تورکیامان کردە وڵاتێکی سەرەکی لە چارەسەرکردنی قەیرانەکاندا. ئێمە لە یەکەمین قسەکەرانی هەموو قەیرانەکانین، لە شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا تا ناسەقامگیری سوریا و کارەساتی مرۆیی غەزە." وتیشی: گەورەترین سەرکەوتنمان تا ئێستا ئەوە بووە کە وڵاتەکەمان نەکەین بە لایەنی ململانێ گەرمەکان و نەهێڵین ئاگری ناسەقامگیری بە وڵاتەکەماندا بڵاوببێتەوە."[٥]

## هەڵوێستی فەرمی و نافەرمی تورکیا سەبارەت بە جەنگی ئیسرائیل و فەڵەستین

دەزگا دەوڵەتییەکانی تورکیا لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماسەوە، بەیاننامەی فەرمییان بڵاوکردەوە و بۆچوونی خۆیان بەرانبەر بە جەنگەکە دەربڕی. هەر لە سەرەتای جەنگەکەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا لەگەڵ زۆرێک لە سەرکردەی وڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا گفتوگۆی دەستپێکرد، ئەردۆغان ڕایگەیاند: "هەر کەسێک مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بزانێت، ئاگاداری ئەم ڕاستییەیە کە پرسی فەڵەستین لە دڵی هەموو کێشەکانی ناوچەکەدایە و ئەگەر ئەم پرسە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەرنەکرێت، ناوچەکە بەردەوامدەبێت لە تامەزرۆیی بۆ ئاشتی، هێنانەدیی ئاشتیی هەمیشەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ڕیشەیی بۆ کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل بەدەستدێت." ئەردۆغان ئامادەیی وڵاتەکەیی دووپاتکردەوە بۆ ئەوەی هەموو هەوڵێک بدات بۆ وەستاندنی پێکدادانەکان بە زووترین کات و کەمکردنەوەی گرژییەکانی کەرتی غەزە.[٦] هەر لە سەرەتای جەنگەکەشەوە ئەردۆغان لەگەڵ هاوتا ئیسرائیلییەکەیدا؛ ئیسحاق هێرزۆگ، پەرەسەندنەکانی فەڵەستین و ئیسرائیل و دوایین پێشهاتەکانی پەیوەست بەوانەوە لە سەر ئاشتی ناوچەکە تاووتوێکرد. ئەردۆغان جەختی لەوە کردەوە کە "هەر هەنگاوێک کە زیان بە دانیشتوانی غەزە بگەیەنێت، توندوتیژی لە ناوچەکەدا زیاتردەکات."[٧] هاوکات ئەردۆغان لەگەڵ

مەحموود عەباس؛ سەرۆکی دەسەڵاتی فەڵەستیندا دوایین پێشهاتەکانی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیلی تاووتوێکرد، ئەردۆغان جەختی لەوە کردووەتەوە کە تورکیا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ کۆتاییهێنان بە پێکدادانەکان و جێگیرکردنی ئارامی لە ناوچەکەدا"،[٨] زیاتر لەوەش ئەردۆغان "ئامادەیی وڵاتەکەی نیشاندا بۆ نێوەندگیری بە ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکانیشەوە، بە مەرجێک هەردوو لایەنی جەنگەکە (حەماس و ئیسرائیل) داوایبکەن." ئەردۆغان وێڕای دەربڕینی ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ نێوەندگیرییەکی "دادپەروەران"ە لە گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستیندا، ڕایگەیاند: "پێویستە هەموو کەسێک لە سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی فەڵەستین دووربکەوێتەوە."[٩]

**سیاسەتی دەرەوەی تورکیا تا پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی ئەو وڵاتە لە ٢٨/١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ سیاسەتێکی شەڕانگێز و پەلهاویشتن و دەستدرێژیکردنەسەر زۆرینەی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی و دەرکردنی بەیاننامەی توند و زمانی زبر بوو.**

هاوکات لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە، هاکان فیدان لە سەرەتای جەنگەکەوە لەگەڵ زۆرێک لە هاوتاکانی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا و ئەمریکا و ڕووسیا، سەبارەت بە پێشهاتەکانی جەنگەکە وتووێژ و گفتوگۆی هاوبەشی کرد. هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئیدانەی بەئامانجگرتنی خەڵکی سڤیلی کرد لە جەنگەکەدا، ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو پێکدادانانەی کە لە نێوان ئیسرائیل و گرووپە فەڵەستینییەکاندا دەستیپێکرد، پێشتر وێنەی نەبووە، جەختی لەوەش کردەوە کە ڕووداوەکانی ئەم دواییە ئاماژەیەکی نوێن بۆ ئەوەی چارەسەری دوو دەوڵەت تاکە ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی بەردەوام و دادپەروەرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

هاوکات "هاکان فیدان؛ وەزیری دەرەوەی تورکیا، پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵ ئیسماعیل هەنیە؛ سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی بزوتنەوەی حەماس، ئەنجامدا و تێیدا باسی لە پێشهاتەکانی ئەم دواییەی فەڵەستین و دەرفەتەکانی ئازادکردنی خەڵکی مەدەنی کرد. فیدان لەگەڵ هەنیەدا باسی ئازادکردنی بارمتە مەدەنییەکانی ئیسرائیلی کرد، لە کاتێکدا تورکیا هەوڵدەدات ڕێگەیەک بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکان بدۆزێتەوە لە نێوان کارەساتی مرۆیی بەردەوام لە غەزە بە هۆی بۆردومان و گەمارۆی بێجیاوازی لەلایەن ئیسرائیلەوە."[١٠]

هەر لە سەرەتای جەنگەکەشەوە

پارتەکانی ناو پەرلەمانی تورکیا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند کە "ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ پێشهاتەکانی فەڵەستین و ئیسرائیل دەکات"، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەو بەیاننامەیەی کە لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بە واژووی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بڵاوکرایەوە. لە بەیاننامەکەدا لەگەڵ ئیدانەکردنی هێرشەکانی ئیسرائیل ئاماژە بەوە دراوە کە "بە داخەوە، ئیسرائیل بەردەوامە لە زیادکردنی هێرشەکانی دژی خەڵکی غەزە، بە پێچەوانەی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکانەوە. وەک هەموو ئەندامان و فراکسیۆنەکانی پارتە سیاسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا داوا لە سەرجەم پەرلەمانەکانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکان دەکەین کە هەڵوێستوەربگرن و دەستپێشخەریبکەن بۆ ڕاگرتنی ئەو کارە دڕندەیە."[١١]

هەرچی سەبارەت بە هەڵوێستی نافەرمییە کە لەلایەن پارتە سیاسییەکان و ڕایگشتی و ڕێکخراوەکانی تورکیاوە ڕاگەیەنراوە، بە شێوەیەکی گشتی زۆرینەی پارتە سیاسییەکان بەردەوام پاڵپشتیی توندی خۆیان بۆ فەڵەستین دەردەبڕن و دژی ئیسرائیل وتاردەدەن، بە تایبەت پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە)، پارتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیست (مەهەپە)، هەر بۆ پاڵپشتیی فەڵەستین ئاکەپە گردبوونەوەی جەماوەریی گەورەی سازکرد[١٢] و هاوڵاتیان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەدەم بانگەوازەکەوە چوون. لە لایەکی دیکەشەوە، لە دژی پشتیوانیی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و دەربڕینی هاوسۆزی بۆ گەلی فەڵەستین، دەزگای فریاگوزاریی مرۆیی تورکیا (İHH) ڕێپێوانێکی بەرەو بنکەی سەربازیی ئینجەرلیک کە هێزەکانی ئەمریکای تێدایە، سازدا.[١٣]

**زۆربەی فشارەکان لە سەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی و بە تایبەت قەیرانی ئابووری و زۆری ڕێژەی هەڵئاوسان تورکیای ماندووکردووە و ناتوانێت بەرەی نوێی جەنگ بکاتەوە و توانای بەڕێوەبردن و بەرگەگرتنی زیاتری فشاری ئابووریی ئەمریکا و ئەورووپای نەماوە، هەربۆیە ئەردۆغان لە کابینەی نوێی حکومەتدا گۆڕانکاریی بنەڕەتیی کرد و کەسانێکی کردووەتە بەرپرس بە سەر سیاسەتی دەرەوە کە مەیلیان زیاتر بە لای دانوستاندایە تاوەکو جەنگ.**

## پاڵنەرەکانی پشت هەڵوێستەکانی تورکیا لە سەرجەنگی ئیسرائیل-فەڵەستین

هەروەک ئاشکرایە زۆرینەی هاوڵاتیانی تورکیا و باکووری کوردستان شوێنکەوتوو یاخود سەر بە ئایینی ئیسلامن، هاوکات

تورکیای ئێستا میراتگر و پاشماوەی دەوڵەتێکی مەزنی ئیسلامییە، کە دەوڵەتی عوسمانییە، هەر بۆیە سەرۆککۆماری تورکیا؛ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، وەک خەلیفەی مسوڵمانانی تورکیا و جیهانیش خۆی دەنوێنێت، ناچاردەبێت لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستیندا لایەنگریی فەڵەستین بکات لە وتەکانیدا، هەر بۆیە دەتوانین هۆکار و پاڵنەرەکانی لێدوانە توندەکانی دامەزراوە فەرمییەکانی تورکیا دژی ئیسرائیل لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١. هەرچەندە ڕەنگە ئەردۆغان خۆی ویستی ئەو لێدوانە توندانەی نەبێت کە دژی ئیسرائیل دەریدەبڕێت، بەڵام لەبەرئەوەی جەنگی ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان جەنگێکە کە مێژووەکەی کۆنە و بەدەر لە لایەنی سیاسی جەنگێکی دینییە، تورکیاش وەک وڵاتێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامی ناتوانێت لەبەر دەستکەوتەکانی خۆی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا و بۆ دەستکەوتنی قازانجی وڵات پشت لە وڵاتێکی ئیسلامی بکات، بە تایبەتییش فەڵەستین کە بە لای مسوڵمانانەوە پیرۆزییەکی زۆری هەیە، چونکە "مزگەوتی ئەقسا"ی تێدایە، هەر بۆیە ئەردۆغان ناچاردەبێت لێدوانی توند دژی ئیسرائیل بدات.

٢. ئەگەر دامەزراوە فەرمییەکانی تورکیا پاڵپشتی لە فەڵەستینییەکان نەکەن، ئەوا ڕەنگە لەلایەن هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە و دژایەتی ببنەوە، سەرۆککۆماریش تۆمەتباربکەن بەوەی پاڵپشتی لە ئیسرائیل دەکات و دژی مسوڵمانە، بەو هۆیەوە متمانەیان بە ئەردۆغان کەمبێتەوە.

٣. ئەردۆغان بەردەوام خۆی وەک سەرکردەیەکی ئیسلامی و لە خەمی ئایینی ئیسلامدا نیشانداوە، ئەگەر بێت و لێدوانەکانی لە جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین دژی ئیسرائیل و جولەکە نەبێت، ئەوا لە ناوخۆدا توشی ڕەخنەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەبێتەوە و ئەم خاڵە بەکاردەهێنن تاکو ئەردۆغانی پێ لەکەداربکەن، یاخود ڕەنگە هانی هاوڵاتیان بدەن کە خۆپیشاندانی گەورە بۆ دژایەتیی ئەردۆغان و حکومەتەکەی بکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە لە بەهاری ٢٠٢٤ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکرێت، هەر بۆیە ئەگەر ئەردۆغان خاڵێکی لاواز بدات بە دەست ئۆپۆزسیۆنەوە و پاڵپشتی لە فەڵەستین نەکات، ڕەنگە لە هەڵبژاردنەکاندا پارتەکەی نەتوانێت سەرۆکایەتیی شارەوانییەکانی وەک ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە و بورسا بەدەستبهێنێت.

٤. جەنگی ئیسرائیل و فەڵەستین جیهانی دابەشکردووە بە سەر بەرەی ڕۆژهەڵات کە بریتییە لە وڵاتانی "ئیسلامی و ئێران و ڕووسیا"، هەروەها بەرەی ڕۆژئاوا کە بریتییە لە "ئەوروپا و ئەمریکا"، هەر بۆیە

چ لە سەر ئاستی هەرێمایەتی و چ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەگەر تورکیا و حکومەتەکەی ئەردۆغان پاڵپشتی لە فەڵەستینییەکان نەکەن، ئەوا ڕەنگە تورکیا تووشی کێشە ببێتەوە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و ئێرانیشدا، هەروەها لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییش لەگەڵ ڕووسیادا کە دژایەتیی بەردەوامی هەیە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا، پەیوەندییەکانی ئاڵۆزی تێبکەوێت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا پاڵپشتیی تەواوی تورکیا ناکەن، هەر بۆیە تورکیا لێرەدا ناچاردەبێت نەچێتە بەرەی ئەمریکا و ئەوروپاوە، تاکو لایەنی ڕوسیا و ئێران نەکات بە دوژمنی خۆی، هەر بۆیە تورکیا زیاتر هەوڵی پاراستنی هاوسەنگی دەدات، بەلام لە وتار و هەڵوێستدا ناچارە پاڵپشتیی فەڵەستینییەکان و حەماس بکات.

## تورکیا و ئایندەی جەنگی ئیسرائیل فەڵەستین

جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین یاخود غەزە بە هۆی ئەوەی دیدێکی مێژوویی و ئایینی و سیاسیی هەیە، ئەگەر هەیە درێژەبخایەنێت، یاخود فراوانببێت و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بگرێتەوە و دەوڵەتانی ناوچەکەش پەلکێشی جەنگەکە ببن، تورکیاش بە هۆکاری ئەوەی لە سەر ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەوڵەتێکی گەورە و خاوەن کاریگەرییە، ڕەنگە لە ئەگەری فراوانبوونی بەرەی جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستیندا پشکێکی گەورەی بەربکەوێت، هەر بۆیە لێرەدا بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستەکانی تورکیا تاکو ئێستا، ئەو سیناریۆیانە دەخەینەڕوو کە ئەگەر بێت و جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین ببێتە جەنگێکی هەرێمی یاخود جیهانی، تورکیا چۆن ئیدارەی ئەم جەنگە دەدات.

**ئێستا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا زیاتر خۆی لە "نێوەندگیر"دا دەبینێتەوە، چونکە لە نێوان بەرەی ڕووسیا و ئەمریکا و ئەوروپاوە لە ژێر فشاردایە، سیاسەتە نوێیەکەی ئەنقەرە بریتییە لە پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو بەرەکەدا، بە جۆرێک کە زیاد نزیکبوون لە هەرلایەنێکیان زیان بە تورکیا دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سیاسەتە زیاتر خوازیاری لێکنزیکبوونەوەیە لەگەڵ ڕووسیادا.**

### سیناریۆی یەکەم

لە ئەگەری فراوانبوونی جەنگەکەدا تورکیا وەک وڵاتێکی ناوچەکە بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەشداریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ناکات و هەوڵدەدات ببێتە وڵاتێک کە هەوڵی نێوەندگیریی

لایەنە ناکۆکەکان بدات لە ڕێگەی پەیوەندیی دیبلۆماسییەوە، هاوکات ڕۆڵی ئاشتیپارێز بگێڕێت تاکو هاوسەنگییەک بپارێزێت لە نێوان لایەنەکاندا و لە بەرەی هیچ دەوڵەتێکی شەڕکەر نەبێت، یاخود لە ڕووی پێداویستیی پزیشکی و هاوکاریی مرۆییەوە بەشداریی جەنگ بکات. دەکرێت بوترێت ئەم سیناریۆیە سیناریۆیەکی بەهێزە، چونکە تورکیا هەر لە سەرەتاوە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئیسرائیل و حەماس بگەن بە ڕێککەوتن و ئاگربەست تاکو جەنگەکە فراواننەبێت، چونکە بە فراوانبوونی جەنگەکە تورکیا زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت.

### سیناریۆی دووەم

لە ئەگەری فراوانبوونی جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس، تورکیا بە فشاری دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیی وەک "ڕووسیا و ئێران" بەشداریی جەنگ بکات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتە هاوکاریی بزوتنەوەی حەماس بکات و چەک و تەقەمەنییان بۆ دابینبکات، تاکو سنوورێک بۆ دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل دیاریبکەن بە هاوکاری لەگەڵ ئەو لایەنانەدا کە دژی ئیسرائیلن.

### سیناریۆی سێیەم

بە هۆی ئەوەی تورکیا وڵاتێکی ئیسلامییە و میراتگری دەوڵەتی عوسمانییە و زۆرینەی هاوڵاتیانی مسوڵمانن، ئەگەر بێت و جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس ببێتە جەنگێکی ئایینی، ڕەنگە دەسەڵاتدارانی بەشداریی جەنگ بکەن و لە بەرەی حەماس یاخود فەڵەستین و مسوڵمانان لە دژی ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوا بجەنگن، کە ئەمەش دەبێتە جەنگێکی یەکلاییکەرەوە بۆ تورکیا، کە بە تەواوی دژایەتیی ئیسرائیل و ئەمریکا بکات و پاڵبدات بە ڕووسیا و ئێرانەوە.

**لە سیاسەتی نوێی تورکیادا هەموو هەوڵەکان لە پێناو ڕزگاربوونە لە قەیرانی ئابووری، لە هەمان کاتدا ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان دوو زلهێزە جیهانییەکەدا (ئەمریکا و ڕووسیا).**

### سیناریۆی چوارەم

ڕەنگە لە ئەگەری جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس، ئەردۆغان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی تورکیا و نەڕوخانی حکومەت و دەسەڵاتەکەی و لە ترسی فشاری ئەمریکا، ڕوو لە بەرەی ئیسرائیل و ئەمریکا بکات و ڕایبگەیەنێت کە ئەوەی حەماس دەیکات، لەناوبردنی مسوڵمانانە و دژایەتیی خۆی بۆ حەماس دەربڕێت و هاوکاریی ئیسرائیل بکات بۆ لەناوبردنی حەماس و ڕێگەخۆشکردن بۆ داگیرکردنی

کـەرتـی غـەزە لـەلایـەن ئـیـسـرائـیـلـەوە، چونکە تورکیا دەوڵەتێکە کە بەردەوام بە دوای بەرژەوەندییە باڵاکانی حکومەتدا دەگـەڕێـت، هـەرچـەنـدە ئـەم سـینـاریـۆیـە دەکرێت لاوازترین بێت، بەڵام ئەگەرێکی کراوەیشە.

**لەبەرئەوەی زۆرینەی هاوڵاتیانی تورکیا مسوڵمانن، هاوکات تورکیای ئیستا خۆی بە میراتگری پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی دەزانێت، هەربۆیە سەرۆککۆماری تورکیا؛ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ناچارە لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستیندا لایەنگری فەڵەستین بکات لە وتەکانیدا.**

### دەرئەنجام

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، تورکیا هـەوڵـدەدات لە کێشە و جەنگە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بە دوور بێت و زیاتر ڕۆڵێکی نێوەندگیر ببینێت و ببێتە بەشێک لـە چـارەسـەری کـێـشـەکان، چـونـکـە بە دروسـتـبـوونی کێشـە و جـەنگ لـە وڵاتانی ڕۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاسـت نـاسـەقـامـگـیری دروستدەبێت و ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر سیاسەتی تورکیا و وای لێ دەکات پەلکێشی جەنگ بێت، ئەمەش بۆ تورکیا کـە خـوازیـارە پـەیـوەنـدیـیـەکانی لـەگـەڵ وڵاتـانـدا ئـاسـاییـبکاتـەوە، دەبێـتـە هـۆی کێشـە و وا دەکات ئـەو سیاسـەتـەی کە داڕێژراوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، وەک خۆی جێبەجێنەکرێت.

### سەرچاوەکان

١. Kabine Toplantısı kararları açıklandı! ٦ Haziran ٢٠٢٣ Bakanlar Kurulu İşte Kabine Toplantısı sonuçları ve kararları (haberturk.com).

٢.تركيا: لم نضطلع بدور مباشر في عملية أذربيجان في كراباخ | سكاي نيوز عربية (skynewsarabia.com).

٣.سفير أنقرة الجديد بإسرائيل: سنرفع حجم التجارة الثنائية بين البلدين لـ ١٥ مليار دولار (alarabiya.net).

٤. سەرکۆمار؛ ئەردۆغان پێشوازی لە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل؛ بنیامین ناتانیاهۆ کرد (aa.com.tr).

٥.https://x.com/RTErdogan/status/١٧٢٠٨١٨٢٤٨٤٨٩٤٣٦٨?s=٢٠.

٦.أردوغان: يجب إقامة دولة فلسطينية عاصمتها القدس الشرقية | ترك برس.

٧.أردوغان يبحث مع هرتسوغ التطورات الفلسطينية الإسرائيلية.

٨.أردوغان وعباس يبحثان التطورات بين فلسطين وإسرائيل .

٩.https://x.com/rterdogan_ar/status/١٧١٨٣٣٨٦٠٠١٣٥١٩٠٢١?s=٤٦&t=Rmb٦٠w١٢wfYCHTdpACY٦v٣.

10..https://www.dailysabah.com/arabic/politics/2023/10/16/%d9%

88%d8%b2%d9%8a%d8%b1-%d8%a7%d9%84%d8%ae%d8%a7%d8%b1%d8%ac%d9%8a%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d8%aa%d8%b1%d9%83%d9%8a-%d9%8a%d8%ac%d8%b1%d9%8a-%d8%a7%d8%aa%d8%b5%d8%a7%d9%84%d8%a7-%d9%87%d8%a7%d8%aa%d9%81%d9%8a%d8%a7-%d9%85%d8%b9-%d8%b1%d8%a6%d9%8a%d8%b3-%d8%a7%d9%84%d9%85%d9%83%d8%aa%d8%a8-%d8%a7%d9%84%d8%b3%d9%8a%d8%a7%d8%b3%d9%8a%d9%84%d8%ad%d8%b1%d9%83%d8%a9-%d8%ad%d9%85%d8%a7%d8%b3-%d8%a5%d8%b3%d9%85%d8%a7%d8%b9%d9%8a%d9%84--%d9%87%d9%86%d9%8a%d8%a9.

https://x.com/tbmmgenelkurulu/stat.١١
٦=t&٤٦=s?١٧١٤٣٥٨٦٩١٩٢١٦٣٣٢٩١/us
.٠Rmb٣v٦YCApdTHCYfw١٢w

١٧١٧٤/https://x.com/Akparti/status.١٢
.٢٠=s?٦٣٢٦٢٠٢١٧٨٣٨٤٨

١٣.مسيرة "İHH" التركية تصل "إنجرليك" تنديدا بالدعم الأمريكي لإسرائيل | سياسة (yenisafak.com).

# ڕەهەندەکانی سەردانەکەی سەرۆککۆماری تورکیا بۆ کەنداو

بەختیار ئەحمەد سالح

**پوختە**

لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی ٢٠٢٣، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، گەشتێکی بۆ کەنداو کۆتایی پێ هێنا کە هەر سێ وڵاتی عەرەبستانی سعودیە، قەتەر و ئیماراتی لەخۆگرتبوو. لەو گەشتەدا تورکیا کۆمەڵێک ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەو سێ وڵاتە لە بوارەکانی وزە، پیشەسازی، بەرگری، گەشتیاری، بیناسازی و ژێرخانی ئابووریدا واژووکرد. گەشتەکە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی تورکیا دێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پایتەختەکانی هەرسێ وڵاتدا و دامەزراندنی قۆناغێکی نوێی هاوکاریی نێوان تورکیا و وڵاتانی کەنداو. گەشتەکەی ئەردۆغان تیشکیخستەسەر فاکتەری دارایی و وەبەرهێنان، بە ئامانجی بوژاندنەوەی ئابووریی تورکیا، کە بە شێوەیەکی پێوانەیی دابەزینی بەهای لیرە بەخۆیەوەدەبینێت و بە دەست بەرزبوونەوەی بەرچاوی هەڵاوسان و کێشەی دیکەی ئابوورییەوە لە ئاستە جیاجیاکاندا دەناڵێنێت. داکشانی پابەندبوونی ئەمریکاش بە ئاسایشی کەنداو بزوێنەرێکی سەرەکی بوو بۆ وڵاتانی کەنداو تا بەرەو هەمەچەشنکردنی هاوبەشی دەرەکی هەنگاوبنێن، ئەمەش

هانی تورکیای دا کە خۆی وەک هاوبەشێکی نوێی متمانەپێکراو بۆ وڵاتانی کەنداو نیشانبدات، بە تایبەتی کە تورکیا زلهێزێکی چالاکی هەرێمی و نێودەوڵەتی و خاوەنی تواناکانی بەرگری و سەربازییە.

### بەرایی

لەم دواییانەدا ناوچەکە زنجیرەیەک پرۆسەی ئاشتەوایی بەخۆوەبینی، وەک ئاشتەوایی تورکیا لەگەڵ سعودیە، میسر و ئیمارات، وتووێژی سعودیە و ئێران و ئاشتەوایی قەتەر و میسر. ئەم ئاشتەواییانە پاڵنەرێکیان دروستکرد بۆ بەدەستهێنانی ئارامیی زیاتر و پشتگیری بۆ زیادکردنی گفتوگۆ لە نێوان زلهێزەکانی ناوچەکەدا. گەشتەکەی تورکیاش بۆ کەنداو لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدا دێت کە جگە لە ئامانجی سیاسی، کۆمەڵێک ئامانجی ئابووریش لە پشتییەوە هەبوو. گەشتەکەی ئەردۆغان بۆ کەنداو دوای کۆمەڵێک ڕووداوی ئەم دواییەی ناوچەکە هات، کە گرنگترینیان سەرکەوتنی سەرۆککۆماری تورکیا بوو لە خولێکی نوێی سەرۆکایەتیدا، شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، شەپۆلی جیهانی هەڵاوسان و داکشانی ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکە لە بەرانبەر فراوانبوونی کاریگەرییەکانی چیندا. لە لایەکی دیکەوە لێکتێگەیشتنەکانی تورکیا و کەنداو دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کەمکردنەوەی بوونی زلهێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی دیکە لە ناوچەکە، بەو پێیەی ئەم لێکتێگەیشتنانە دەبێتە هۆی دروستکردنی هاوسەنگییەکی ناوچەیی کە برپڕەی پشتی هەماهەنگیی نێوان تورکیا و کەنداو پێکدەهێنێت.

### گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان

پێوەرە تەقلیدییەکانی دەسەڵات، وەک: چڕیی دانیشتوان و ڕووبەری جوگرافی و قەبارەی سوپاکان، چیتر بەس نین بۆ هەژموون و کاریگەریی ناوچەیی. ئامرازەکانی وەک توانای دارایی، کاریگەریی میدیا، مۆدێرنیزاسیۆنی تەکنیکی لە بوارە سەربازییەکان و کۆنترۆڵکردنی گرووپە چەکدارەکان و کۆمپانیا تایبەتەکانی سەربازی، کاریگەرترینن و توانای داڕشتنەوەی هەلومەرجەکانیان هەیە، بە تایبەتی لە سەردەمی دوای جەنگی تەقلیدیدا.

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی دەیەی ڕابردوو، گۆڕانی خێرای هاوپەیمانی و بەرە ناوچەییەکان بوو، لەو چوارچێوەیەدا بینەری سەرهەڵدانی ڕۆڵی کاریگەری وڵاتانی وەک ئیمارات و قەتەر بووین تا ڕکابەری زلهێزە تەقلیدییەکانی وەک سعودیە و میسر و ئێران بکەن. هەردوو وڵات توانییان سوود لە گۆڕانی چەمکی دەسەڵات و ئامرازەکانی وەربگرن، ئەم وڵاتانە کاریانکرد بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە بە هۆی دابەزینی قورسایی و ڕۆڵی زلهێزە تەقلیدییەکانی

دیکەوە هاتەئاراوە، بە هۆی قەیرانە ئابوورییەکانیان و دواکەوتوویییان لە بواری مۆدێرنیزاسیۆنی تەکنیکی و سەرقاڵبوونیان بە شەڕە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیانەوە، وەک: میسر و سعودیە. سەرەڕای کۆدەنگیی میسر، سعودیە و ئیمارات لە سەر ڕێکخستنی دۆخی ناوچەکە لە دوای بەهاری عەرەبی، چەند جیاوازییەک لە تێڕوانینی ئەو وڵاتانەدا هەبوو، بە تایبەتی لە سەر سەرکردایەتی و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی وەک لیبیا و سوریا، ئەم جیاوازییانە بووە هۆی پێداچوونەوە بە هاوپەیمانییەتەکان و تورکیاش ئەو بەدیلە بوو کە دەیتوانی نوێنەرایەتیی بەردی بناغەی هاوسەنگیی نوێی هێز بکات، لەبەر ئەو هۆیە زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە هەوڵیاندا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەنقەرەدا دووبارە دابڕێژنەوە، ئەم پێداچوونەوانە لە بریی ململانێ زەمینەی بۆ هاوکاری خۆشکرد. "تورکیاش توانیی خۆی وەک گەمەکارێکی گرنگ لە پرسەکانی ناوچەکەدا نمایشبکات، پاشان توانیی کاریگەریی خۆی زیادبکات، بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی نەرم و مۆدێلی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کارایی پیشەسازیی سەربازیی خۆی، کە بووە هۆی تێکدانی هاوسەنگی لە کۆمەڵێک ململانێی ئەو ناوچانەی کە لە ئازەربایجان و ئۆکرانیا درێژدەبنەوە بۆ لیبیا و سۆماڵ. ڕیالیزمی سیاسی پاڵی بە زلهێزەکانی ناوچەکەوە نا کە ستراتیژی خۆیان لە بریی ململانێ، لە سەر بنەمای هاوکاری بونیادبنێنەوە و لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشی تەوای لایەنەکان کار بۆ دووبارە بونیادنانەوە بکەن."[١]

## تورکیا و وڵاتانی کەنداو

تورکیا لە ساڵی (٢٠١٩)ەوە لەگەڵ قەیرانێکی ئابووریدا ڕووبەڕووبووەتەوە و هەڵاوسان لەم وڵاتەدا لە ساڵی ٢٠٢٢دا گەیشتە ڕێژەیەکی پێوانەیی (٨٥٪). بەهای لیرەی تورکی لە دوو ساڵی ڕابردوودا گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی بەرانبەر بە دراوە بیانییەکان و دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانیش ڕەوتی دابەزینی لیرە بەردەوامبوو و ٢٠٪ی بەهاکەی لەدەستدا، ئەم کێشانە هانی ئەردۆغانی دا لە خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی و لە ٥ ساڵی داهاتوودا کەشتییەکەی تورکیا لە دەریای زریاناویی ئابووریدا بگەیەنێتە کەناری ئارام. جگە لە قەیرانی ئابووری، ڕووداوی بوومەلەرزەیەک بە گوڕی ٧.٨ پلە لە ٦ی شوباتی ٢٠٢٣ زیانی زیاتری لێ کەوتەوە و کارەساتەکانی تورکیای دوو هێندە کرد.

گەورەترین ئاڵنگاریی بەردەم حکومەتی نوێی ئەردۆغان قەیرانی ئابوورییە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستی بە سەرمایەی گەورە هەیە، کە پترۆدۆلاری عەرەبیی کەنداو دەتوانێت باشترین بژاردە بێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو

ئاڵنگارییە حکومەتی تورکیا بە نیازە لە درێژمەودادا وەبەرهێنان بە بەهای ٣٠ ملیار دۆلار بکات لە کەرتەکانی وزە، ژێرخانی ئابووری و بەرگریدا. ئەردۆغان دەیەوێت ڕێژەی سوود بە نزمی بهێڵێتەوە لە سەر حیسابی هەڵاوسان، ئەمەش زۆرێک لە وەبەرهێنەرانی ڕۆژئاوای نیگەرانکردووە و بەو هۆیەشەوە ڕۆژئاواییەکان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ڕەتیانکردووەتەوە وەبەرهێنان لەو وڵاتەدا بکەن، هەر لەبەر ئەو هۆکارەش وڵاتانی کەنداو وەک باشترین بژاردە دەرکەوتوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. ئەردۆغان لە وانەکانی ڕابردووەوە فێربووە و بڕیارە سیاسەتێکی میانڕەوتر لە ناوچەکەدا پەیڕەوبکات، چونکە تورکیا سوودی لە دروستکردنی گرژی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا نەبینیوە، بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری و دارایی لە ناوخۆدا پێویستی بە سەقامگیری و هاوکاریی زیاتر هەیە لەگەڵ هاوبەشە نوێ و کۆنەکانیدا، وەک:

**١. سعودیە و تورکیا**

سەرەڕای مێژووی ئەرێنیی پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز و ئەنقەرە لە دەیەی ڕابردوودا، چەند ڕووداوێک بوونە هۆی گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان. پشتیوانیی ئاشکرای تورکیا لە برایانی مسوڵمان (ئیخوان موسلمین) بە تایبەت لە کاتی ڕووداوەکانی ڕابوونی ئیسلامیدا، وەک سەرەتای ناکۆکیی ئایدیۆلۆژیی نێوان ئەو دوو وڵاتە سەیردەکرێت. دوای ئەوە لە ساڵی ٢٠١٧ کاتێک قەتەر لەلایەن هاوپەیمانییەکەوە بە سەرۆکایەتیی سعودیەوە سزای بە سەردا سەپێنرا، تورکیا لە پاڵ دەوحەدا وەستا و پاڵپشتیی سەربازیی خۆی بۆ گەلی قەتەر درێژکردەوە، جگە لە دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ گەلی قەتەر، ئەم هەنگاوەش زیاتر سعودیەی تووڕەکرد. لە ساڵی ٢٠١٨ لە کاتی کوشتنی جەمال خاشوقچی؛ ڕۆژنامەنوسی نارازیی سعودی، ئەردۆغان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ محەمەد بن سەلمانی بە بەرپرسیار لەم ڕووداوە ناوبرد و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ساردتربووەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە هەردوولا گەمارۆی هاوردەکردنی کاڵایان خستەسەر یەکتر.

**زۆرێک لە میدیاکانی تورکیا و کەنداو جەختیان لە سەر لایەنی ئابووریی گەشتەکەی ئەردۆغان بۆ کەنداو کرد، بەڵام لە ڕاستیدا گرنگیی سیاسیی گەشتەکە هیچی لە بەها ئابوورییەکەی کەمتر نەبوو.**

دوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی قەتەر لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانیدا لە کەنداو، هەوڵەکانی تورکیا بۆ باشترکردنی

پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەستیپێکرد، سعودیە کە هەستی بە پێویستی کرد بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی دوای شکستی لە یەمەن، گڵۆپی سەوزی بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنقەرەدا هەڵکرد. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، ٢٦ی تەمووز لە یەکەم وێستگەی گەشتە هەرێمییەکەیدا سەردانی سعودیەی کرد، گەشتێک کە سەرباری لێکەوتە سیاسییەکانی، هیوایەکی زۆری لە سەر هەڵچنراوە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و کەمکردنەوەی فشارەکانی کورتهێنانی بودجەی گشتیی تورکیا و سنووردارکردنی هەڵاوسان و مامەڵەکردن لەگەڵ دابەزینی بەهای دراوی نیشتیمانیی تورکیادا.

ئامانجی ڕیاز هەمەچەشنکردنی هاوبەشە ئەمنییەکان و هاوردەکردنی توانای بەرگرییە، بە شێوەیەک کە شایستەی ئەوە بێت کە پیشەسازیی بەرگریی تورکیا لە درێژخایەندا بەناوخۆییبکات. هاوکاریی بەرگری و وەبەرهێنان لەگەڵ تورکیادا یارمەتیدەر بوو بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی قۆرخکاری و هەلومەرجی سیاسی و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا کە لەلایەن دابینکەرە ڕۆژئاواییەکانەوە سەپێنرابوو، بە تایبەتی کە تورکیا سنووردارکردنی کەمتری هەیە لە سەر پرسی گواستنەوەی تەکنەلۆژیای بەرگری.

لە میانی سەردانەکەدا سعودیە و تورکیادا چەندین یاداشت و گرێبەستیان لە بوارە جیاجیاکاندا واژووکرد، لەوانە: وزە، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ و هاوکاریی بەرگری. گرێبەست و ڕێککەوتن و یاداشتەکانی لێکتێگەیشتن لە ٢٧ی تەمموز لە شاری جیددە بە ئامادەبوونی محەمەد بن سەلمان؛ شازادەی جێنشینی سعودیە و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆکی تورکیا واژووکران.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی میدیاکانی سعودیە و تورکیا، ڕێککەوتنەکان بریتین لە کڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە تورکیا، سەرباری کۆمەڵێک گرێبەستی گرنگی ئابووری بۆ تورکیا، کە لەم ڕۆژانەدا بە دەست ئابوورییەکی پڕ لە کێشەوە دەناڵێنێت. "سعودیە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە تورکیا دەکڕێت بە ئامانجی زیادکردنی توانای هێزە چەکدارەکان و پەرەپێدانی تواناکانی بەرگری و بەرهەمهێنان. ئاژانسی هەواڵی فەرمیی سعودیە وردەکاریی ئەم ڕێککەوتنەی ڕانەگەیاندووە، تەنها ئەوە نەبێت کە ڕێککەوتنەکە لە نێوان کۆمپانیای پیشەسازیی بەرگریی تورکیا (بایکار) و وەزارەتی بەرگریی سعودیەدا واژووکراوە، بە پشتبەستن بەو ڕێککەوتنە تورکیا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بایرەکدار ئاکینجی بە سعودیە دەفرۆشرێت، ئەم ڕێککەوتنە گەورەترین گرێبەستی هەناردەکردنی بەرگریی ئاسمانییە لە مێژوودا".[٢]

"سعودیە سیاسەتی بەرهەمهێنانی ٥٠٪ی پێداویستییە بەرگرییەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی تا ساڵی ٢٠٣٠ پیادەدەکات. بە پێی ئەم سیاسەتە سعودیە گرێبەستەکانی چەک لەگەڵ هاوبەشەکانیدا بەو مەرجە دەکات کە کارگەی ناوخۆیی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو چەکانە دابمەزرێنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی بەشێک لە تەکنەلۆژیای دروستکردنی چەک بۆ سعودیە. ئێستا ١١٤٠ کۆمپانیای سعودی لە تورکیا کاردەکەن، هەروەها ٣٩٠ کۆمپانیای تورکیا بە شێوەیەکی سەرەکی لە بوارەکانی خۆراک و جوانکاری و بەڵێندەرایەتیدا لە سعودیە چالاکن، هەروەها قەبارەی هەناردەی تورکیا لە ٤ مانگی یەکەمی ٢٠٢٣دا ٧٨١ ملیۆن دۆلار بووە. قەبارەی ئاڵوگۆڕی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵی ٢٠١٧ بریتی بووە لە ٥.٤ ملیار دۆلار، لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەم ڕێژەیە بۆ ١.٦ ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە. چەند مانگێک لەمەوبەر سندوقی گەشەپێدانی سعودیە واژووکردنی ڕێککەوتنێکی بۆ دانانی ٥ ملیار دۆلار لە بانکی ناوەندی تورکیا ڕاگەیاند بۆ پشتیوانیکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەکانی بوومەلەرزەکە. هەروەها سعودیە ئامادەیی خۆی بۆ وەبەرهێنانی ١٨ ملیار دۆلار لە ژێرخانی تورکیا ڕاگەیاند، ئەمەش دوای دیداری محەمەد بن سەلمان؛ شازادەی جێنشینی ئەم وڵاتە، لەگەڵ ئەردۆغان لە پەراوێزی مۆندیالی ٢٠٢٢ لە قەتەر."[٣]

**کەمبوونەوەی پابەندبوونی ئەمریکا بە پاراستنی ئاسایشی کەنداوەوە بزوێنەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەو وڵاتانە تا بەرەو هەمەچەشنکردنی هاوبەشی دەرەکی هەنگاوبنێن، ئەمەش هانی تورکیای دا کە خۆی وەک هاوبەشێکی نوێی متمانەپێکراویان نیشانبدات.**

**٢. تورکیا و ئیمارات**

هاوشێوەی سعودیە، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیماراتدا لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی تورکیا لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی پشتیوانیکردنی لە گرووپە ئیسلامییەکان، ساردبوونەوەی بەخۆوەبینیبوو، هەروەها لە کودەتا شکستخواردووەکەی ١٥ی تەممووزی ٢٠١٦ی تورکیا، باس لە تێوەگلانی ئیمارات لەو ڕووداوەدا دەکرێت.

ڕکابەریی نێوان ئەنقەرە و ئەبوزەبی تەنیا لەم ڕووداوانەدا سنووردار نەبوو، بەڵکو لە هەموو پێشهاتە ناوچەییەکان لە ڕۆژئاوای ئاسیا تا باکووری ئەفریقا، بریکارەکانی ئەو دوو وڵاتە دژی یەکتر بوون، بەڵام "لە دوو ساڵی ڕابردوودا سەرکردەکانی ئەو دوو وڵاتە بڕیاریاندا کە لە جیاتیی جیاوازیی ئایدیۆلۆژی،

سەرنجبخەنەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییە هاوبەشەکان و باشترکردنی پەیوەندییەکان."[٤]

پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان تورکیا و ئیمارات بە خێرایی بەرەو فراوانبوون دەچێت؛ مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ هەردوو وڵات ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەی هاوبەشی ئابوورییان پەسەندکرد و لە سەردانەکەی ئەم دواییەی ئەردۆغان بۆ ئیمارات، ڕێکارەکانی کاراکردنی ئەم ڕێککەوتنە تاووتوێکرا. لە سەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە پێشبینیدەکرێت لە ٥ ساڵی داهاتوودا ئاڵوگۆڕی نانەوتی نێوان ئیمارات و تورکیا لە ١٨ ملیار دۆلارەوە بۆ ٤٠ ملیار دۆلار بەرزببێتەوە. لە میانی دیدارە فەرمییەکانی ئەردۆغان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئیمارات، ١٣ ڕێککەوتن لە بوارەکانی گواستنەوە، تەندروستی، گەشتیاری، پیشەسازیی بەرگری، خانووبەرە، لۆجیستی و تەکنەلۆژیای پەیوەندیدار بە زیرەکیی دەستکرد واژووکران، کۆی بەهای ئەو ڕێککەوتنانە زیاتر لە ٥٠ ملیار دۆلارە. هەروەها ئیمارات بەڵێنیداوە پاڵپشتیی حکومەتی ئەردۆغان بکات بۆ دابینکردنی دارایی پێویست بۆ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی پەیوەندیدار بە زیانەکانی بومەلەرزە وێرانکەرەکەی تورکیا، ئەمە جگە لە دروستکردنی لیژنەیەکی ستراتیژیی باڵای نێوان هەردوولا بۆ هەماهەنگیی پرسەکانی هاریکاریی بازرگانی و وەبەرهێنانی ئابووریی نێوانیان.

ئۆمەر پۆلات؛ وەزیری بازرگانیی تورکیا، ڕایگەیاند ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ ئیماراتدا واژووکراون، یارمەتیی بازرگانانی هەردوولا دەدات بۆ ئەوەی بە سوودێکی زیاترەوە وەبەرهێنانبکەن، هەروەها یارمەتیی کۆمپانیا ئیماراتییەکان دەدات بچنە بازاڕی یەکێتیی ئەورووپا لە ڕێگەی ڕێککەوتنی یەکێتیی گومرگی لەگەڵ تورکیادا. وەبەرهێنانی ئیمارات لە بازاڕی تورکیا ئامانجێکی جەوهەری بوو بۆ هەردوولا، بە تایبەت لەگەڵ ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان لە بازاڕی تورکیا.

لایەنی ئەمنییش لە یاداشتە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولادا ئامادەبوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خواستی ئیمارات بۆ سوودوەرگرتن لە لێکتێگەیشتنەکانی ئێستا لەگەڵ تورکیادا بە شێوەیەک کە دەستیبگات بە ئامانجە ئەمنییەکانی تایبەت بە خۆی، جا چ لە یاداشتنامەی ئاڵوگۆڕی تۆمەتبارەکاندا بێت، یان یاداشتنامەی دامەزراندنی لیژنەیەکی ستراتیژیی باڵا و هاوکاری لە بواری پیشەسازیی بەرگریدا. قەبارەی وەبەرهێنانی هاوبەش لەگەڵ ئیمارات لە نێوان ٣٠ بۆ ٤٠ ملیار دۆلاردا مەزەندەدەکرێت لە بوارەکانی گواستنەوە، کشتوکاڵ، پیشەسازیی بەرگری و وزەدا خۆی دەبینێتەوە. ئەم بڕە وەبەرهێنانە ئیمارات دەکاتە گەورەترین هاوبەشی تورکیا لە ناوچەکەدا.

ئێستا قەبارەی بازرگانی ساڵانەی

ئـەو دوو وڵاتــە لــە ١٠ ملـیـار دۆلار نـزیـکـە و دەسـەڵاتـدارانـی ئـەنـقـەرە و ئـەبـوزەبـی هـیـوادارن تـا کـۆتـایـی خـولی سەرۆکایەتییەکەی ئەردۆگان بگاتە ٤٠ ملیار دۆلار.

**ئەردۆغان دەیەوێت بە خۆشگوزەرانییەوە کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بهێنێت، هەربۆیە نایەوێت هەڵەکانی ڕابردووی دووبارەبکاتەوە و بڕیارە سیاسەتێکی میانڕەوتر لە ناوچەکەدا پەیڕەوبکات.**

سـەبـارەت بـە ڕێـگـریـیـەکـانی بـەردەم ئـاسـایـیـکـردنـەوەی پـەیـوەنـدیـیـەکـانی نـێـوان تـورکـیـا و ئـیـمـارات، دەکـرێـت بڵێین کە "ئـەو دوو وڵاتـە بـەردەوامـن لە ڕکابەرییەکانیان لە لیبیا، سوریا و بەشێک لە ئەفریقا، کە ڕەنگە ببێتە ئاڵنگارییەک بـۆ ئـاسـایـبـوونـەوەی پـەیـوەنـدیـیـە دووقۆڵییەکانی داهاتوویان، بۆ نموونە: لە لیبیا ئیمارات پاڵپشتیی ژەنەڕاڵ خەلیفە حەفتەر دەکات، تورکیاش پاڵپشتی لە حکومەتی یەکێتیی نیشتیمانی دەکات، کە بنکەکەی لە تەرابلوسە و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانپێدانراوە. هاوکات ئیمارات پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد؛ سەرۆکی سوریا، دروسـتـکـردووەتـەوە، لـەگـەڵ ئـەمـەشـدا سوپای تورکیا بەردەوامە لە کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە ناوچەکانی باکووری سوریا، بـەڵام پێشبینیدەکرێت کـە تـورکـیـا و ئـیـمـارات خـۆیـان لـە تـۆمـەتـبـارکـردنی ڕاستەوخۆی یەکتر بەدووربگرن و لە بریی ئەوە، بەردەوامبن لە پەیوەندییەکانیان."[٥]

### ٣. قەتەر و تورکیا

لـە گـەشـتـەکـەی کـەنـداوی ئـەردۆغـانـدا قەتەر پێگەیەکی جیاوازی هەبوو، چونکە بە پێچەوانەی سعودیە و ئیماراتەوە، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ قەتەر لە ڕابـردوودا ستراتیژی بـووە. هـەردوو وڵات هەڵوێستی هاوبەشیان هەبوو، لە کاتی کودەتا شکستخواردووەکەی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٦ قەتەر پاڵپشتیی ئەردۆغانی کرد، لە لایەکی دیکەوە ئەنقەرە لە کاتی گەمارۆدانی قەتەر لە پاڵ میر تەمیم ئەل سانیدا وەستایەوە. لە پرسە ناوچەییەکان لە لیبیا بۆ یەمەن و لەم دواییانەشدا لە ئەفغانستان و هەروەها لە پرسە عەرەبییەکانی وەک سوریا، نزیکبوونەوەی قەتەر و تورکیا یەکگرتوو بووە تا ئەو ڕادەیەی کە قەتەر لەلایەن کۆمکاری عەرەبییەوە تۆمەتبارکرا بە پاڵپشتیی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر باکووری سوریا لە ٢٠١٩.

قـەتـەر هـەمیشە پاڵپشتیی حکومەتی ئەردۆغانی کردووە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە ئابوورییەکانی تورکیا و وەبەرهێنانێکی زۆری لە بوارە جیاجیاکانی ئەم وڵاتەدا

کـردووە، سـەردانـەکـەی ئـەم دواییـەی ئەردۆغان بۆ دۆحە هەنگاوێکی دیکەیە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان و فراوانکردنی ئاڵوگۆڕی ئابووریی نێوان هەردوو وڵات. لـەم سـەفـەرەدا چـەنـدین ڕێککەوتنی ئـابـووری واژووکـــران، کـە تـا ئێسـتا وردەکارییەکانیان بڵاونەکراوەتەوە.

پەیـوەنـدییـەکانی قـەتـەر و تـورکـیا بە هـاوکـاری و هـەماهـەنگـیی هـاوبـەش دەناسرێتەوە کە بە درێژایی ماوەی ڕابردوو پـارێـزراوە، سـەرەڕای هـەمـوو هـەڵاوسـان و قـەیـرانـە سـیاسـییـەکانی نـاوچـەکـە، دەوحـە ویسـتوویەتی لـە سـەردانـەکـەی ئـەم دوایـیـەی ئـەردۆغـان، خـواسـتی بەردەوامی قووڵبوونەوەی پەیوەندییەکان و هاوکاری دووقۆڵی و هاوبەشی نێوانیان پشـتڕاسـتبکـاتـەوە، بـە شـێـوەیـەک کە قورسـاییەکی کاریگەر بە هـەردوو لایەن بدات لە سەر هەردوو گۆڕەپانی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

پەیوەندییەکانی دەوحـە و ئەنقـەرە لە چـەنـد سـاڵی ڕابــردوودا پـەرەسـەنـدنی زۆری بەخۆیەوەبینیوە، بـە تایبـەتی لە مانگی حوزەیرانی (٢٠١٦)وە کە سعودیە پلانی هـەبـوو هێرشـبکاتـەسـەر قـەتـەر، بـەڵام بە هـۆی پلانی ئێران و پشتیوانیی تـورکـیا بۆ قـەتـەر، هێرشـەکە ڕوویـنـەدا، هاوکارییـەکی بـەردەوام لـە سـەر ئاستـە جیاوازەکان لە نێوان قـەتـەر و تورکیادا هـەیە، سـەربـاری هەماهـەنگییـەکی زۆر و ڕێککەوتنی سیاسی لە سـەر زۆرێک لە پرسـە هـەرێمی و نێودەوڵـەتییـەکان، بە تایبەتی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەهـا پەیوەندییەکانی نێوان هـەردوو وڵات لـە سـەر ئاستی سـەربـازی لـە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٧دا بەهێزتر بوو، ئەمەش دوای پەسەندکردنی ڕێککەوتنی هاوکاریی سەربازی لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە.

تـورکـیـا پـەیـوەنـدیی سـتراتـیـژیی لـەگـەڵ قـەتـەردا هـەیـە، نـزیـکـەی ١٥ هـەزار سەربازی تورکیا لە قەتەر هەیە. لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەردۆغان بە وەبەرهێنان لە قەتەر و پاشەکەوتکردنی پارەی ئەو وڵاتـە لـە بانکەکانیدا توانیی لـە کاتی هەڵبژاردنەکاندا هەڵاوسان کۆنترۆڵبکات.

### ئامانجەکانی وڵاتانی کەنداو

لـەم نێوەنـدەدا وڵاتـانی کـەنـداو زیـاتر لە ڕوانـگـەی سیاسـیـیـەوە هـەڵسـەنگاندن بـۆ پـەیـوەنـدی خـۆیـان لـەگـەڵ تـورکـیـادا دەکەن نەک لە ڕوانگەی ئابوورییەوە. بە لەبەرچاوگرتنی کەمبوونەوەی خواستی ئەمریکا بـۆ ئـامـادەبـوون لـە کـەنـداوی فـــارس، ئــەم وڵاتـــانـە دڵـخـۆشـن بـە هاتنەوەپێشی تورکیا بۆ کەنداوی عەرەبی و ئارەزووی یارمەتیدانی تورکیایان هەیە لە کێبڕکێی هەرێمیدا.

وڵاتـــانـی کـــەنـــداو بـــە ســـەرۆکـایـەتـیـی سعودیە و ئیمارات، زیاتر لە ساڵێکە پەیڕەوەی لە سیاسەتی "سفرکردنەوەی کێشـەکان" دەکـەن. ئـەم وڵاتـانـە کە ڕێگەی گەشەسەندنی ناوخۆ و ڕاکێشانی

وەبەرهێنانی دەرەکییان گرتووەتەبەر، بە ڕواڵەت گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە هەوڵی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بۆیە سیاسەتی دیالۆگ و سازش لەگەڵ ڕکابەرەکانیاندا، لەوانەش: ئێران و تورکیا، جێبەجێدەکەن. ئەم سیاسەتە پەیوەستە بە کەمبوونەوەی هەژموونی ئەمریکاوە لە ناوچەکەدا، کە یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین و وڵاتانی ناوچەکەدا، ئەمەش پێشهاتێکە دەسەڵاتی هەژموونی سیاسی و هێزی نێوەندگیری بە وڵاتانی عەرەبیی کەنداوی فارس بەخشیوە.

وەبەرهێنانەکان لە بواری بەرگریدا نوێنەرایەتیی لایەنێکی گرنگی ڕێککەوتنە واژووکراوەکانی دەکرد، بە تایبەتی کە تورکیا توانیویەتی پیشەسازیی بەرگری و سەربازیی خۆی بەرەوپێشببات.

وەزارەتی بەرگریی سعودیە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کۆمپانیای بایکاری تورکی بەدەستهێنا و ئامانجی سەرەکی لەم کارەش بەرزکردنەوەی ئامادەیی هێزە چەکدارەکان و بەرزکردنەوەی توانای هێزی بەرگریی سعودیەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەر لایەنێک لەم جۆرە وەبەرهێنانەدا ئامانجەکانی خۆی بەدەستدەهێنێت، بەڵام کوالێتیی وەبەرهێنان، چ لە ڕووی جۆری فڕۆکە یان کەرەستەی سەربازییەوە، ڕەنگە وابەستەی ڕادەی ئەو لێکتێگەیشتنانە بمێنێتەوە کە هەردوولا لە سەری ڕێککەوتوون، جا بە زیادکردن بێت یان کەمکردنەوە.

هەروەها واژووکردنی ڕێککەوتنی ئەنقەرە لەگەڵ ئەبوزەبیدا سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی کەسانی داواکراو لە نێوانیاندا، ئاماژەیە بۆ هاریکاری لە بواری ئاسایش و ئەگەری باشتربوونی بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوانیان و تێپەڕاندنی ناکۆکییەکانی پێشووی نێوان هەردوو وڵاتی لێ دەکەوێتەوە.

"لێکنزیکبوونەوەی تورکیا و کەنداو خاڵی بەهێز دەبەخشێت بە هەردوولا، بۆ ئەوەی هەریەکەیان بتوانن لە هەماهەنگیی هاوبەشی بەرژەوەندییە تایبەت و هەرێمییەکان و بەهێزکردنی هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا سوودمەند بن، بەڵام نزیکبوونەوەی تورکیا و کەنداو ڕەنگە ببێتە هۆی جۆرێک لە یەکسانی لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕۆژئاوادا، چونکە تورکیا ئێستا هێزی ئابووریی خۆی لە بواری وزەدا بەدەستدەهێنێتەوە، بە تایبەتی لە سایەی وڵاتانی کەنداوی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی وزە."[٦]

پێشبینیدەکرێت وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو تا ساڵی ٢٠٢٨ بازرگانییان لەگەڵ ئەنقەرەدا هەبێت و پەیوەندییەکانی تورکیا و کەنداو هاوشێوەی دوو دەیەی ڕابردووی لێ

ببێتەوە، لە لایەكی دیكەوە "دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەردۆغان بۆ زۆرێک لە بەرپرسانی کەنداو جێگەی بایەخ بوو، لەبەرئەوەی بۆی هەبوو بە سەرکەوتنی کەمال کلیچدارئۆغلۆ؛ کاندیدی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر بە ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو بە شێوەیەک بگۆڕێت کە پەیوەندییەکانیان تێکبدات، بە تایبەتی قەتەر کە مەترسیی دابەزینی ئاستی پەیوەندییەکانی هەبوو لەگەڵ ئەنقەرە لەگەڵ سەرکەوتنی کلیچدارئۆغلۆدا."[٧]

**وڵاتانی کەنداو بە سەرۆکایەتیی سعودیە و ئیمارات، زیاتر لە ساڵێکە پەیڕەوەی لە سیاسەتی "سفرکردنەوەی کێشەکان" دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری دەدەن لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا، بۆیە سیاسەتی دیالۆگ و سازش لەگەڵ ڕکابەرەکانیاندا، لەوانەش: ئێران و تورکیا، جێبەجێدەکەن.**

**دەستکەوتەکانی تورکیا**

١.شەڕەکانی ساڵانی ڕابردوو گرنگیی چەکی نوێ لە یەکلاییکردنەوەی ململانێکان لە سەرانسەری جیهاندا نیشاندا، بە تایبەتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و موشەکی زیرەک. تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بە خێرایی گەشەسەندنی بەخۆیەوەبینیوە لە بواری سەربازیدا، هەروەها پێشکەوتووترینە لە بواری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا لە ناوچەکە و توانیویەتی موشەکی کروز پەرەپێبدات کە لە سەر ئەو فڕۆکانە دانراون، جگە لەوەش لە پەرەپێدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جەنگی لە جۆری کزڵ ئێلما (Kızıl Elma) پێشکەوتنی بەدەستهێناوە. بەم پێیە هاوبەشیی نێوان هەردوولا لە ئاستە جیاجیاکاندا بە بەرهەمدار دادەنرێت، بە تایبەتی بە ئامادەیی ئەنقەرە بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و خۆماڵیکردنی ئەم پیشەسازییە لە وڵاتانی کەنداو و هاوکاریی هاوبەش لە سەر پەرەپێدانی.

٢.ڕێککەوتنە سەربازییەکان گەورەترین ڕێککەوتنە لە مێژووی پیشەسازیی بەرگریی تورکیادا. سعودیە ڕێککەوتنێکی واژووکردووە بۆ باشترکردنی کارایی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی "ئاکینجی" کە مەودای فڕینی مامناوەند و بەرگەگرتنی درێژخایەنیان هەیە، ئەمە جگە لە کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی تری هاوکاریی سەربازی، وەک: گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنانی هاوبەش بە مەبەستی پێشخستنی پیشەسازیی تەکنەلۆژیای

بەرز و زیادکردنی تواناکانی بەرهەمهێنان لە هەردوو وڵاتدا، هەروەها سعودیە ئارەزووی خۆی دەربڕی بۆ دروستکردنی هێڵی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە شاری جیددە بۆ بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیا. گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پیشەسازیی بەرگریی سعودیەدا، هەروەها داهاتی پیشەسازیی بەرگری تورکیا زیاددەکات، جگە لەوەش، سعودیە و تورکیا سێ یاداشتنامەی هاوکارییان لە بوارەکانی وزە، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ و هاوکاری میدیاییدا واژووکرد و ڕێککەوتن لە سەر پلانی جێبەجێکردن بۆ هاوکاریکردن لە بوارەکانی تواناکان، پیشەسازیی بەرگری و توێژینەوە و پەرەپێدان. سعودیە سوودمەند دەبێت لە هاوبەشییە سەربازییەکانی لەگەڵ تورکیادا، بە سووککردنی ئەو سنووردارکردنانەی کە بۆ کڕینی چەک بە سەریدا سەپێنراوە.

٣."هاوبەشیی نێوان تورکیا و وڵاتانی کەنداو هۆکارێکی سەرنجڕاکێشە بۆ وڵاتانی دیکە بۆ چوونەناو ئەو هاوپەیمانییەتییە ناوچەییە، بە تایبەتی لەگەڵ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و میسردا. ئەگەر ئەم هاوبەشییە گەشەبکات و ببێتە هاوپەیمانییەکی هەرێمیی فراوانتر، ئەوا هاوکارییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا لە بوارەکانی وزە و کەشتیوانیدا بەرزدەکاتەوە. سەبارەت بە کیشوەری ئەفریقا، تورکیا بە وەبەرهێنانە گەورەکانی لە ئەسیوپیا، دەتوانێت فشاربخاتەسەر ئەدیس ئەبابا بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک جێگەی ڕەزامەندیی میسر و ئەسیوپیا بێت لە سەر پرسی بەنداوی گەورەی ڕێنێسانسی ئەسیوپیا."[٨]

## هەڵسەنگاندنی گەشتەکەی ئەردۆگان بۆکەنداو

سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ ٣ وڵاتی کەنداو دەتوانرێت لە ٢ ڕوانگەی ئابووری و سیاسییەوە شیکاربکرێت. لایەنی ئابووری لە میدیاکاندا زیاتر جەختی لێ کراوەتەوە، بەڵام پێدەچێت ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانی ئەو گەشتەش گرنگییەکی زۆری هەبێت.

تورکیا بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەو کێشە داراییانەی کە بە هۆی زیادبوونی قەرزە دەرەکییەکانەوە دروستبووە، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەهای لیرە و دابەزینی پێگەی ئەم وڵاتە لە ڕیزبەندیی جیهانی وەبەرهێنانندا، ڕووی لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی کەنداو کرد بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی ئەو وڵاتانە تا وەبەرهێنانبکەن لە تورکیا. "بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پەیوەندییەکان و هاوسەنگییەکی نەرم لە گۆڕەپانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، بەدوورنازانرێت کە وڵاتانی بچووکتری کەنداو وەک قەتەر، کوێت و تەنانەت

ئیمارات، وەک فاکتەری هاوسەنگی لە بەرانبەر سعودیە سەیری ئەنقەرە بکەن، بە تایبەتی تورکیا، لە کاتی گەمارۆی سەر قەتەردا ئەرکی پشتیوانیی بۆ دەوحە جێبەجێکردووە."[٩]

**هاوبەشی تورکیا و وڵاتانی کەنداو هۆکارێکی گرنگە بۆ وڵاتانی دیکە، ئەگەر ئەم هاوبەشییە گەشەبکات و ببێتە هاوپەیمانییەکی هەرێمیی فراوانتر، ئەوا هاوکارییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە بوارەکانی وزە و گەشتیوانیدا بەرزدەکاتەوە.**

گەشتە عەرەبییەکەی ئەردۆغان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە میدیا عەرەبی و تورکییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە و زۆرێک لە شارەزایان ئەم گەشتەیان بە دووەم سەرکەوتنی ئەردۆگان لە دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا ڕاڤەکردووە. گرنگترین هۆکاری گرنگی ئەم گەشتە، گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سعودیە و ئیماراتە لە گرژبوونەوە بۆ هاریکاری؛ پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ ڕیاز و ئەبوزەبی تەنها لە ماوەی دوو ساڵدا لە کێبڕکێیەوە بەرەو ئاساییبوونەوە و دواتر بۆ هاوبەشی ستراتیژی پەرەیسەندووە.

تورکیا بۆی دەرکەوتووە ئەگەر بیەوێت کاریگەریی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێت، دەبێت پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ زلهێزەکانی ناوچەکە وەک میسر و سعودیە بەردەوامیی پێ بدات، هەروەها تورکیا بۆ پێشگرتن لە داڕمانی ئابوورییەکەی پێویستی بە دراوی قورس هەیە و ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا، بە تایبەتی سعودیە و ئیمارات، بەدەستدێت، لە کاتێکدا ئەم دوو وڵاتە بە دوای پرۆژەی ئابووریدا لەگەڵ چیندا دەگەڕێن، ئەمەش وا دەکات تورکیا هەستبکات پێویستە هەبێت لە گۆڕەپانەکەدا. "ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەتی میسر و وڵاتە کاریگەرەکانی ناوچەی کەنداو، چووەتە قۆناغێکی نوێوە. دوای شەڕی ڕوسیا لەگەڵ ئۆکرانیا و هاتنەسەرکاری جۆ بایدن؛ سەرۆکی ئەمریکا و گۆڕینی سیاسەتەکانی ئەمریکا، هەموو ئەمانە وای کرد وڵاتانی ناوچەکە سیاسەتی نوێ و جیاواز بگرنەبەر."[١٠]

تورکیا سوودی لە هەڵەکانی ڕابردوو وەرگرتووە و بڕیارە سیاسەتێکی میانڕەوتر لە ناوچەکەدا پەیڕەوبکات، چونکە ئەردۆغان دەیەوێت بە خۆشگوزەرانییەوە کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بهێنێت لە دوای ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە کاریگەریی لە سەر وڵاتەکە دروستکردووە.

"ئێران، سعودیە و تورکیا لە دێرزەمانەوە

لە کێبڕکێدا بوون، ئێستاش ئیمارات بۆ ئەم گرووپە زیادبووە، بۆیە لە ناوچەکەدا کێبڕکێیەکی جیۆپۆلەتیکی لە نێوان ئەم وڵاتانەدا هەیە، هەر یەکێک لەو وڵاتانە لێکنزیکببنەوە، وڵاتی سێیەم یان چوارەم خەمی پەیوەندییەکەی نێوانیانی دەبێت. سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ وڵاتانی کەنداو دوای هەڵبژاردنە هەستیارەکانی تورکیا، گرنگیی وڵاتانی کەنداو لە کارنامەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا نیشاندەدات. پەرەسەندنی بەرژەوەندیی وڵاتانی کەنداو لە وەبەرهێناندا بۆ تورکیا گرنگە، لەبەرئەوەی هەوڵی زیادکردنی هەناردە دەدات بۆ کەمکردنەوەی کێشە ئابوورییەکان."[١١]

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە بە سیاسەتە ناوچەییەکانی لە دەیەی ڕابردوودا وڵاتەکەی نوقمی قەیرانە ئابووری و ئەمنییەکان کرد، ئێستا وازی لە ڕێبازی دروستکردنی گرژی هێناوە و سیاسەتی کارلێککردن لەگەڵ دراوسێکان لە لوتکەی پلانەکانیدایە و هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات تا تورکیا لە قەیرانەکان ڕزگاربکات.

"ئەو دۆخەی بە هۆی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانەوە دروستبووە، دەرفەتی بە تورکیا داوە تاوەکو وێنای خۆی لە ناوچەکەدا وەک وڵاتێکی نامۆ بگۆڕێت، بەو پێیەی دەرگای کردەوە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕکابەرە ناوچەییەکانی پێشووتری، بە تایبەتی میسر. ئەم ئاساییکردنەوەیە لەلایەن سعودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییەوە وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ سەقامگیریی ناوچەکە پێشوازیی لێ کرا."[١٢]

**لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی پیشەسازیی بەرگری و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەنقەرە ئامادەیی نیشانداوە بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و خۆماڵیکردنی ئەم پیشەسازییە لە وڵاتانی کەنداو.**

## دەرئەنجام

١.گەشتەکەی سەرۆککۆماری تورکیا بۆ کەنداو لاپەڕەیەکی نوێی لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەو وڵاتانەدا هەڵداوەتەوە، بە شێوەیەک کە دوای چەندین ساڵ لە ناکۆکی و گرژی و کێبڕکێ تا ئاستی پێکدادان لە هەندێک ناوچەی وەک لیبیا، سوریا، یەمەن و سودان، پەیوەندییەکان بەرەو ئاساییبوونەوە و دواتر بەرەو هاوبەشیی ستراتیژی دەڕۆن.

٢.وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو بە سەرۆکایەتی سعودیە و ئیمارات، زیاتر لە ساڵێکە سیاسەتێکیان بە ناوی "سفرکردنەوەی کێشەکان" گرتووەتەبەر. ئەم وڵاتانە کە ڕێگەی گەشەسەندنی

ناوخۆ و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی پەیڕەودەکەن، بە ڕواڵەت گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە هەوڵی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بۆیە سیاسەتی دیالۆگ و سازشیان لەگەڵ ڕکابەرەکانیاندا، لەوانە: ئێران و تورکیا، گرتووەتەبەر، ئەم سیاسەتە پەیوەستە بە کەمبوونەوەی بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کە یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین و تورکیا و ئێران، پێشهاتێک کە دەسەڵاتی سیاسی و هێزی نێوەندگیریی بە وڵاتانی عەرەبی کەنداو بەخشیوە.

٣.ئەردۆغان سوودی لە هەڵەکانی ڕابردوو وەرگرتووە و بڕیارە سیاسەتێکی میانڕەوتر لە ناوچەکەدا پەیڕەوبکات، چونکە تورکیا سوودی لە دروستکردنی گرژی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی نەبینیوە، بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری و دارایی لە ناوخۆدا پێویستی بە سەقامگیری و هاوکاری هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا.

٤.هاوبەشیی کەنداو و تورکیا خاڵی سەرەتای دامەزراندنی سیستەمێکی هاوبەشی ناوچەیی و بەرزکردنەوەی هاوکاری لە بوارەکانی ئابووری، وەبەرهێنان، وزە، ئاسایش و پیشەسازیی بەرگرییە، هەروەها دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ هاوکاریی فراوانتری ناوچەیی بە بەشداریکردنی وڵاتانی دیکە و زلهێزەکانی ناوچەکە، وەک: میسر و ئێران.

٥.هاوکاری لە بواری پیشەسازیی سەربازیدا ڕێگە بە خۆماڵیکردنی هەندێک تەکنەلۆژیا و بەدیهێنانی خۆبژێوی دەدات بۆ وڵاتانی ناوچەکە لە ڕووی بەرهەمهێنانی چەکی سووک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و ئەو تەقەمەنییانەی کە پێویستیان پێیەتی، ئەم جۆرە هاوکارییەش ڕەهەندێکی ستراتیژی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی جیهانی ئیسلامی زیاددەکات و دەشێت نوێنەرایەتیی سیستەمێکی نوێی هەرێمی بکات، کە لە پاکستانەوە درێژدەبێتەوە بە ڕێگەی کەنداودا و بە تورکیا کۆتاییدێت.

**هاوکاری لە بواری پیشەسازیی سەربازیدا ڕێگە بە خۆماڵیکردنی هەندێک تەکنەلۆژیا و بەدیهێنانی خۆبژێوی دەدات بۆ وڵاتانی ناوچەکە لە ڕووی بەرهەمهێنانی چەکی سووک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و ئەو تەقەمەنییانەی کە پێویستیان پێیەتی، ئەم جۆرە هاوکارییەش ڕەهەندێکی ستراتیژی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی جیهانی ئیسلامی زیاددەکات و دەشێت نوێنەرایەتیی سیستەمێکی نوێی هەرێمی بکات، کە لە پاکستانەوە درێژدەبێتەوە بە ڕێگەی کەنداودا و بە تورکیا کۆتاییدێت.**

## سەرچاوەکان


۱.معجون عربی اردوغان برای نجات اقتصاد ترکیه (۲u.pw/pvdYjEZ//:https).

۲.ایلیا جزایری: اردوغان در کشورهای خلیج فارس؛ آشتی گرم اقتصادی و دفاعی پس از قهر تند سیاسی (https://cutt.us/YC۰n۰).

۳.دلایل سفر اردوغان به کشورهای منطقه (۲u.pw/PjWBVNa//:https).

٤.دستاوردهای سفر اردوغان به سه کشور حوزه خلیج فارس (۲u.pw/vISjDxA//:https).

٥.نظرة على إحياء العلاقات التركية الإماراتية (https://cutt.us/o۹IOh).

٦.بعد زيارة الرئيس أردوغان للخليج...أبعاد العلاقات الخليجية التركية ومستقبلها (https://cutt.us/J٤RFr).

۷.سفرهای منطقه ای اردوغان و تاثیر آن بر اقتصاد ترکیه (https://cutt.us/zPun۹).

۸.محمد سليمان الزواوي: جولة أردوغان الخليجية: أبعاد ودلالات (https://cutt. ٥aEeu/us).

۹.ارزیابی سفر اردوغان به خلیج فارس؛ بیشتر اقتصاد و کمتر سیاست (https:///۲u.pw I۳ajerH).

۱۰.سفرهای اردوغان به کشورهای منطقه؛ کاهش تنش‌ها با اولویت اقتصادی (https://۲u. ۳epoR۷J/pw).

۱۱.اهداف رئیس جمهور ترکیه از سفر به کشورهای حوزه خلیج فارس/ از افزایش فعالیت‌های تجاری تا اصلاح روابط(۲u.pw/zcKQP۳A//:https).

۱۲.منافع ترکیه در خلیج فارس چیست؟ (۲u.pw/uJ٦Z٥ox//:https).

وەرگێڕان

تورکیاناسی

# مەیلی دەنگدەرانی کورد لە نێوان دوو هەڵبژاردندا

(ڕاپۆرتی ناوەندی سپێکترووم_هاوس بۆ بیر و توێژینەوە (Spectrum House Düşünce ve Araştırma Merkezi) لە نێوان هەڵبژاردنەکانی ١٤-٢٨ی ئایاری ٢٠٢٣ بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤)

وەرگێڕانی: سەرکۆ علی عەبدولقادر

ناوەندی سپێکترووم_هاوس وەک ناوەندێکی تایبەت بە بیر و توێژینەوە لە تورکیادا، بایەخ بە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەدات. بەشێکی ناوەندەکە تایبەتە بە ڕاپرسی بە شێوەی مەیدانی لە سەر بابەتە گرنگەکانی ڕۆژ. لەم ڕاپۆرتەیدا و لە چوارچێوەی ٩١ لاپەڕەدا ڕاپرسییەکی تێروتەسەلی دەربارەی مەیلی کوردەکانی باکووری کوردستانی لە نێوان هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمان لە ٢٠٢٣ و هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی بەهاری ٢٠٢٤ خستووەتەڕوو. بە هۆی گرنگیی زۆری بابەتەکە تەنها پوختەی توێژینەوەکە وەرگێڕدراوە.

## دەرئەنجام و هەڵسەنگاندن

### بەشی یەکەم: زانیاریی دیمۆگرافی و بەشداریی هاوڵاتیان لە ڕاپرسییەکەدا

توێژینەوەکە لە ١٦ پارێزگای باکووری کوردستان کراوە، کە بریتین لە ئامەد، وان، ماردین، ئورفا، هەکاری، ئاگری، ئادیەمان، باتمان، قارس، شرناخ، موش، بیتلیس، ئەرزروم، بینگۆل، سیرت و دەرسیم، کە دانیشتوانی کوردی تێدا دەژین بە چڕی. ئامەد ئەو پارێزگایەیە کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووی تێدایە بە ڕێژەی ٣٣.٦٪، ئەمەش بە هۆی چڕیی دانیشتوانی کورد و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکەیەوە.

ڕێژەی ٥٧.٧٪ی ئەو بەشداربوانەی وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە، پیاو بوون و ٤٢.٣٪ ژن بوون، ڕێژەی ئەو بەشداربوانەشی کە خۆیان بە هیچ یەکێک لەو دوو ڕەگەزە نەزانیوە، بە ڕێژەی ٠.١٪ دیاریکراوە. ٣١.٨٪ی بەشداربوان تەمەنیان لە نێوان ٢٥-٣٤ ساڵاندایە، ٢٥.٢٪ تەمەنیان لە نێوان ١٨-٢٤ ساڵاندایە، ١٩.٦٪ تەمەنیان لە نێوان ٣٥-٤٤ ساڵاندایە، ١٢.٣٪ تەمەنیان لە نێوان ٤٥-٥٤ ساڵاندایە، ٧.٧٪ تەمەنیان لە نێوان ٥٥-٦٤ ساڵاندایە.

کاتێک لە دۆخی خوێندنی ئەو بەشداربوانەی کە وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە، دەکۆڵینەوە، دەبینرێت گەورەترین گرووپی بەشداربوان دەرچوانی ئامادەیین، بە ڕێژەی ٣٥.٢٪. لە کاتێکدا دەرچوانی زانکۆ بە ڕێژەی ٢٠.٩٪ لە پلەی دووەمدان، دەرچوانی قۆناغی ناوەندی بە ڕێژەی ١٤.٤٪ لە پلەی سێیەمدان. ڕێژەی دەرچوانی قۆناغی سەرەتایی ١١.٨٪، ڕێژەی خوێندکارانی زانکۆ ٧.٣٪، ڕێژەی ئەوانەی تەنها خوێندەوارییان هەیە، ٤.١٪ دەبێت و ڕێژەی ٣.٦٪ی بەشداربوانیش خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران، ڕێژەی ٢.٥٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکەش نەخوێندەوارن.

بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی کەسەکان بۆ هەر ماڵێک لە بەشداربوانی گرووپی توێژینەوەکە، دەرکەوتووە کە زۆرینەی نموونەکە قەبارەی مامناوەندە و لە ٣-٦ کەس پێکهاتووە بە ڕێژەی ٧٧.٣٪، لە کاتێکدا ئەوانەی لەگەڵ ١-٢ کەسدا دەژین یان هەبووە پێکهاتەیەکی خێزانیی گەورەتر (٧ کەس و سەرووتر)ن، کەمینەن. کۆی ئەو ماڵانەی کە ١١ کەس یان زیاتریان تێدایە، (١.٣٪)ە.

کاتێک لە دۆخی داهاتی بەشداربوان دەکۆڵرێتەوە، دەبینرێت کە (٤٢.٦٪) یان داهاتیان لە نێوان ٨٥٠١-١٧٠٠٠[1] لیرەی تورکیدایە. سەرەڕای ئەوەش، تێبینیدەکرێت کە نزیکەی چارەکێک لە بەشداربوان (٢٣.٥٪) داهاتیان ٨٥٠٠ لیرەی تورکی یان کەمتر دەبێت.

بەم پێیەش ئەوەی جێگەی سەرنجە، نزیکەی ٩٥٪ی بەشداربوان لە ژێر هێڵی هەژاریدان، بە پێی ئەو ڕاگەیەنراوەی کە لەلایەن ناوەندی کاری تورکییەوە (Türk İş) لە ئەیلوولی ٢٠٢٣ ڕاگەیەنرا. زۆرترین گرووپی داهات تەنها ٢.٥٪ی بەشداربوانە، کە داهاتەکەیان لە سەروو ٥٠ هەزار[2] لیرەی تورکییەوەیە.

## بەشی دووەم: هەڵبژاردنەکانی ٢/١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆمار

بە تەماشاکردنی دەرئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکە، دەردەکەوێت دەنگدەرانی کورد لە هەڵبژاردنی ١٤ی ئایاردا ئەنجامێکی هاوتەریب لەگەڵ چاوەڕوانییەکانیان وەرنەگرتووە و زۆرینەی بەشداربوان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕازی نین. تەنها ٢٢.٦٪ی بەشداربوان لە ئەنجامی هەڵبژاردن ڕازیبوون، ٥٧.٨٪ ناڕازی بوون و پێیان وا بوو چاوەڕوانییەکانیان بەدینەهاتووە، (١١.٢٪)یش تا ڕادەیەک ڕازیبوون و ڕایانگەیاندووە کە بەشێک لە چاوەڕوانییەکانیان جێبەجێکراوە.

بە پشتبەستن بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە، تێبینیدەکرێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن، ڕێژەی ناڕازیبوون لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات. بە تایبەتی

ئەو بەشداربووانەی کە ئاستی خوێندنیان بەرزە، ڕایدەگەیەنن کە چاوەڕوانییە سیاسییەکانیان لە دوایین هەڵبژاردنی گشتی و سەرۆکایەتیدا بەدینەهاتووە.
بە پشتبەستن بەو ئەنجامانەی کە لە داتاکانی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، دەنگدەرانی گەنج بە پێچەوانەی گرووپە تەمەنییەکانی دیکەوە، ڕایانگەیاندووە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ١٤-٢٨ی ئایار ڕازی نین و چاوەڕوانییەکانیان بەدینەهاتووە. تێبینیی ئەوە دەکرێت کە ئەم بۆچوونە لە گرووپی تەمەنی ناوەڕاست و بەرەو سەردا کەمترە.
کاتێک چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی بەشداربووان بۆ هەڵبژاردنی ١٤ی ئایاری پەرلەمانی و پەسەندکردنی حیزبە سیاسییەکانیان لەبەرچاوگیرا، ئەنجامەکان بەم جۆرە بوو: زۆرینەی ئەو دەنگدەرانەی دەنگیان بە پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) داوە، بە ڕێژەی ٧٢.٣٪ دەڵێن: "من ڕازیم، ئەو حیزبەی هەڵمبژارد، سەرکەوتوو بوو." ٧٦.٣٪ی دەنگدەرانی پارتی چەپی سەوز (یەسەپە)[٣] و ٧٧.٤٪ی دەنگدەرانی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) وەڵامەکانیان بەم شێوەیە بوو: "من ڕازی نیم، چاوەڕوانییەکانم بەدینەهات." بە واتایەکی تر، لە کاتێکدا نزیکەی سێ لە سەر چواری دەنگدەرانی پارتی دەسەڵاتدار (داد و گەشەپێدان) لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ١٤-٢٨ی ئایار ڕازیبوون، زیاتر لە سێ لە سەر چواری دەنگدەرانی یەسەپە و جەهەپە ڕازینەبوون لە ئەنجامەکان و ڕایانگەیاند کە چاوەڕوانییەکانیان بەدینەهاتووە. جێگەی سەرنجە کە تەنیا ١١.٣٪ی دەنگدەرانی یەسەپە و تەنیا ٢.١٪ی دەنگدەرانی جەهەپە ڕایانگەیاندووە کە لە ئەنجامەکان ڕازین.
بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەشداربووانی وەڵامدەرەوی ڕاپرسییەکە لە دوایین هەڵبژاردنی گشتیدا (١٤ی ئایار) دەنگیان بە کام لایەن داوە، ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی کە بژاردەی یەسەپەیان هەڵبژاردووە، بە ڕێژەی ٥١٪ زۆرینە پێکدەهێنن. لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی کە ڕایانگەیاندووە دەنگیان بە ئاکەپە داوە، ٢١.٨٪ بووە، ڕێژەی ئەوانەی دەنگیان بە جەهەپە داوە، بە ١٤.١٪ پێوانەکراوە. ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی کە دەنگیاننەداوە، لە هەڵبژاردنەکاندا ٥.٨٪ دەبێت. لە چوارچێوەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکاندا دەبینرێت کە یەسەپە لە شارە کوردنشینەکانی ناو نموونەکەدا دێتەپێشەوە و لە دوو کەس یەکێکیان دەنگی بەو حیزبە داوە.
کاتێک ئەو پارتە سیاسیانەی کە بەشداربووانی گرووپی توێژینەوەکە لە دوایین هەڵبژاردنی گشتیدا پێیان باشتر بوو، بە پێی ئاستی خوێندنیان لێی دەکۆڵرێتەوە، دەردەکەوێت کە زیاتر لە نیوەی دەنگدەرانی نەخوێندەوار

(٥٢.٩٪) دەنگیان بە یەسەپە داوە، لە کاتێکدا ٢٩.٤٪ دەنگیان بە ئاکەپە داوە، ٥.٩٪ دەنگیان بە جەهەپە داوە، لە ناو دەنگدەرانی دەرچووی قۆناغی سەرەتاییدا، ڕێژەی ئەوانەی دەنگیان بە ئاکەپە داوە؛ ٣٨.١٪ و ڕێژەی ئەوانەی دەنگیان بە یەسەپە داوە؛ ٤٥.٦٪، هاوکات لە ناو دەنگدەرانی دەرچووی قۆناغی ناوەندیدا ڕێژەی ئەوانەی دەنگیان بە یەسەپە داوە؛ ٥٦.٩٪ و ڕێژەی ئەوانەی دەنگیان بە ئاکەپە داوە؛ ٢٠.٥٪ دەبێت.

بە پشتبەستن بەو داتایانەی کە ئەنجامی توێژینەوەکە ئاشکرایکردوون، دەردەکەوێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن، پشتیوانی لە ئاکەپە کەمدەبێتەوە، هاوکات پشتیوانی لە یەسەپە و جەهەپە زیاددەکات. لە کاتێکدا یەسەپە زۆرترین پاڵپشتیی لەلایەن بەشداربوانی گرووپی دەرچوانی زانکۆ (٥٧.٦٪) و خوێندنی باڵاوە (٦٣.٣٪) وەرگرتووە، ئاپەکە زۆرترین پشتیوانیی دەرچوانی قۆناغی سەرەتایی (٣٨.١٪) و بەشداربوانی نەخوێندەوار بە ٢٩.٤٪ی وەرگرتووە، لە کاتێکدا جەهەپە زۆرترین پشتیوانیی لە خوێندکارانی زانکۆ (٢٧.٦٪) و دەرچوانی ئامادەیی (١٧٪) وەرگرتووە.

لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کە یەسەپە زۆرترین پشتیوانیی لە گرووپی تەمەنی ٢٥-٣٤ ساڵان بە ڕێژەی ٦٠.٢٪ و ئاکەپە لە گرووپی تەمەنی ٤٥-٥٤ ساڵان بە ڕێژەی ٣٧.٣٪ و جەهەپە لە گرووپی ١٨-٢٤ ساڵان بە ڕێژەی (٢٠.٥٪)دایە، جێگەی سەرنجە کە جەهەپە زۆرترین پشتیوانی لە گرووپە تەمەنییە گەنجەکانەوە وەردەگرێت.

**لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن، مەیلی دەنگدەران بۆ دەنگدانی ستراتیژی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات.**

لە کاتی توێژینەوە بۆ ئەو هۆکارانەی بەشداربوانی گرووپی توێژینەوەکە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ڕابردوودا دەنگیان بەو حیزبە داوە کە پێیان باشە، دەتوانرێت بڵێین: هۆکارەکانی وەک دڵسۆزی و وەفای حیزبی؛ (٣٣٪)، بەرنامە و سیاسەتی حیزبی؛ (٣٠.٩٪) و سەرۆکی حیزب؛ (٢١.٨٪) لە پێشەوە بوون.

بە تێڕوانین لەو داتایانەی لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە بەدەستهاتوون، دەردەکەوێت کە "دڵسۆزیی حیزبی" وەک گرنگترین هۆکار هاتەپێشەوە کە کاریگەریی لە سەر مەیلی دەنگدەری کورد لە تورکیا هەبووە لە دیاریکردنی ئارەزووە سیاسییەکانی لە دوایین هەڵبژاردنە گشتییەکاندا. حەز و ئارەزووی سیاسی یەک لە سەر سێی بەشداربوو بە پێی

دڵسۆزیی حیزبی دیاریدەکرێت و بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزب وەک هۆکارێکی گرنگ بۆ نزیکەی یەک لە سەر سێی بەشداربوو لە دارشتنی ئارەزووە سیاسییەکانیاندا دەردەکەون، هەروەها تێبینیدەکرێت لە هەر پێنج بەشداربوویەک یەکێکیان کاریگەریی سەرۆکی حیزبەکەی لە سەر بووە بۆ ئاراستەکردنی لە دەنگداندا.
بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکان، فاکتەری دڵسۆزیی حیزبی بە روونی لە مەیلی دەنگداندا لە پێشەوەیە، لە رووی نیشاندانی سروشتی هەڵسوکەوتی دەنگدان بە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی لە کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیادا گرنگە. دەکرێت لە بنەرەتدا دڵسۆزیی حیزبی وەک دڵسۆزی بۆ لایەنێکی سیاسی دەرببڕدرێت. لەم چوارچێوەیەدا دڵسۆزیی حیزبی وەک چەمکێک دەردەکەوێت کە بە گشتی لە سەر بنەمای پاڵنەرە ئایدیۆلۆژی-سیاسییەکان یان ناسنامەی نەتەوەیی/ئایینی دامەزراوە و رەنگدانەوەی پابەندبوونی بەهێزی بەشداربوان بە حیزبێکی دیاریکراوەوەیە، بۆیە دەکرێت دڵسۆزی بۆ حیزبێک وەک رەنگدانەوەی باوەڕی پتەوی ئەو کەسە و هاوئاهەنگیی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ ئەو حیزبەی کە هەستدەکات سەر بەوە، تێبگەین.
بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەی کە لە داتاکانی توێژینەوەکەدا ئاشکرابوون، چەمکی دڵسۆزیی حیزبی بریتییە لە ڕوونکردنەوەی پێشبینییە سیاسییەکانی ئەو دەنگدەرانەی کە ئاراستەی ئایدیۆلۆژییان باڵادەستە و رەنگدانەوەی دۆخێکی گرنگی سەربەخۆییە بۆ تێگەیشتن لە حەز و ئارەزووی حیزبی و رەفتاری سیاسیی دەنگدەران. ئەم فاکتەرە کە یەکلاییکەرەوەیە لە دارشتنی هەڵوێستی سیاسیی بەشداربوانی راپرسییەکەدا، پرسی چۆنیەتیی پێکهێنانی ناوچەی ئایدیۆلۆژی و دەستکەوتی سیاسی و ناسیاسی لە باکووری کوردستانیشدا ئاشکرادەکات. بە تایبەت لە چوارچێوەی دەنگدەرانی کورددا، پەیوەستبوونی ئایدیۆلۆژیی دڵسۆزیی حیزبی تەواو یەکلاییکەرەوەیە.
هەروەها تێگەیشتن لەوەی کە دەنگدەری کورد نزیکایەتی/پەیوەستبوونی بۆ کام لایەن نیشاندەدەن، بۆ تێگەیشتن لەو ئایدۆلۆژیایانەی کە کاریگەرن لەو پەیوەندییەی کورد لەگەڵ کایەی سیاسیدا دروستیدەکات، گرنگە. لەم ڕوانگەیەوە تێدەگەین کە حەزە سیاسییەکان لە کوردستاندا چۆن دروستدەبن و لە سەر چ بناغەیەکی ئایدیۆلۆژی دامەزراون و ئەو پەسەندکردنانە بەرەو چ جۆرە پێشبینییەکی سیاسی دەبەن، بۆیە دڵسۆزیی حیزبی نەک هەر گوزارشت لە پابەندبوونی سیاسیی تاکەکان دەکات، بەڵکو کلیلێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە خەیاڵی کۆمەڵگە لە بواری سیاسی و دارشتنی مەیدانی ئایدیۆلۆژی و

بزوێنەری گۆڕانکاریدا، بۆیە شیکردنەوەی دڵسۆزیی حیزبی یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی باشتر لە هەڵسوکەوتی سیاسیی دەنگدەرانی کورد تێبگەین. لە ژێر رۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا پابەندبوونی ئایدیۆلۆژی-سیاسی (پرسی دڵسۆزیی حیزبی)، کە دەتوانرێت وەک پابەندبوون بە "ئامانج"ێکەوە دەرببڕدرێت، بتوانین کورتیبکەینەوە و بەو "هێڵی ئایدیۆلۆژی و سیاسی"یە یاخود "هێڵی جیاکەرەوە"یەی بیناسێنین کە دەنگدەران پەسەندیدەکەن. ئەم دۆخە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە دادەنێت کە ئاکەپە و جەهەپە و پارتە سیاسییەکانی دیکە و هەروەها هەدەپە/یەسەپە لە نێوان دەنگدەران/لایەنگرانی خۆیان دایدەمەزرێنن. هەروەها ئەوەی کە لە هەر سێ کەس یەکێکیان بە پشتبەستن بە هەستی دڵسۆزی بۆ حیزبەکەیان حەز و ئارەزووە سیاسییەکانی خۆی دیاریدەکات، دۆخی بوارە ئایدیۆلۆژییەکانی باکووری کوردستان و پێشبینییە سیاسییەکانی ئێستای ئاشکرادەکات.

کاتێک لە پاڵنەرەکانی بەشداربوانی گرووپی توێژینەوەکە بۆ هەڵبژاردنی حیزبێک لە دواییین هەڵبژاردنی گشتیدا بە پێی باری خوێندنیان دەکۆڵرێتەوە، دەبینرێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن، رێژەی پەسەندکردنی بەرنامە و سیاسەتی حیزبیش زیاددەکات. ئاشکرایە کە بەرنامە و سیاسەتی حیزبی وەک فاکتەری جیاکەرەوە لە هەڵبژاردنی حیزبی سیاسی بە رێژەی ٤١.٧٪ لە نێوان دەرچوانی زانکۆدا دەردەکەون. لە ناو دەرچوانی زانکۆدا دڵسۆزیی حیزبی ٢٣.٣٪ و کاریگەریی سەرۆکی حیزب ١٣.٨٪ پێکدەهێنێت. لە لایەکی تریشەوە دڵسۆزیی حیزبی و کاریگەریی رێبەری حیزب لە گرووپەکانی خوێندنی خوارەوەدا دێتەپێشەوە. دڵسۆزیی حیزبی بەرزترین هۆکاری پەسەندکردنە بۆ دەرچوانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی، بە رێژەی ٤٢.٥٪ و ٤٢.٦٪.

**لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ کەمال کلیچدارئۆغڵۆ؛ کاندیدی ئۆپۆزسیۆن، لەلایەن پارتەکەی خۆیی و یەسەپەیشەوە وەک "کاندیدی دەنگدەر خۆی" پەسەند نەبووە، بەڵکو زیاتر پشتگیرییەکەی بە هۆی دەنگدانی ستر اتیژییەوە بەدەستهێناوە.**

کاتێک سەیری ئەو هۆکارانە دەکەین کە بەشداربوان بە پێی گرووپی تەمەنیان بە زۆری کام حیزبیان پێ باشترە، تێبینیدەکرێت دڵسۆزیی حیزبی وەک فاکتەری دیاریکردنی رەفتاری دەنگدان لە گرووپی تەمەنی ناوەڕاست و سەرەوەدا زیاددەکات. لە کاتێکدا دەنگدەرانی

گەنج زیاتر تیشکدەخەنەسەر "بەرنامە و سیاسەتی حیزبی" وەک فاکتەری دیاریکەر، "دڵسۆزیی حیزبی" و کاریگەریی "سەرکردەی حیزب" زیاتر لە گرووپە تەمەن مامناوەند و باڵاکاندا زاڵن.

بە پشتبەستن بەو داتایانەی کە لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا بەدەستهاتوون، دیارترین هۆکاری پەسەندکردنی دەنگدەرانی کورد بۆ ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکانی ١٤-٢٨ی ئایار، سەرۆکی پارتەکە بووە. کاتێک دڵسۆزیی حیزبی دێتەپێشەوە، یەسەپە هەڵدەبژێرن و کاتێکیش بەرنامە و سیاسەتی حیزبی دێتەپێشەوە، جەهەپە هەڵدەبژێرن. جێگەی سەرنجە لە ناو ئەو کەسانەی کە نەیانویستووە وەڵامبدەنەوە، بە نزیکەیی لە هەر سێ بەشداربوویەک یەک کەس ڕایانگەیاندووە کە بەرنامە و سیاسەتی حیزب لە بڕیاری دەنگدانیان یەکلاییکەرەوە بووە و لە هەر بیست بەشداربوویەک یەکێکیان ئاماژەی بە دڵسۆزیی حیزبی کردووە.

لە لایەکی دیکەوە دەربارەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ٢٠١٨ی تورکیا، ٥١.١٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە دەنگیان بە هەدەپە/ یەسەپە داوە، ٢٢.٣٪ دەنگیان بە ئاکەپە داوە و ٥٪ دەنگیان بە جەهەپە داوە، بەڵام ١١.٦٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە لەبەرئەوەی لە ساڵی ٢٠١٨ تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵییەوە بووە، مافی دەنگدانیان نەبووە.

کاتێک هەڵسەنگاندن بۆ گواستنەوەی لایەنگیریی حیزبی لە نێوان هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ و ٢٠٢٣ دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ٨٢.١٪ی ئەو دەنگدەرانەی لە ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان بە ئاکەپە داوە، لە ساڵی (٢٠٢٣)یش دەنگیان پێ داوەتەوە. پێدەچێت ٣.٧٪ی دەنگدەرانی ئاکەپە لە ساڵی ٢٠١٨، لە ساڵی ٢٠٢٣دا گۆڕابێت بۆ جەهەپە، و ٢.٣٪ گۆڕابێتن بۆ یەسەپە. تێبینیدەکرێت کە ٧٢.١٪ی ئەو دەنگدەرانەی لە ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان بە جەهەپە داوە، لە ساڵی (٢٠٢٣)یش دەنگیان بە هەمان پارت داوەتەوە. ٨٤.٩٪ی ئەو دەنگدەرانەی لە ساڵی ٢٠١٨ دەنگیان بە هەدەپە داوە، لە ساڵی (٢٠٢٣)یش دەنگیان پێ داوەتەوە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت کە ٩.٧٪ی دەنگدەرانی هەدەپە لە ساڵی ٢٠١٨ تا ساڵی ٢٠٢٣ گۆڕابێتن بۆ جەهەپە. ٤٣٪ی ئەو دەنگدەرانەی لە ساڵی ٢٠١٨ بەشداریی هەڵبژاردنیان نەکردووە، لە ساڵی (٢٠٢٣)یشدا دەنگیانەداوە. پێدەچێت ٢١.٦٪ی ئەو دەنگدەرانە لە ساڵی ٢٠٢٣ بەرەو یەسەپە، ١٦.١٪ی بەرەو جەهەپە و ٤.٣٪ی بەرەو ئاکەپە ڕۆشتێتن.

بە پشتبەستن بە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، کاتێک سەیری بنەمای فاکتەرەکانی گواستنەوەی دەنگەکان لە نێوان هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ بۆ ٢٠٢٣ دەکەین، بەشێکی بەرچاو لە دەنگدەرانی

ئاکەپە لە بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزب ناڕازین و ڕێژەی (٣٢.٧٪)یان سیاسەتی لایەنێکی دیکەیان لە سیاسەتەکانی ئاکەپە بەگونجاوترزانیوە و لایەنگیرییان بۆ حیزبی دیکە گۆڕاوە. هەروەها پێدەچێت هۆکارە ئابوورییەکان بە ڕێژەی ١٢.٢٪ هۆکارێکی گرنگ بن لەم گرووپەدا. لە کاتێکدا کە دیارترین فاکتەری دەنگدەرانی جەهەپە ناڕازیبوونە لە بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزب بە ڕێژەی ٤٢.١٪، گومان لە کار و سەرکردایەتییش بە ڕێژەی ٢١.١٪ وەک هۆکارێکی دیکەی گرنگ هاتووە. لە ناو ئەو دەنگدەرانەی کە لە ساڵی ٢٠١٨دا دەنگیان بە هەدەپە داوە، گومان لە کار و سەرکردایەتی بە ڕێژەی ٢٦.٥٪ و ناڕازیبوون لە بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزب بە ڕێژەی ٢١.٤٪ هۆکاری بەرچاوی ئەم گۆڕانکارییەن. هەروەها جێگەی سەرنجە کە لەم گرووپەدا فاکتەری وەک "بۆ گۆڕانکاری" ٦٪ و "لەبەرئەوەی هەدەپە ئاراستەدەکات"، ١١.١٪ هەن.

کاتێک توێژینەوە مەیدانییەکان بۆ دەنگدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٢٣ کراوە، دەبینرێت کە ٦٨.٥٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە ڕایانگەیاندووە کە کەمال کلیچدارئۆغڵویان پێ باشترە، لە کاتێکدا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە ڕێژەی ٢٣.٥٪ پشتگیریکراوە. ڕێژەی ئەوانەی دەنگیاننەداوە، بە ٦.١٪ پێوانەکراوە، ئەوانەی نەیانویستووە وەڵامبدەنەوە، بە ١.٦٪ پێوانەکراوە.

لە کاتێکدا دەنگدەرانی گرووپی تەمەنی گەنج و مامناوەند پشتگیری لە کەمال کلیچدارئۆغڵو دەکەن، بەڵام تێبینیدەکرێت کە پشتیوانی لە ئەردۆغان لە گرووپی تەمەنی ٦٥ ساڵ و سەرووتر بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. دەبینرێت کە ٧٢.٥٪ی دەنگدەرانی ژن و ٦٥.٦ی دەنگدەرانی پیاو کەمال کلیچدارئۆغڵویان پێ باشترە.

کاتێک لە گرنگترین هۆکاری دیاریکردنی ڕەفتاری دەنگدانی بەشداربوان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا دەکۆڵرێتەوە، ئەوە ئاشکرادەبێت کە (٤٩.٧٪)یان ڕەفتاری دەنگدانیان بەم شێوەیە ڕووندەکەنەوە، دەڵێن: "من بە شێوەیەکی ستراتیژی دەنگمداوە." بۆیە لە کاتێکدا دڵسۆزیی حیزبی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر هەڵبژاردنی نوێنەری دەنگدەر هەیە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، دەکرێت بڵێین: ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر هەڵبژاردنی کاندیدی سەرۆکایەتییش هەیە، بۆیە هەدەپە/ یەسەپە هیچ کەسێک بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار کاندیدناکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی بەشداربوان نەک تەنها بە پێی ئارەزووی ئایدیۆلۆژی یان سیاسیی خۆیان دەنگیاننەداوە، بەڵکو لە چوارچێوەی کاریگەرییە ئەگەرییەکانیان لە سەر دەرئەنجامی گشتیی هەڵبژاردن و ستراتیژی هاوپەیمانی دەنگیانداوە. ئەو کەسانەی کە ڕایانگەیاندووە دەنگیانداوە،

لەبەرئەوەی "کە کاندیدی خۆمە"، بە ڕێژەی ٣٠.٣٪ لە پلەی دووەمدایە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نزیکەی یەک لە سەر سێی بەشداربوان دەنگیان بە کاندیدێک داوە کە هەستیانکردووە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ناسنامە یان سیاسەتەکانی کاندیدەکەوە هەیە. ڕێژەی ئەو کەسانەی دەنگیان بە "پاڵێوراوی هاوپەیمانی" داوە، ١٢.١٪ دەبێت. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین: بەدەستهێنانی دەنگی بەشێک لە دەنگدەران بە هۆی هاوپەیمانێتییەکەوە نییە، بەڵکو بە هۆی ئەو کاندیدەوە دیاریدەکرێت کە هاوپەیمانییەکە کۆدەکاتەوە. لە کاتێکدا ٥.٣٪ ڕایانگەیاندووە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا کە دەنگیاننەداوە، ١.٦٪ نەیانویستووە هۆکاری دەنگدانەکە ئاشکرابکەن.

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە زیاتر لە ٩٠٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە لە ژێر هێڵی هەژارییەوەن و قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری لە تورکیا و کاریگەریی زیاتری لە سەر پارێزگا کوردنشینەکان، دەکرێت بڵێین: ئابووری یەکێکە لە تەوەرە گرنگەکانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان.**

بەدواداچوونە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن کە ڕەفتاری دەنگدان لە دوایین هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا جیاوازییەکی بەرچاوی بە پێی پەسەندکردنی حیزبەکان نیشانداوە. لە کاتێکدا لە هەر ١٠ لایەنگرێکی ئاکەپە ٩ دانەیان ئاماژەیان بەوە داوە کە لەبەرئەوەی کاندیدی خۆیانە، بۆیە دەنگیان پێ داوە، ٧ کەسیش لە ١٠ لایەنگری یەسەپە دەڵێن: بە شێوەیەکی ستراتیژی دەنگیانداوە، ١١٪ دەنگیانداوە، لەبەرئەوەی کاندیدی خۆیانە و ١٥.٨٪ ڕایانگەیاندووە کە هەڵبژاردنی خۆیان لە سەر بنەمای فاکتەری کاندیدی هاوپەیمانیبوون کردووە. لە کاتێکدا تەنها ٣٠٪ی کاندیدەکانی جەهەپە لەلایەن ئەندامانی پارتەکەوە دەنگیان پێ دراوە، چونکە کاندیدی خۆیانن، بەڵام جێگەی سەرنجە کە ڕێژەی ئەوانەی ڕایانگەیاندووە کە بە شێوەیەکی ستراتیژی دەنگیانداوە، ٥٦.٣٪ بووە.
بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکان، تێبینی ئەوە دەکرێت کە کاندیدی بلۆکی دەسەڵاتدار؛ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لە دوایین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن دەنگدەرانی کوردەوە لە ئاکەپە پشتیوانیی لێ دەکرا، لە کاتێکدا کاندیدەکەی ئۆپۆزسیۆن؛ کەمال کلیچدارئۆغلۆ، لەلایەن پارتەکەی خۆی و یەسەپەیشەوە وەک "کاندیدی

خـۆی" پـەسـەنـد نـەبـووە، بـەڵـکو زیاتـر پشـتـگـیرییـەکـەی بـە هـۆی دەنـگـدانـی ستراتیژییەوە بەدەستهێنابوو.

لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە گرووپە تەمەنییە گەنجەکان مەیلی دەنگدانی ستراتیژییان بەهێزە لە چاو گرووپە تەمەنە گەورەکان و مامناوەندەکاندا. جیاوازیی تەمەن هەم پەیوەندیی لەگەڵ کاندیدەکان و هەم دید بۆ پرسی هاوپەیمانی و هەم ڕەفتاری ستراتیژیی دەنگدان لەقاڵبدەدات و ئەمەش لە دوایین هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا بە ڕوونی دەرکەوت. دیسانەوە بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکان، تێبینیدەکرێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن، مەیلی دەنگدەران بۆ دەنگدانی ستراتیژی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات، هاوکات دڵسۆزی بۆ حیزب لە هەڵبژاردنی کاندیددا کەمدەبێتەوە و ڕێژەی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا زیاددەکات.

### بەشی سێیەم: دەنگدەرو هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤

کاتێک سەیری ئەوە دەکەین کە بەشداربوانی گرووپی توێژینەوەکە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠١٩دا دەنگیان بە کام لایەن داوە، هەدەپە بە ڕێژەی ٥٠.٨٪، ئاکەپە بە ڕێژەی ٢٢.٥٪، جەهەپە بە ڕێژەی ٥.٧٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و ١١٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکەیش لەبەرئەوەی "تەمەنیان خوار ١٨ ساڵەوە بووە، مافی دەنگدانیان نەبووە".

لە وەڵامی پرسیاری "پێویستە پارتە سیاسییەکان و کاندیدەکانیان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا چ بەرنامەیەک لە پێشینەی کارەکانیان دابنێن؟ ٤٧.٤٪ی بەشداربوان ئاماژە بە گرنگیی باشترکردنی هەلی کار و گەشەپێدانی ئابووری دەکەن، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەوانەی کە دەڵێن: پرسی کورد پێویستە سەرنجی لە سەر بێت و چارەسەری ئەم پرسە پێشکەشبکرێت، لە پلەی دووەمدایە بە ١٧.٣٪.

بە پشتبەستن بەو دەرئەنجامانەی لە داتاکانی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، دەبینرێت کە ئابووری و پرسی کورد بابەتە پەیوەندیدارەکان لەو بوارانەن کە دەنگدەرانی کورد پێیان وایە پێویستە لایەنەکان بە پلەی یەکەم لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤دا سەرنجیان لە سەر بێت. پەرەپێدانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە، بە تایبەتی دامەزراندن و گەشەپێدانی ئابووری و گرنگیدان بە سیاسەتێک کە چارەسەری پرسی کوردی تێدا بێت وەک سیاسەتی لەپێشینە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا دەردەکەون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە زیاتر لە ٩٠٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە لە ژێر هێڵی هەژاریدان و قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری لە تورکیا و کاریگەریی

زیاتری لە سەر پارێزگا کوردنشینەکان، دەکرێت بڵێین: ئابووری یەکێکە لە تەوەرە گرنگەکانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و ئەوەش یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی ستراتیژی بانگەشەی هەڵبژاردنی لایەنەکان. زیادکردنی هەلی کار و بایەخدان بە گەشەپێدانی ئابووری وەک چاوەڕوانی سەرەکیی زۆرینەی دەنگدەرانی کورد لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤دا دەردەکەون.

**بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بە گشتی هەدەپە توانیویەتی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (٢٠١٨)وە پارێزگاری لە ڕێژەی دەنگەکانی بکات و تا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی (٢٠٢٤)یش دەیپارێزێت، بەڵام ئاکەپە ٥ خاڵ لە دەنگەکانی دابەزیوە. هەروەها بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئازاری ٢٠٢٣، نزیکەی نیوەی دەنگەکانی جەهەپە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی بەهاری ٢٠٢٤ کەمدەکات.**

لە کاتێکدا مەیلێک هەیە بۆ گرنگیدان بە سیاسەتی زیادکردنی گەشەسەندنی ئابووری و دامەزراندن و چارەسەرکردنی پرسی کورد لە نێوان هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا، هەروەها ڕەوتێک لە زیادبووندایە بۆ زیادکردنی گرنگیدان بە پرسەکانی وەک مافی کولتووری، زمانەوانی و گرنگیدان بە پرسەکانی وەک پرۆژەی پەروەردەیی و یەکسانیی جێندەری، هەروەها وەک توخمێکی دیار تێبینیدەکرێت کە یەکسانیی جێندەری و پرسی مافی ژنان گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ ژنان.

بە پشتبەستن بەو داتایانەی بەدەستهاتوون، تێبینیی ئەوە دەکرێت چاوەڕوانییەکان بۆ گەشەسەندنی ئابووری و زیادبوونی دامەزراندن بۆ هەموو گرووپە دەنگدەرەکان زۆرن. جەختکردنەوە لە سەر پێویستیی زیاتری گرنگیدان بە پرسی کورد و پرسە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی لە ناو دەنگدەرانی یەسەپەدا بە ڕێژەی ٢٨.٢٪ دێتەپێشەوە.

کاتێک لە وەڵامی ئەو بەشداربوانەی کە وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە، بۆ پرسیاری "بە ڕای ئێوە هەنگاوی لەپێشینە چییە کە پێویستە لایەنەکان بیگرنەبەر بۆ فەراهەمکردنی پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ کۆمەڵگەدا لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان؟" دەکۆڵرێتەوە، دەردەکەوێت کە (٥١.٥٪)یان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکبەیەکی تاکەکانی کۆمەڵگەدا کاریگەرترین ڕێگەیە، لە

کاتێکدا ١٦.٤٪ جەخت لە سەر گرنگیی بەکارهێنانی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکان دەکەنەوە بە شێوەیەکی کاریگەر، ١٥.٩٪ی بەشداربوانیش باس لەوە دەکەن کە ڕێکخستنی کۆبوونەوە لە گەڕەک و ناوچەکاندا دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەراندا.

بە پشتبەستن بە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە دەنگدەران بە پلەی یەکەم جەخت لە "پەیوەندیی یەکبەیەک" دەکەنەوە بۆ ئەوەی لایەنەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا پەیوەندیی باشتر لەگەڵ کۆمەڵگەدا دروستبکەن. بابەتێکی دیکە کە هاتەپێشەوە، بژاردەی "کۆبوونەوەی گشتی و گەڕەک و ناوچەکانە"، دەبینرێت ١٨٪ی بەشداربوان ڕایانگەیاندووە کە پێویستە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاربهێنرێن و پەیامەکان لە ڕێگەی تیڤی و ڕادیۆوە بگاتە ڕایگشتی. ١٣.٨٪ی بەشداربوان ئاماژە بە گرنگیی ڕێکخستنی کۆبوونەوە دەکەن.

بە پشتبەستن بە داتای توێژینەوەکە، تێبینیدەکرێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندندا، تاکەکان پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا وەک ئامرازێکی کاریگەرتر لە پەیوەندیی سیاسیدا دەبینن، بەڵام پەیوەندیی یەکبەیەک وەک گرنگترین شێوازی پەیوەندیکردن بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندن دەردەکەوێت.

**بە گشتی بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤ لەگەڵ زیادبوونی تەمەن مەیلی دەنگدان بە ئاکەپە زیاتردەبێت، لە کاتێکدا مەیلی دەنگدان بە جەهەپە لە ناو دەنگدەرانی گەنجدا زیاتر دەردەکەوێت، بەڵام مەیلی دەنگدان بە هەدەپە بە گشتی دابەشبوونێکی تا ڕادەیەک هاوسەنگی لە نێوان سەرجەم گرووپە تەمەنییەکاندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوگەنجان و بەتەمەنەکاندا مەیلی دەنگدان بە هەدەپە بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات.**

لە ژێر ڕۆشنایی داتاکانی توێژینەوەدا دەتوانین بڵێین: لایەنەکان دەتوانن پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ کۆمەڵگە بونیادبنێن و ستراتیژی پەیوەندیی نموونەیی بە پێی ئارەزووی حیزبەکان دەگۆڕێت. لە کاتێکدا هەموو دەنگدەرانی پارتەکان بە پلەی یەکەم ئاماژە بە گرنگیی شێوازی پەیوەندیی یەکبەیەک دەکەن، بەڵام دەنگدەرانی ئاکەپە کۆبوونەوە وەک کاریگەرترین شێوازی پەیوەندیکردن بە بەراورد لەگەڵ گرووپە دەنگدەرەکانی دیکە دەبینن. جێگەی سەرنجە کە

دەنگدەرانی جەهەپە و مەهەپە و یەسەپە کە نەیانویست وەڵامبدەنەوە، ئاماژەیان بە گرنگیی بەکارهێنانی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکان کرد وەک لەپێشترین شێوازی پەیوەندیی کاریگەر دوای پەیوەندیی یەکبەیەک.

لە توێژینەوە مەیدانییەکاندا دەرکەوتووە کە هەدەپە/ یەسەپە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی داهاتوودا بە ڕێژەی ٥٠.٦٪، واتە لەلایەن زیاتر لە نیوەی بەشداربوانەوە بەباشتردەزانرێت، لە کاتێکدا ئاکەپە بە ڕێژەی ١٧.٢٪ و جەهەپە بە ڕێژەی ٧.٢٪ پاڵپشتیدەکرێت. بە پشتبەستن بەو داتایانە، دەبینرێت کە هەدەپە ڕێژەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ٢٠١٨ بە ڕێژەی ٥١.١٪، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠١٩ بە ڕێژەی ٥٠.٨٪ و لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ٢٠٢٣ بە ڕێژەی ٥١٪ پاراستووە. هەرچەندە هەدەپە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ٢٠١٨ تا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی ٢٠٢٤ دەنگەکانی دەپارێزێت، بەڵام ئاکەپە لە هەڵبژاردنی ١٤ی ئایاردا دەنگی ٢١.٨٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکەی بەدەستهێناوە، بەم جۆرە ڕووندەبێتەوە کە ئاکەپە ٥ خاڵ لە دەنگەکانی دابەزیوە. لە لایەکی دیکەوە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنە گشتییەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣دا، دەکرێت بڵێین: ئەو دەنگانەی کە پێدەچێت لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی داهاتوودا جەهەپە لە دەنگدەرانی کورد وەریبگرێت، نزیکەی نیوەی کەمدەکات. جەهەپە لە دوایین هەڵبژاردنی گشتیدا دەنگی ١٤.٢٪ی بەشداربوانی بەدەستهێناوە، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا پشتیوانیی ٧.٢٪ی بەشداربوانی ئەم ڕاپرسییە بەدەستدەهێنێت. ئەمە جگە لەوەی ڕێژەی ئەوانەی ڕایانگەیاندووە کە پشتگیری لە پارتی کارکەرانی تورکیا (تیپ) دەکەن، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا ڕێژەی (١.٣٪)ە.

بە گوێرەی دەرئەنجامی توێژینەوە، لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی داهاتوودا هەدەپە/یەسەپە دەنگەکانی خۆی دەپارێزێت، کەمبوونەوەی نزیکەی نیوەی دەنگەکانی جەهەپە و کەمبوونەوەی پێنج خاڵی دەنگەکانی ئاکەپە بەدیدەکرێت، هاوکات ئەو بەشداربوانەی کە "هیچ بڕیارێکیان نەداوە"، "بۆچوونەکەی ئاشکرا نییە"، "پلانی دەنگدان نییە" و "نایەوێت وەڵامبداتەوە"، بوونی ئەو بۆچوونە خۆڵەمێشییانەی کە دروستبوون، بۆ خۆی جێگەی سەرنجە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە لە هەر پێنج بەشداربوویەک یەکێکیان ئاماژە بە هیچ لایەنێکی سیاسی ناکات، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنە گشتییەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣دا، فاکتەری وەک هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و ڕازیکردنی دەنگدەران

وەک کارنامەیەکی گرنگ دێنەپێشەوە لە هەڵبژاردنی داهاتووی شارەوانییەکاندا.

کاتێک تەماشای مەیلی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە بۆ دەنگدانیان بە پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤ بکەین، دەبینین لەگەڵ زیادبوونی تەمەن مەیلی دەنگدان بە ئاکەپە زیاتردەبێت، لە کاتێکدا مەیلی دەنگدان بە جەهەپە لە ناو دەنگدەرانی گەنجدا زیاتر دەردەکەوێت. هەرچەندە مەیلی دەنگدان بە هەدەپە بە گشتی دابەشبوونێکی تا ڕادەیەک هاوسەنگ لە نێوان هەموو گرووپە تەمەنییەکان نیشاندەدات، واتە لە ناو سەرجەم تەمەنەکاندا تا ڕادەیەک دەنگدەری هەیە، بەڵام هەڵاوسانێک لەم مەیلەدا لە گرووپە تەمەنییە گەنجەکان و گەورەکاندا بەدیدەکرێت. ڕێژەی ئەوانەی کە "هێشتا بڕیاریاننەداوە"، بە گشتی لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا کەمدەبێتەوە.

کاتێک سەیری ئەوە دەکەین کە بەشداربوان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بە پشتبەستن بە دەنگدانیان لە دوایین هەڵبژاردنی گشتیدا کە لە ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ بەڕێوەچوو، مەیلیان بۆ دەنگدان بە کام لایەن هەیە، ٧٩.٩٪ی دەنگدەرانی ئاکەپە بە نیازن جارێکی دیکە دەنگ بە هەمان پارت بدەنەوە، بەڵام بەشێکی بەرچاو؛ بە ڕێژەی ١٣.٣٪ دەڵێن: "هێشتا بڕیارماننەداوە." لە کاتێکدا ٨٩.٣٪ی دەنگدەرانی یەسەپە ڕایانگەیاندووە کە دەنگ بە هەمان پارت دەدەنەوە، ڕێژەی ئەو دەنگدەرانەی هێشتا بڕیاریاننەداوە، ٤.٦٪ دەبێت. ڕێژەی بەشداربوانی هەدەپە کە ڕایانگەیاندووە پشتیوانیی جەهەپە دەکەن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، ٢.٥٪ دەبێت. لە کاتێکدا ٣٨.٩٪ی دەنگدەرانی جەهەپە ڕایانگەیاندووە کە جارێکی دیکە دەنگ بە جەهەپە دەدەنەوە، (١٩.٥٪)یان مەیلیان بۆ پشتگیریی هەدەپە/ یەسەپە هەبووە و (٢٤.٧٪)یان هێشتا بڕیاریاننەداوە. بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی بەدەستهاتوون، ٤٦.٢٪ی ئەو دەنگدەرانەی لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ دەنگیاننەداوە، ئەم جارەش ئامادە نین دەنگبدەنەوە، بەڵام لە (١٥.٤٪)یان مەیلیان بۆ هەدەپە/ یەسەپە جوڵاوە.

بە گوێرەی دەرئەنجامەکان، کاتێک بەراورد لە نێوان دەنگی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠٢٣ و مەیلیان بۆ دەنگدان بە پارتێک لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤ دەکرێت، دەردەکەوێت هەدەپە پارێزگاریی لە ڕێژەی دەنگدەرانی خۆی کردووە و لە هەر ٥ دەنگدەرێکی جەهەپەیش یەکێکیان مەیلی بۆ لای هەدەپە/یەسەپە جوڵاوە. لە کاتێکدا ئاکەپە بە ڕێژەی ٨٠٪ مەیلی دەنگدەرانی خۆی پاراستووە، بەڵام ڕێژەی ئەو دەنگدەرانەی کە هیچ بڕیارێکیان نەداوە، زیادیکردووە. بە بەراورد لەگەڵ

هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، جەهەپە تەنها لەلایەن ٣٨.٩٪ی دەنگدەرانیەوە دووبارە دەنگی پێ دەدرێتەوە. لە کاتێکدا ٢٤.٧٪ی دەنگدەرانی جەهەپە بڕیاریاننەداوە و ١٩.٥٪ زیاتر مەیلیان بە لای هەدەپەدایە. لە توێژینەوە مەیدانییەکەدا دەردەکەوێت هەدەپە ئەو پارتەیە کە لە نێوان هەڵبژردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩ و ٢٠٢٤دا پارێزگاری لە زۆرترین ڕێژەی دەنگەکانی دەکات و پشتیوانیی ئەو دەنگدەرانەی بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠٢٤)ی مسۆگەرکردووە. ئەمە جگە لەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان گۆڕانکاریی لە مەیلی دەنگدەرانی هەدەپە و جەهەپەدا دروستبووە. هەرچەندە جەهەپە توانیویەتی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠١٩ و تەنانەت هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئایاری ٢٠٢٣دا ڕێژەی دەنگەکانی بەرزبکاتەوە، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٠٢٤ ڕێژەی ١٩.٥٪ی دەنگدەرانی جەهەپە مەیلیان بۆ هەدپە جوڵاوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وەڵامانەی بەشداربووان سەبارەت بەوەی کە لایەنەکان بە پلەی یەکەم لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی داهاتوودا کام ستراتیژ جێبەجێبکەن، دەکرێت بڵێین: چاوەڕوانییەک هەیە کە پرسە ناوخۆییەکان کارنامەی سەرەکیی حیزبەکان بن. لە کاتێکدا ٢١.٢٪ی بەشداربوان ئاماژە بە گرنگیی ڕاوێژکردن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا دەکەن لە پرۆسەی دیاریکردنی کاندیدەکاندا، ١٤.٤٪ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەنگدەراندا و ستراتیژێک کە سەنتەرەکەی چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان بێت، بەگونجاودەزانن. جێگەی سەرنجە کە تەنها ٥٪ی بەشداربوان ئاماژەیان بەوە کردووە کە پێویستە کاندیدەکان بە "هەڵبژاردنی سەرەتایی"[٤] دیاریبکرێن. دەبینرێت کە ٢.٤ی بەشداربوان ئاماژە بە گرنگیی هاوکاری لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا و دروستکردنی هاوپەیمانییەکی بەهێز دەکەن.

کاتێک لە وەڵامی ئەو بەشداربوانەی توێژینەوەکە دەربارەی پرسیاری "ڕاتان چۆنە لە سەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی ناوخۆییدا پارتەکەت هاوپەیمانی لەگەڵ پارتێکی دیکە یان حیزبەکانی دیکەدا بکات؟" دەکۆڵرێتەوە، (٤١.٢٪) یان پشتگیری لە بیرۆکەی پێکهێنانی هاوپەیمانی دەکەن و لەگەڵ وەڵامی "ئەرێنی سەیریدەکەم"دان. لە کاتێکدا ٢٧.٧٪ دەڵێن "بە نەرێنی سەیریدەکەم" و (٢٣.٤)یان بە وەڵامی "نە بە ئەرێنی، نە بە نەرێنی سەیریدەکەم" وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە.

بە پشتبەستن بەو ئەنجامانەی لە داتاکانی ڕاپرسییەکەوە بەدەستهاتوون، تێبینیدەکرێت دەنگدەرانی ئاکەپە و هەدەپە لە هاوپەیمانیکردن لەگەڵ

پارتە سیاسییەکانی دیکەدا ئەرێنین، بەڵام دەنگدەرانی جەهەپە بە نەرێنی لەو پرسە دەڕوانن. لە کاتێکدا لە هەر ٢ دەنگدەرێکی ئاکەپە یەکێکیان پشتیوانی لە پێکهێنانی هاوپەیمانی کردووە، لە هەر ٥ بەشداربوویەک یەکێکیان بەنەرێنییزانیوە. تێبینیدەکرێت تەنها ٣٠٪ی بەشداربوانی یەسەپە بە نەرێنی لە پرسی پێکهێنانی هاوپەیمانی لەلایەن یەسەپەوە دەڕوانن و (٣٩.٨٪)یان بە ئەرێنی. لە کاتێکدا ئەو کەسانەی کە بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن، بە نەرێنی سەیری پرسی هاوپەیمانیەتی دەکەن، ئەو بەشداربوانەی کە نەیانویست وەڵامبدەنەوە، وا دەردەکەوێت بژاردەی "نە بە ئەرێنی و نە نەرێنی دەیبینم"یان هەڵبژاردووە.

کاتێک وەڵامی بەشداربوانی گرووپی توێژینەوەکە بۆ ئەو پرسیارە دەخرێتەڕوو کە حەزدەکەن چ جۆرە پرۆفایلی کاندیدی سەرۆکی شارەوانی لەو شارەدا ببینن کە تێیدا دەژین، دەبینرێت (٥٢.٥٪) یان "کەسێکی گەنج و خوێندەوار و داهێنەر"یان پێ باشە. لە کاتێکدا وەڵامی "ناوێکی ناسراو و شارەزا لە سیاسەتدا" پلەی دووەمی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی ٢٧.٥٪، وەڵامەکانی "کاندیدێک کە پیشەی ئەکادیمیی هەیە"; ٦.٨٪ و "کەسێک کە ماوەیەکی زۆرە لە ڕێکخراوانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا چالاک بووە"; ڕێژەی ٦.١٪. ئەمە جگە لەوەی بژاردەکانی "کەسێکی بەئەزموون لە کاری بازرگانیدا" و "کەسێکی ئاییندار" هەڵبژێردراون.

کاتێک بە پێی ئەو دەنگانەی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ڕابردوودا داویانە، ئەو وەڵامانەی بەشداربوان بۆ پرسیاری "پێت خۆشە وەک کاندیدی سەرۆکایەتیی شارەوانیی شارەکەت لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا چ جۆرە پرۆفایلێک ببینیت؟" دەنگدەرانی ئاک پارتی "ناوێکی ناسراو و بەئەزموون لە سیاسەتدا" بە ڕێژەی ٣٨.٧٪ وەک بەرزترین ڕێژە پێیان باشتر بوو. لە هەمان کاتدا بژاردەکانی "کەسێکی گەنج و خوێندەوار و داهێنەر" بە ڕێژەی ٣١.٤٪ و "کەسێک کە ماوەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا چالاک بووە؛ بە ڕێژەی ١١.١٪ تا ڕادەیەک بە ئاستێکی بەرز هەڵبژێردراون. تێبینیدەکرێت کە بژاردەی "کاندیدێکی دیندار" ٤.٨٪ بە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکە زیاتر بووە. "ناوێکی گەنج و خوێندەوار و داهێنەر" بە ڕوونی بۆ یەسەپە؛ ٥٩.٨٪ و دەنگدەرانی جەهەپە ٦٤.٧٪ دیارە.

کاتێک وەڵامی ئەو بەشداربوانەی کە وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە، بۆ پرسیاری "چی پێشنیار دەکەیت بۆ ئەوەی دیموکراسی لە ناوخۆی وڵاتدا کارابێت؟" (٣٨.٨٪)یان "دروستکردنی پلاتفۆرمێک کە پێشنیار و داواکارییەکانی خەڵکی ناوچەکە کۆبکاتەوە" پێشنیارکردووە،

"فەراهەمکردنی دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداریی هاوڵاتیان لە پرۆسەی بڕیاردان" بە ڕێژەی ٣٥.٦٪ لە پلەی دووەمدایە. لە کاتێکدا ١١.١٪ی بەشداربوان پێشنیاری "زیادکردنی نوێنەرایەتیی گەنجان و ژنان" دەکەن بۆ ئەوەی دیموکراسی لە ناوخۆدا کارابێت، هەروەها پێشنیاری "دامەزراندنی ئەنجومەنی گەڕەکەکان و کاراکردنیان" بە ڕێژەی ٩.٥٪ لە پلەی چوارەمدایە.

**هەرچەندە زۆرینەی دەنگدەرانی ئاکەپە پێیان وایە دانانی قەیوم کاریگەریی لە سەر ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا نابێت، بەڵام زۆرینەی دەنگدەرانی یەسەپە و جەهەپە دەڵێن: دانانی قەیوم کاریگەریی لە سەر ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێت.**

کاتێک وەڵامی بەشداربوانی گرووپی توێژینەوەکە بۆ پرسیاری "چۆن هەڵسەنگاندن بۆ دانانی قەیومەکان[٥] بۆ شارەوانییەکان دەکەیت؟" وەرگیرا، تەنها ڕێژەی ١٣.١٪ دانانی قەیومیان بەدروستزانیوە، لە کاتێکدا سێ لە سەر چواری بەشداربوان دانانی قەیومیان بەدروستنەزانیوە، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ڕایانگەیاندبوو نە بە ڕاست و نە بە هەڵەیان زانیوە، ٨٪ بووە. هەروەها ڕێژەی ٣.٤٪ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە "هیچ بیرۆکەیەکیان" لەو بارەیەوە نەبووە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن، ئەوانەی کە پێیان وا بووە دانانی قەیوم هەنگاوێکی دروست نییە، زیاددەکات. ئەم ڕێژەیە لە نێوان دەرچوانی زانکۆ و کەسانی خوێندنی باڵا و خوێندکارانی زانکۆدا لە نێوان ٧٨.٦٪ بۆ (٨٥.٧٪)دایە. لە ناو دەنگدەرانی دەرچووی قۆناغی سەرەتاییدا، ڕێژەی ئەوانەی ڕەزامەندن لە سەر دانانی قەیوم لە جێگەی سەرۆکی شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان، لە بەرزترین ئاستدایە بە ڕێژەی ٣١.٩٪.

لە توێژینەوە مەیدانییەکەدا دەردەکەوێت کە دەنگدەرانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر ڕەزامەندی لە سەر دانانی قەیوم بۆ شارەوانییەکان نادەن. ٢٥.٨٪ی لایەنگرانی ئاکەپە، ٩٥.٩٪ی لایەنگرانی یەسەپە، ٨٥.٧ی لایەنگرانی پارتی باش، ٨٣.٧٪ی لایەنگرانی جەهەپە، ٧٠.٣٪ی ئەوانەی نایانەوێت ئەو پارتە ڕابگەیەنن کە دەنگیان پێ داوە، ٦٧.٩٪ی ئەو کەسانەشی کە دەنگیاننەداوە، بەدروستینازانن قەیوم بۆ شارەوانییەکان دابنرێت. لە ناو بەشداربواندا ٨٤.٦٪ی دەنگدەرانی مەهەپە، ٥٠.٢٪ی دەنگدەرانی ئاکەپە، ٢٥٪ی دەنگدەرانی پارتی خۆشگوزەرانیی نوێ؛ دانانی قەیومیان بەدروستزانیوە.

کاتێک لە وەڵامی بەشداربوان بۆ پرسیاری "چۆن کاریگەرییەکانی دانانی قەیومەکان لە سەر خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی هەڵدەسەنگێنیت؟" دەکۆڵرێتەوە، دەردەکەوێت کە ڕێژەی ئەوانەی کە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی وەک "کاریگەریی نەرێنی" هەڵدەسەنگێنن، (٧٠.٣٪)ە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی دەنگدەرانی کورد پێیان وایە دانانی قەیوم کاریگەریی نەرێنی لە سەر خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی هەیە. ڕێژەی ١٤.٤٪ی بەشداربوان "کاریگەریی ئەرێنیی هەیە"یان هەڵبژاردووە. بە پشتبەستن بەم داتایانە دەتوانین بڵێین: بە بۆچوونی هاوڵاتیانی باکووری کوردستان؛ دانانی قەیومەکان کاریگەریی نەرێنیی لە سەر خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی دەبێت.

بە پشتبەستن بەو داتایانەی بەدەستهاتوون، ٥٥٪ی ئەو دەنگدەرانەی کە پشتیوانی لە ئاکەپە دەکەن، پێیان وایە دانانی قەیوم کاریگەریی ئەرێنیی لە سەر خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی هەیە، ١٩.٦٪ دەڵێن: کاریگەریی نەرێنیی هەیە، ١٩.٢٪ دەڵێن: نە کاریگەریی ئەرێنیی هەیە، نە نەرێنی.

زۆرینەی ئەو دەنگدەرانەی کە پشتیوانی لە یەسەپە دەکەن، (٩٢.٥٪)یان کاریگەرییەکانی دامەزراندنی قەیوم لە سەر خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بە نەرێنی هەڵدەسەنگێنن. لە کاتێکدا ٧٨.٩٪ی دەنگدەرانی جەهەپە کاریگەرییەکانی دانانی ئەمیندار لە سەر خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بەنەرێنیدەزانن، ٧.٤٪ بە ئەرێنی هەڵیدەسەنگێنن. تەنها ٥.١٪ی ئەوانەی کە دەنگیاننەداوە، دەڵێن دامەزراندنی قەیوم کاریگەریی ئەرێنیی لە سەر خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی هەیە.

کاتێک ئەو وەڵامانەی بەشداربوان بۆ پرسیاری "پێتوایە دانانی قەیومەکان بە چ شێوەیەک کاریگەریی لە سەر بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێت؟" دەکۆڵرێتەوە، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامیانداوەتەوە بە "پێم وایە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا کەمدەبێتەوە"، بەرزترین ڕێژە پێکدەهێنێت بە ٣٨.٦٪. ئەم داتایانە دەریدەخەن کە زۆرینەی دەنگدەران پێیان وایە کە دامەزراندنی قەیوم کاریگەریی نەرێنیی لە سەر متمانە و بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێت.

ڕێژەی ئەوانەی وەڵامیانداوەتەوە بە "پێم وایە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا زیاددەکات"، ٢٦.٦٪ دەبێت. ئەمەش بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە دەنگدەران نیشاندەدات، کە پێیان وایە دانانی قەیوم هۆکارێک دەبێت بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و بەرگریکرن لە مافە تایبەتییەکانی هاوڵاتی، هەروەها جێگەی سەرنجە کە ڕێژەی ئەوانەی وەڵامیانداوەتەوە بە "وەک خۆی دەمێنێتەوە"، ڕێژەی ١٩.٧٪ دەبێت.

٤١.٣٪ی دەنگدەرانی ئاکەپە پێیان وایە دانانی قەیوم نابێتە هۆی هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا. لە کاتێکدا ڕێژەی دەنگدەرانی ئەو پارتە کە پێیان وایە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا زیاددەکات، (٢٦.٩٪)ە و ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە دانانی قەیوم دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ١٣.٧٪ دەبێت.

لە کاتێکدا زۆرینەی دەنگدەرانی یەسەپە کە ڕێژەی ٤٧.٥٪ پێکدەهێنن، پێیان وایە دانانی قەیوم ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا کەمدەکاتەوە، ڕێژەی ئەوانەی پێیان وا بوو بەشداریکردن زیاددەکات، ٣١.٢٪ بووە. ٤٤.٧٪ی دەنگدەرانی جەهەپەیش لەو باوەڕەدان کە دانانی قەیوم ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کەمدەکاتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم داتایانە، جێگەی سەرنجە کە تێڕوانینێکی بەهێز هەیە، بە تایبەتی لە ناو دەنگدەرانی یەسەپە و جەهەپەدا کە دانانی قەیومەکان ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کەمدەکاتەوە.

١- نزیکەی ٣٠٠-٦٠٠ دۆلاری ئەمریکی.

٢- نزیکەی ١٧٥٠ دۆلاری ئەمریکی.

٣- بە هۆی مەترسیی داخستنی پارتی دیموکراتی گەلانەوە (هەدەپە) HALKARİN ((HDP DEMOKRATİKPartisi) لەلایەن دادگای دەستووریی تورکیاوە بەرپرسانی پارتەکە لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣ بڕیاریاندا لە ژێر ناوی پارتی چەپی سەوزدا (یەسەپە) و لەگەڵ کاندیدەکانی ئەو پارتەدا بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن. دوای شکستی هەدەپە/ یەسەپە لە هەڵبژاردنەکاندا، لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ یەسەپە کۆنگرەی چوارەمی سازکرد و ناوی پارتەکەی گۆڕی بۆ پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (هەدەپ) Halkların Eşitlik ve Demokrasi Partisi) (HEDEP، ئێستا هەدەپە و یەسەپە لە ژێر ناوی هەدەپ بەردەوامن لە کاری سیاسی و ٦١ پەرلەمانتاریان هەیە.

٤-واتە لە ناو پارتە سیاسییەکاندا بە هەڵبژاردن کاندیدی ئەو پارتە بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانییەکان یەکلاییبکرێتەوە.

٥- قەیوم کەسێکە کە بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی تورکیا بە فەرمانێکی تایبەتی لە جێگەی سەرۆکی شارەوانییەکی هەڵبژێردراو دادەنرێت. دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئاکەپە و هەدەپە، ئاکەپە لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە و بە دانانی قەیوم لە جێگەی ئەو سەرۆکی شارەوانییانەی هەدەپە کە بە دەنگی هاوڵاتیان هەڵبژێردراون، زەبرێکی کوشندەی لە هەدەپە وەشاندووە. سەرەڕای هەڵبژاردنی ئەو سەرۆکی شارەوانییانە لەلایەن گەلەوە، بەڵام بە بیانووی "بوونی پەیوەندیی سەرۆکی شارەوانییەکە لەگەڵ پەکەکە و پشتیوانی لە تیرۆر" لە پۆستەکەی دووردەخرێتەوە و بەبێ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیکە، کەسێکی دڵخوازی ئاکەپە لە جێگەکەی دادەنرێت. ئەم هەڵمەتە لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە جێبەجێدەکرێت.

**لینکی ڕاپۆرتەکە:**

http://spectrumhouse.com.tr/wp-content/uploads/2023/10/IKI-SECIM-ARASI-KURT-SECMEN-EGILIM-RAPORU.pdf

# ئایا پەیماننامەی لۆزان پیرۆزیی ماوە؟

نووسینی: سینان تاڤوکچوو، پەیمانگای بیری ستراتیجی
وەرگێڕانی: حەمزە محەمەد ساڵح

**سینان تاڤوکچو (Sinan Tavukçu)**

سەرۆکی دەزگای لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ستراتیژییە. لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری سیواس لە تورکیا لەدایکبووە. دوای تەواوکردنی بەشی ئابووری لە زانکۆی گازی، لە ساڵی ١٩٨٦ لە وەزارەتی دارایی دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٩٧ وازی لە فەرمانبەری هێنا و وەک ڕاوێژکاری دارایی سوێندخوراودوو دەستی بە کاری سەربەخۆ کرد. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دەزگای لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ستراتیژی. لە ١٠ی ئابی ٢٠٢٠ بە دواوە لەلایەن ئەنجومەنی گشتیی دەزگاکەوە وەکو سەرۆکی دەزگاکە دیاریکرا. سینان تاڤوکچو چەندین لێکۆڵینەوە و نوسینی لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هەیە.

**پەیمانگەی بیری ستر اتیژی Stratejik Düşünce Enstitüsü (SDE)**

ئەم پەیمانگەیە وەک بەشێک لە دەزگای لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ستراتیژی لە ٣ی ئازاری ٢٠٠٩ دامەزرا. پەیمانگەی بیرکردنەوەی ستراتیژی؛ ناوەندی هزری تورکیای نوێیە، کە لە سەر چوارچێوەی بەهای مرۆیی هاوبەش بە ئامانجی سەربەخۆیی، ئازادی، دادپەروەری، ئاشتی، گەشەپێدان و یەکسانی کاردەکات.

٢٤ی تەمموزی ئەمساڵ (٢٠٢٣)، یادی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بە سەر پەیماننامەی لۆزان بوو. وەک نەریتێکی ساڵانە ئەمساڵیش چەندین نوسین و قسەی لە سەر کرا. لە زووە باس لەوە دەکرێت کە لۆزان تاپۆی کۆماری نوێی تورکیایە و ناگۆڕێت و هەتا هەتایە بەردەوامدەبێت. پشتیوانان و پیرۆزکەرانی پەیماننامەی لۆزان، ڕەخنەگرانی پەیماننامەکە کە دەڵێن ئەم پەیماننامەیە بۆ ماوەیەکی کاتییە و نوێبوونەوە و گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت، بە نەزان و قسەی پڕوپوچ تاوانباردەکەن.

بێگومان ئەو مێژوونوسانەی پشتگیریی بەردەوامبوون و هەتاهەتایی بوونی پەیماننامەی لۆزان دەکەن، نەزان نین بەوەی بە درێژایی مێژوو هیچ جۆرە پەیماننامەیەک ئەم تایبەتمەندییەی نەبووە. بە هەر هۆکارێک کاتێك باس لە لۆزان دەکرێت، چەقبەستوویيەکی کوێرانە دێتەپێشەوە نەک زانست. ئەو نوخبەیەی پەیماننامەکەیان پیرۆزکردووە، بە ناوی بەردەوامبوونی سەپاندنەکەوە، لایەنگری ئەو کەسانەن کە وایان لە دەوڵەتەکەمان[1] کرد لە کاتە سەختەکاندا واژووی لە سەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە لە ژێر ناوی نەتەوەخواز و میللییەتچیەتیدا دەکەن.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم و دەستپێکردنی دانوستانەکانی ئاشتی، ئەو سنوورانەی لە بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکاندا ئاشکراکراون، ویست و هەوڵی دوژمنان بۆ داگیرکردنی وڵات[2] و لەناوبردنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ویست و هەوڵی ئەوانەی کە هەوڵیاندا نیشتیمان لە دژی ئەمانە بپارێزن، نیشاندەدات، هەر بۆیە ئەو بەڵگانەی کە لە خوارەوە باسیاندەکەم و دەیانخەمەڕوو، بریتین لەو بەڵگانەی پێشکەش بە کۆنفرانسی پاریس کران، کە ئەوانیش یاداشتێکی عوسمانی بوو لە ٢٣ی حوزەیران؛ یاداشتی پەیمانی نەتەوەیی، پەیماننامەی سیڤەر و پەیماننامەی لۆزان. ئەگەر هەردوو پەیماننامەی لۆزان و سیڤەر لە ژێر ناوی پەیماننامەی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتە ناکۆکەکان و بە ئامانجی دابەشکردنی وڵاتمان بووبێت، ئەوا یاداشتێکی عوسمانی لە بەرواری ٢٣ی حوزەیران و یاداشتی پەیمانی نەتەوەیی بریتی بوون لەو سنوورانەی دەوڵەت دیاریکردن بەرانبەر بە دوژمنان، چونکە پێوانەکردنی ڕێژەی سەرکەوتن بریتی دەبێت لە ئاستی پارێزگاری لەو سنوورانەی لە پەیماننامەکەدا دیاریکراوە، نەک لەبەر ئەو بەڵگەنامە و پەیماننامانەی لەلایەن دوژمنەوە ئامادەکراون و پێیان ئیمزاکردووین. لەم نوسینەدا تیشکخراوەتەسەر هەوڵەکانی دابەشکردنی نیشتیمان و لە بەرانبەردا هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلانانە لە کۆنفرانسی پاریسەوە تاوەکو پەیماننامەی لۆزان.

## پرۆسەی کۆنفرانسی پاریس

وەکو دەزانرێت، دەوڵەتی عوسمانییش وەک یەکێک لە دەوڵەتانی هاوپەیمانی بەشدار لە جەنگی جیهانیی یەکەم توشی شکست بوو. جەنگیش لە ساڵی ١٩١٨ بە ئیمزاکردنی ئاگربەست و ڕێککەوتننامەی دانانی چەک لە نێوان دەوڵەتانی سەرکەوتوو لەگەڵ شکستخواردوودا کۆتایی هات. لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ لەگەڵ ئیمەشدا (تورکیا) ئاگربەستی مۆندۆرۆس ڕاگەیەنرا. هەر ئاگربەستێکیش وەک بنەمایەک بە پەیماننامەیەکی ئاشتی دەبەسترایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ کۆنفرانسی پاریس دەستیپێکرد. ئەم کۆنفرانسە بوو بە مەیدانێک بۆ بەستنی پەیماننامە لە نێوان دەوڵەتە سەرکەوتووەکان و شکستخواردووەکانی جەنگ. لەم کۆنفرانسەدا ٣٢ دەوڵەتی بەشداریانکرد کە بەرانبەر بە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان شەڕیانکردووە، یان شەڕیان ڕاگەیاندووە. لە کۆتایی دانوستانەکانی ناو کۆنفرانس لە چوارچێوەی بنەماکانی ویلسندا، دەوڵەتە هاوپەیمانەکان پەیماننامەی ئاشتییان لەگەڵ ئەڵمانیادا لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ لە ڤێرسای، لەگەڵ نەمسا لە ئەیلوولی ١٩١٩ لە ساینت جێ ماین، لەگەڵ بولگاریا لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ لە نیولی و لەگەڵ هەنگاریا لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٢٠ لە تریانۆن ئیمزاکرد. لەگەڵ ئەوەی چەندین جار دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس دەدا، بەڵام بانگهێشتنەکرا و هەوڵی دوورخستنەوەی درا.

## یاداشتێکی عوسمانی لە ٢٣ی حوزەیران

دوای داگیرکردنی ئیزمیر[٣] لەلایەن یۆنانییەکانەوە لە ٣٠ی نیسانی ١٩١٩، دەوڵەتی عوسمانی بانگهێشتی کۆنفرانسی پاریس کرا. شاندێکی دیبلۆماسی بە سەرۆکایەتیی فەرید پاشا کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران (مەجلیسی وقەلا)وە دەستنیشانکرابوو، یاداشتێکی فەرمییان بە ناوی بەرگرینامە (مودافەعانامە) وە لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩١٩ پێشکەش بە کۆنفرانسەکە کرد. ئەم یاداشتە بریتی بوو لە ڕوانگەی ڕەسمیی دەوڵەتی عوسمانی سەبارەت بە ئاشتیی تورک. ئەم یاداشتە لە بنەڕەتدا لەلایەن لیژنەیەک لە دەوڵەتەوە ئامادەکرابوو. گرنگترین شتێك ئەوە بوو کە ئەم یاداشتە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەندکرابوو.

پوختەی ئەو یاداشتەی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی کۆنفرانسی پاریس کرا، بریتی بوو لە:

•ئێدرنە و تراکیای ڕۆژئاوا[٤] کە زۆرینەی لە تورکەکان پێکهاتووە و لەگەڵ ئەو سنوورەی کە بە پێی پەیماننامەی بەرلین دیاریکراوە، بۆ تورکەکان دەمێنێتەوە.

•سنووری تورک لە ئەنادۆڵدا وەک پێش جەنگی ڕۆژهەڵات دەمێنێتەوە و موسڵ، دیاربەکر و بەشێک لە حەلەب دەکەونەناو سنووری تورکەوە.
•دوورگەکانی نزیک کەنارەکان کە بە پێی مێژوو بەشێک بووە لە دەوڵەتی عوسمانی، خودموختارییەکی فراوانتریان پێ دەدرێت و بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەبێت.
•ئەگەر لە ئێریڤان(٥) کۆمارێکی ئەرمەنی دابمەزرێت، بۆ دیاریکردنی هێڵی سنوورەکەی کردنی ڕیفراندۆم پەسەندکرا. مافە کولتووری و ئابوورییەکان بەو ئەرمانیانە دەدرێت کە لە خاکی دەوڵەتی عوسمانیدا دەمێننەوە.
•عەرەبستان، سوریا، حیجاز، یەمەن، عێراق و ئەو ناوچانەی بەشێکن لە دەوڵەتی عوسمانی، پەیوەست دەبن بە سوڵتانەوە و لەلایەن ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەرییەوە بەڕێوەدەبرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی دیاریکراو لە نوێنەرانی سوڵتانی عوسمانی لە مەککە، مەدینە و قودس دەبن.
•بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ میسر و قوبرس، گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ بەریتانیادا دەکرێت. هەر کاتێک پەیماننامەکە ئیمزاکرا، سەربازانی داگیرکەر لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی دەکشێنەوە.
ئەم یاداشتە سنوورەکانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بە بنەما وەردەگرێت و ڕازینابێت بە دابڕینی ئەو زەویانەی نیشتیمان کە توشی داگیرکاری بوون. یاداشتەکە دەوڵەتانی هاوپەیمانی تورەکرد. لە بەرانبەر ئەمەدا لە ٢٥ی تەمموزی ١٩١٩ بە بڵاوکردنەوەی یاداشتێک باس لەوە کرا دیاریکردنی چارەنوسی دەوڵەتی عوسمانی تایبەتە بە دەوڵەتانی هاوپەیمان و سوکایەتییان بە تورکەکان کرد، هەر بۆیە یاداشتەکەی ٢٣ی حوزەیران لە کۆنفرانسی پاریس پەسەندنەکرا، بەڵام ئەمە بوو بە بەڵگەیەکی مێژوویی سەبارەت بە سنوورەکانی دەوڵەت.

## بەیاننامەی پەیمانی نەتەوەیی (میساقی میللی)

یاداشتی ٢٣ی حوزەیرانی ١٩١٩ بووە سەرچاوەیەک بۆ بەیاننامەی پەیمانی نەتەوەیی (میساقی میللی)، کە لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پەسەندکرا.
لە بەیاننامەی پەیمانی نەتەوەییدا سنوورەکانی دەوڵەت بەم شێوەیە دیاریکراوە:
١. بەو پێیەی چارەنوسی ئەو بەشانەی دەوڵەتی عوسمانی کە تەنها زۆرینەی عەرەبی تێدا دەژیا و لە کاتی واژووکردنی ئاگربەستی مۆندۆرۆس لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ لەلایەن سوپای دوژمنەوە داگیرکرابوو، لە سەر بنەمای دەنگدانی ئازاد و سەربەستیی هاوڵاتیانی ناوچەکە

چارەنوسی دیاریدەکرێت، خەڵکی ناوەوە و دەرەوەی هێڵی ئاگربەست بەبێ جیاوازیی ئایین و ڕەگەز و نەتەوە یەکدەگرن و لەگەڵ یەکتردا دەبن. هەموو ئەو خاکانەی کە زۆرینەی عوسمانی ئیسلامیی تێدا نیشتەجێن، بەوپەڕی خۆشەویستی و گیانفیدایی و قوربانیدانەوە بۆ یەکتر پێکەوە دەژین و جیابوونەوە بە هیچ جۆرێک قبوڵناکرێت، هەروەها سەرجەم مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانیان پێ دەبەخشرێت.

**بە هەر هۆکارێک کاتێك باس لە لۆزان دەکرێت، چەقبەستووییەکی کوێرانە دێتەپێشەوە نەک زانست.**

٢. ئەگەر پێویستبکات بۆ خەڵکی ناوچەکانی "قارس، ئاردەهان، باتوم" وەک چۆن بۆ یەکەمین جار ئازادبوون و بە دەنگی خەڵکی گەڕانەوە نیشتیمانی خۆیان، دووبارە بەشداریکردنی دەنگی ئازادانەی خەڵکەکە پەسەنددەکەین.
٣. دیاریکردنی پێگەی یاسایی تراکیای ڕۆژئاواش کە پابەندە بە ئاشتیی تورکیاوە، پێویستە لە سەر بنەمای دەنگی خەڵکی نیشتەجێی ئەو وڵاتەی کە ئازادانە ڕایانگەیاندووە، بکرێت.
٤. پێویستە ئاسایشی شاری ئەستەنبوڵ کە ناوەندی خەلافەتی ئیسلامی و سەڵتەنەت و حکومەتی عوسمانییە، لەگەڵ ئاسایشی دەریای مەڕمەڕە لە هەموو جۆرە مەترسییەک بپارێزرێت. بە مەرجی مانەوەی ئەم بنەمایە، ئێمە لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی دیکەدا هاوڕاین بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گەرووی دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش بە کراوەیی بۆ بازرگانی و گواستنەوەی جیهانی بمێنێتەوە.
٥. لە چوارچێوەی بڕگەکانی پەیماننامەی ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتە هاوپەیمان و دوژمنەکانیان و بەشێک لە هاوبەشەکانیان، لەلایەن ئێمەوە مافی کەمینەکان دەدرێت و دەستەبەردەکرێت، بەو مەرجەی مسوڵمانانی وڵاتانی دراوسێش بە هەمان شێوە مافەکانیان پارێزراو بێت.
٦. لە پێناو جێبەجێکردنی پێشکەوتنە نەتەوەیی و ئابوورییەکانمان و ئیدارەیەکی مۆدێرنەتر، وەکو هەموو دەوڵەتانی تر بنەمای سەربەخۆیی و ئازادی بۆ گەشەکردن و مانەوەمان فەراهەمبکرێت، هەر لەبەرئەوە دژی هەر مەرجێکین کە سیاسەت و دادوەری و داراییمان کۆتوبەندبکات. هەروەها ئەو مەرجانەی بۆ دانەوەی ئەو قەرزانەی لە سەرمان دروستبووە، نابێت دژی ئەم بنەمایانە بێت.
لە کاتێکدا سنوورەکانمان لە یاداشتی عوسمانیدا بریتی بووبێت لە سنووری پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، ئەوا هێڵی سنوورەکانمان لە پەیمانی نەتەوەییدا

بریتین لەو سنوورانەی کە لە ئاگربەستی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ئیمزاکرا. لە نەخشەی پەیمانی نەتەوەییدا، سوریا، لوبنان، فەڵەستین و عێراقی ئەمڕۆ، تا هێڵی ئەسکەندەریە-بەندەری سەعید، هەروەها دوورگەکان، قوبرس و باتومی لە سنووری دەوڵەتدا بوون. دەوڵەتانی هاوپەیمان لە ١٦ی ئازاری ١٩٢٠ بە ڕەسمی ئەستەنبوڵیان داگیرکرد، دایان بە سەر پەرلەماندا، ئەندامانی پەرلەمان و ڕۆشنبیرانیان دەستگیرکرد و دووریانخستنەوە بۆ ماڵتا. لە ٢٣ی نیسانی ١٩١٩ ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە هاتبوون بۆ ئەنقەرە، پەرلەمانێکی نیشتیمانیی نوێیان دامەزراند. حکومەتی ئەنقەرەش لە حوزەیرانی ١٩٢٠ بە هەموو دونیای ڕاگەیاند لە سیاسەتی دەرەوەدا پەیوەستە بە پەیمانی نەتەوەییەوە.

**ئەو نوخبەیەی پەیماننامەکەیان پیرۆزکردووە، بە ناوی بەردەوامبوونی سەپاندنەکە، لایەنگری ئەوکەسانەن کە و ایان لە دەوڵەتەکەمان کرد لە کاتە سەختەکاندا واژووی لە سەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە لە ژێر ناوی نەتەوەخواز و میللییەتچیەتیدا دەکەن.**

### پەیماننامەی سیڤەر

لە ١٨-٢٦ی نیسانی ١٩٢٠ دەوڵەتانی هاوپەیمان لە کۆنفرانسی سان ڕیمۆدا بۆ دابەشکردنی خاکەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا کۆبوونەوە و ڕەشنوسی پەیماننامەی سیڤەریان ئامادەکرد، کە بڕیار بوو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ببەسترێت.

لە ٢٢ی نیساندا حکومەتی عوسمانی بانگهێشتی کۆنفرانسی ئاشتی لە کەناری سیڤەری پاریس کرا، سوڵتان وەحدەدینیش لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد تۆفیق پاشای وەزیری پێشوو نارد. ڕۆژی دواتر و لە ٣٠ی نیساندا لە ئەنقەرە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورە کۆبوونەوە و نوسراوێکیان نارد بۆ وەزارەتەکانی دەرەوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و تێیدا دروستکردنی حکومەتێکی جیایان لە ئەستەنبوڵ ڕاگەیاند. ئەحمەد تۆفیق پاشا کاتێک مەرجە قورسەکانی پەیماننامەی سیڤەری بینی، لە گفتوگۆکان کشایەوە. حکومەتی ئەستەنبوڵ تاوەکو ماوەیەکی درێژ ڕەتیکردەوە واژووی پەیماننامەی سیڤەر بکات، بەڵام دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ ئەوەی لایەنی تورکی بخەنەژێر فشارەوە، هێزەکانی یۆنانیان کە لە ئیزمیردا بوو، هێنایانەناو ئەنادۆڵەوە و بە تایبەت بۆ ناوچەکانی "باڵک کەسیر، بورسا، ئوشاک"، تراکیاش لە ماوەیەکی کەمدا لەلایەن سوپای یۆنانەوە داگیرکرا. هەر کە

دوژمن پێشڕەویکرد بەرەو ئیستەنبوڵ، لە ٢٢ی تەممووزی ١٩٢٠ لە ناو شورای سەڵتەنەتی عوسمانیدا واژووکردن لە سەر پەیماننامەکە پەسەندکرا. ئەوە بوو لە ڕۆژی سێشەممەی ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لەلایەن نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانانەوە پەیماننامەکە واژووکرا.

بە پێی پەیمانی سیڤەر کە لە ٤٣٣ مادە پێکهاتووە، تەنیا خاکێکی بچووک لە ئەنادۆڵی ناوەڕاست وەک خاکی عوسمانی بەجێهێڵرا (بە مەرجێک ئەستەنبوڵ بۆ تورکەکان بەجێبهێڵرێت). بە پێی مادەکانی پەیماننامەکە بڕیار بوو دوو دەوڵەت بە ناوەکانی "کوردستان و ئەرمینیا" لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دابمەزرێنن. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاردرا جگە لە ئیستەنبوڵ، تراکیای ڕۆژهەڵات بدرێت بە یۆنان، ئیزمیر بۆ تورکیا بەجێدەهێڵرێت، بەڵام مافە سەروەرییەکان لەلایەن پارێزگارێکەوە بەڕێوەدەبرێن، کە لەلایەن یۆنانەوە بۆ ماوەی ٥ ساڵ دیاریکرابێت. لە کۆتایی ئەم ماوەیەدا بڕیاردرا ڕاپرسیبکرێت. عەرەبستانی سعودیە و عێراق کە خاکی عوسمانی بوون، بدرێتە بەریتانیا. ئورفا، غازی عەنتاب، ماردین و سوریا بدرێت بە فەڕەنسییەکان و ئەو زەویانەی لە باشوورەوە هێڵەکەی درێژدەبێتەوە، لە ئەدەنەوە تاوەکو شاری قەیسەری لە ژێر دەستی ئیتاڵییەکاندا بمێنێتەوە. بڕیاردرا دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە ناوچەکانی وان و ئەرزڕۆم و بیتلیس و ترابزۆن دابمەزرێت و بە مەرجێك دیاریکردنی سنوورەکانی بۆ ناوبژیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەجێهێڵرا. بڕیاریشدرا دوانزدە دوورگە بۆ ئیتاڵییەکان و دوورگەکانی تری دەریای ناوەڕاست بۆ یۆنانییەکان چۆڵبکرێت.

هەروەها بڕیاری دامەزراندنی کۆمسیۆنێک بۆ بەڕێوەبردنی گەرووەکان درا. بەردەوامبوونی تەسلیمبوون و چەکدانان لە ناو بڕگەکاندا بوون، بەڵام ئەو پەیماننامەیەی کە واژووی لە سەر کرا، بە هۆی ئەوەی پەرلەمان لە پشوودا بوو، پەسەندنەکرا و نەیتوانی ڕوانگەی یاسایی خۆی بەدەستبهێنێت.

لە ٢٠ی ئابی ١٩٢٠ پەرلەمان لە ئەنقەرە کۆبووەوە و پەیماننامەی سیڤەری پەسەندنەکرد، ئەو پەرلەمانتارانەیش کە پشتیوانییان لە پەسەندکردنی پەیماننامەکە دەکرد، وەک خیانەتکاری نیشتیمانی ناسێنران، بەم شێوەیە پەیماننامەکە وەکو زیندوویەکی مردووی لێهات. لە لایەکی دیکەوە لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ ئەو ئەرمەنییانەی بەرانبەر بە سوپای تورکیا شکستیانهێنا، داوای ئاشتییان کرد. سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا کە بە پێی پەیماننامەی سیڤەر وەک ناوبژیوان دیاریکرابوو، سنووری ئەرمەنییەکانی کێشا. لەگەڵ ئەمانەشدا بە پێی پەیماننامەی گومرو کە لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ ئەرمەنییەکان واژوویانکردبوو، باتوو،

سارقمیش، قارس، ئاگری، ئەرزڕۆم، ئاڕتڤین و دەوروبەری ئۆڵتو بۆ تورکیای بەجێهێشت.

**بۆ بەدیهێنانی پەیمانی نیشتیمانی لە کۆبوونەوەی ئاشتیدا، موسڵ، کەرکوک، سلێمانی، حەلەب، هاتای، تراکیای ڕۆژئاوا و دوازدە دوورگە کرانەدەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەتی تورکیا.**

دوای ئەوەی ڤێنیزێلۆس لە هەڵبژاردنەکانی یۆنان شکستیهێنا و پاشا کۆنستنتین سەرکەوت، ئیتاڵیا و فەڕەنسا لە ٢١ی شوباتی ١٩٢١ لە کۆنفرانسی لەندەن داوای پێداچوونەوەیان بە پەیماننامەی سیڤەر و کشانەوەی یۆنان لە ئیزمیر و ڕۆژهەڵاتی تراکیا کرد و بەرانبەر بە یۆنان پشتگیری تورکەکانیان کرد. لە کاتێکدا بەریتانیا لەم گۆڕانکارییە لەناکاوەدا هەوڵیدا بێلایەن دەربکەوێت، هەر بۆیە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا؛ لۆرد کورزۆن، دەیویست بەریتانیا سیاسەتێک پەیڕەوبکات کە شکستی یۆنان مسۆگەربکات، بەبێ ئەوەی هیچ بەرپرسیارییەتییەک لەئەستۆبگرێت. بەو شێوە دەردەکەوێت دۆخەکە لە بەرژەوەندیی تورکیا گۆڕا.

**پەیماننامەی لۆزان**

دیاریکردنی ئەوەی ئایا واژووکردنی پەیماننامەی لۆزان لەلایەن نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە سەرکەوتنێک بوو بەرانبەر بە دوژمنان، یاخود کارێکی ناچاری بوو، ئەمە چۆن بۆ ئەو کاتە گرنگ بووە، بۆ ئێستاش زۆر گرنگە. ڕوونکردنەوەی ئەوەی لێرەدا بەدەستمانهێناوە و باسکردنی وەک بابەتی ڕۆژ، پەیماننامەیەکی مردووی وەکو سیڤەر نییە، بەڵکو وەڵامدانەوەی بریتییە لە زانینی بەهای ئەوەی کە ئیستا لە بن دەستماندایە. لە کاتێکدا مستەفا کەمال ئەتاتورک لە دانیشتنی نهێنیی مەجلیسی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا لە ڕێکەوتی ٢١ی ئازاری ١٩٢١ وتی: "حکومەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا بە پێی مەرجەکانی ئەمڕۆ، ناتوانێت ڕێککەوتنێک پێچەوانەی پەیمانی نەتەوەیی واژووبکات و گرفت لەمەدا هەیە، چونکە نوێنەرانی ئێمە بۆ مەسەلەیەکی بەو شێوە بچووکە نەچوونەتە لەندەن، بەڵکو بۆ دەستەبەرکردن و بەرگریکردن لە سەربەخۆییمان بەو پەیمانە نیشتیمانییەی کە لە دەستیان بوو، چوونە لەندەن. وەک گوتمان، ئێمە ناتوانین ئەمە پشتگوێبخەین، ئەوانیش لە بەرانبەر هەموو جیهانەوە بەرگری لەمە دەکەن." کەمال ئەتاتورک لە کاتی

دانوستانەکانی ئاشتیدا بەم وتارەی ڕایگەیاند کە نەخشەڕێگەکەمان بریتییە لە پەیمانی نەتەوەیی (میساقی میللی).

ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ سەر بابەتەکەی خۆمان، کە هێشتا وتووێژەکان سەبارەت بە لۆزان دەستیپێنەکردبوو، بە پێی پەیماننامەی مۆسکۆ کە لە ١٦ی ئازاری ١٩٢١ واژووکراوە، باتوم بۆ گورجستان و بە پێی ڕێکەوتننامەی ئەنقەرە کە لە ٢٠ی تشرینی یەکەم واژووکراوە، سوریا و لوبنان بۆ فەڕەنسا بەجێهێڵرا. لەگەڵ ئەوەی ئەم پەیماننامانە بە پەلە و پێچەوانەی پەیمانی نەتەوەییەوە بەسترا، بەڵام ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە ناساندنی حکومەتی نوێی ئەنقەرە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

لە شەڕی سەربەخۆیی دژی داگیرکارییەکانی یۆنان لە بەرەی ڕۆژئاوا، فەرماندەی گشتی دوای شکستی یەکلاییکەرەوەی سوپا لە شەڕی مەیدان لە ٣٠ی ئابدا، لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ ئاگربەستی مودانیا لە نێوان تورکیا و ٣ دەوڵەتی هاوپەیمانی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیادا واژووکرا. دوای واژووکردنی ئاگربەست، حکومەتی ئەنقەرە لەگەڵ حکومەتی ئەستەنبوڵ بانگهێشتکران بۆ کۆنفرانسی ئاشتی کە بڕیار بوو لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لە شاری لۆزان لە سویسرا بەڕێوەبچێت. لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ پەرلەمانی ئەنقەرە لە دانیشتنی خۆیدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوڵتانیەتی دا. بەم شێوەیە حکومەتی ئەنقەرە بوو بە تاکە دەسەڵات بۆ نوێنەرایەتیکردنی تورکیا و شاندێک بە سەرۆکایەتیی ئیسمەت ئینۆنۆ بەشداریی لە دانوستانەکانی لۆزاندا کرد.

ئامانجی ئەو شاندەی لەلایەن حکومەتی ئەنقەرەوە نێردرابوون، بریتی بوو لە بەدیهێنان و خستنەکاری پەیمانی نەتەوەیی (میساقی میللی). عیسمەت ئینۆنۆ وەک سەرۆکی شاندەکە، زانیاری و توانایەکی وەهای نەبوو کە دانوستانێکی دیبلۆماسیی نێودەوڵەتی بەو قەبارەیە بکات. هۆکاری هەڵبژاردنیشی وەک سەرۆکی شاندەکە، بە وتەی خۆی دڵسۆزییەکەی بووە بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک. جگە لەوەش، بە هۆی ئەوەی تەلەگرافە ڕاوێژکارییەکانی شاندەکە کە لەگەڵ ئەنقەرە دەیکرد، لەلایەن هەواڵگریی بەریتانیاوە دەستیانبەسەرداگیرا، تەلەگرافەکە هەمیشە دژی ئەوان کاریدەکرد.

لە میانەی سەرەتای دانوستانەکان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢، لە پەرلەمان بەرەی ئۆپۆزسیۆن دژی نوێنەرانی تورکیا لە گفتوگۆکانی پەیماننامەی لۆزان دروستبوو. بۆ ڕێگری لەم بەرەیە لەگەڵ دەرکردنی یاسای خیانەتی نیشتیمانی (Hıyaneti VataniyeKanunu) پاشکۆیەکیش بۆ یاساکە زیادکرا و بەم جۆرە لە ڕێگەی یاساوە ڕێگری لە

هەر کەس و پەرلەمانتارێک کرا کە ڕەخنە لە حکومەت و پەرلەمان بگرێت و وەک خیانەتی نیشتیمانی هەژمارکرا. کوشتنی عەلی شوکر و پەرلەمانتاری شاری ترابزۆن لە ئازاری ١٩٢٣ هەر بۆ هەمان مەبەست بووە و بەم جۆرە بەرەی ئۆپۆزسیۆن ترسێنرا و بێدەنگکران. لە ئەنجامدا و دوای ٨ مانگ لە دانوستان، لەلایەن لایەنەکانەوە پەیمانی لۆزان لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ واژووکرا. بە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی واژووکردنی بە عیسمەت ئینۆنۆ نەدا، مستەفا کەمال خۆی وەک سەرۆکی پەرلەمان و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان واژووی لە سەر پەیماننامەکە کرد.

بۆ بەدیهێنانی پەیمانی نیشتیمانی لە کۆبوونەوەی ئاشتیدا، موسڵ، کەرکوک، سلێمانی، حەلەب، هاتای، تراکیای ڕۆژئاوا و دوازدە دوورگە کرانەدەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەتی تورکیا. تورکیا دەستیکرد بە سەرۆکایەتیکردنی ئەو شاندە نێودەوڵەتییەی کۆنترۆڵی گەرووەکان دەکات، بەڵام دووبارە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سەربازیی هەبێت لە سەر گەرووەکان، نەیتوانی مافی ئەوە بەدەستبهێنێت. تورکیا بە پێی مادەی ١٦ی پەیمانی لۆزان دەستبەرداری هەموو ئەو ماف و گرنتییانە بوو کە لە سەر ئەو زەوییانەی لە دەرەوەی سنوورەکانی هەیبوو، کە لەو پەیماننامەیەدا دیاریکرابوون، کە ڕەنگە تاکە سەرکەوتنی شاندەکە دەستهەڵگرتن بووبێت لە سەر ناوچە تەسلیمبووەکان.

ڕوون و ئاشکرا بوو کە پەرلەمانی یەکەم پەیمانی لۆزانی پەسەندنەدەکرد. پەرلەمان هەڵوەشایەوە و لە ١ی نیسانی ساڵی ١٩٢٣ بڕیاری هەڵبژاردن درا. ئەو پەرلەمانەی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣ پێکهێنرا و زۆرینەی ئۆپۆزسیۆنەکانی لێ دوورخرایەوە، لە ٢٣ی ئابی ١٩٢٣ پەیمانی لۆزانی پەسەندکرد. دوای پەسەندکردنی پەیماننامەکە، ئینگلیزەکان سەربازەکانیان لە ئەستەنبوڵ کشاندەوە. دوابەدوای ئەمەش لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ ئەنقەرە کرا بە پایتەختی تورکیا و لە ٢٩ی هەمان مانگدا کۆماری نوێی تورکیا ڕاگەیەنرا. هەموو جۆرە قسەوباس و نوسینێک کە لە دژی لۆزان بێت، قەدەغەکرا. لە ٣ی ئازاری ١٩٢٤ خەلافەت هەڵوەشێنرایەوە و هەموو ئەندامانی شانشینی عوسمانی بۆ دەرەوەی وڵات دەرکران.

ئینگلیزەکان دوا وڵات بوون کە پەیماننامەکەیان پەسەندکرد، چونکە ئینگلیزەکان چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بوون تاوەکو پرسی موسڵ ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان کرا و لە هەمان ڕۆژدا، واتە ٦ی ئابی ١٩٢٤ پەیماننامەکەی پەسەندکرد. لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتە شکستخواردووەکانی دیکەدا کرا، بەڵام

دەوڵەتی تورکیا بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە چاوەڕوانیدا هێڵرایەوە. بێگومان دەبوو هۆکارێک هەبێت بۆ ئەم چاوەڕوانییە.

**لە پێناو واژووکردنی پەیماننامەی لۆزان لە تورکیا ڕێگە لە هەر جۆرە هەوڵێکی ڕەخنەگرتن لە وەفدی تورکیا گیراوە، هەربۆیە لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لەگەڵ دەرکردنی یاسای خیانەتی نیشتیمانی (Hıyaneti Vataniye Kanunu) پاشکۆیەکیش تایبەت بە ڕێگری لە ڕەخنەگرتن لە حکومەت و پەرلەمان زیادکرا، بەم جۆرە لە ڕێگەی یاساوە ڕێگری لە هەرکەس و پەرلەمانتارێک کرا کە ڕەخنە لە حکومەت و پەرلەمان بگرێت و وەک خیانەتی نیشتیمانی هەژمارکرا.**

## نامەیەکی زۆر تایبەتی لۆرد کۆرزۆن بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک لە ساڵی ١٩١٩

لەو نامە تایبەتەی لۆرد کۆرزۆنی وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورکی ناردبوو، وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەستدەکەوێت کە بۆچی بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ تورکیا ٦ ساڵ ئەو وڵاتە لە چاوەڕوانیدا هێڵرایەوە.

سەبارەت بە پابەندبوونی تورکیا بە مەرجەکانی ئاگربەستی مۆندۆرۆسەوە، موقەدەم ڕاولینسۆن کە لە سوپادا پلەی سەربازیی هەبوو، لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩ پێش ئەوەی لەندەن بەجێبهێڵێت، لەلایەن لۆرد کورزۆنەوە ڕاسپێردرا بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆی نافەرمی و ناحکومی لەگەڵ مستەفا کەمالدا.

ڕاولینسۆن پێش ئەوەی لەندەن بەجێبهێڵێت، لە چاوپێکەوتنەکەیدا لۆرد کورزۆن ڕێنماییدەکات کە بتوانێت جارێکی دیکە مستەفا کەمال ببینێتەوە، بۆئەوەی زانیاری بەدەستبهێنێت لە سەر ئەوەی بە کام مەرج ڕازیبوون بە ئاشتی و ئایا ئامادەن و ڕازین ئاشتی بە مەرجێکی تر قبوڵبکەن، جگە لەو مەرجانەی کە ئاماژەیان پێ کراوە لە جاڕنامەی کۆنگرەی ئەرزڕۆمدا. ڕاولینسۆن لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٩ و لە کاتی گەڕانەوە بۆ ئەرزرۆم چاویکەوت بە کازم کارابەکر و بە ناوی حکومەتی بەریتانیاوە پەیامی لۆرد کورزۆنی بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک نارد. کازم کارابەکریش بە تەلەگرافێکی کۆدکراو نامەی بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک نارد و وتی: "تایبەت بە بەڕێزتان. ئەرزروم؛ ١٩١٩/١٢/٢٩، بۆ جەنابی مستەفا کەمال ئەتاتورک. داواتان لێ دەکەین زۆر بە نهێنی بیهێڵنەوە."

دەتوانرێت گفتوگۆ درێژەکە بەم شێوەیە کورتبکرێتەوە؛ لۆرد کورزۆن لە پەیامەکەیدا وتی: هۆکاری ئەوەی تاوەکو

ئێستا نەتوانراوە پەیماننامەیەکی ئاشتی ببەسترێت، هێشتا حکومەتێکی بەهێزیان لە تورکیا نەبینیوە و حکومەتی ئێستای ئەستەنبوڵیش ئەوەندە بەهێز نییە، هەر بۆیە مستەفا کەمال ئەتاتورکیان وەک متمانپێکراوێکی میللەت بینیوە و پێویستە مستەفا کەمال بەشداریی کۆنفرانسی ئاشتی بکات. هەروەها کورزۆن لە پەیامەکەیدا وتی: پارتە زۆر بەهێزەکانی بەریتانیا بە توندی لەگەڵ پاراستنی بوونی تورکیا و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی تورکیادان، بڕوایان وایە ئارامیی کۆڵۆنییەکانی بەریتانیا لە ئاسیادا تەنها بە دەستەبەرکردنی ئەم سەربەخۆییە بۆ تورکیا دەبێت. حکومەتی بەریتانیاش ئەمە پەسەنددەکات و ڕێگە بە خواستی دەوڵەتانی تر بۆ دابەشکردنی تورکیا نادات، ڕایگشتیی بەریتانییەکان دژی یۆنانییەکانە و یۆنانییەکان لە ئیزمیر دەکرێنەدەرەوە. وتیشی: مەحاڵە ئەرمەنییەکان بتوانن لە خاکەکانی ئەنادۆڵدا حکومەتێک دروستبکەن و بەریتانیا بەڵێنی پاراستنی تورکیا دەدات و کار بۆ سەربەخۆیی و گەشەسەندنی ئابوورییەکەی دەکات، بەڵام لۆرد کورزۆن لە پەیامەکەیدا ئەوەی ڕاگەیاندووە دوای ئەوەی ئەوان بەرگەی قوربانیدانی زۆریان گرت، ترسی ئەوەیان هەبووە کە ڕۆژێک تورکیا لایەنگریی دوژمنانی بەریتانیا بکات. هەر بە هۆی ئەم ترسەوە بەریتانیا دەیویست ڕێککەوتنێک لەگەڵ کەسانێک لە تورکیا بکات کە بە ڕاستی دۆستی ڕاستەقینەی بەریتانیا بن، بێگومان پێویست بوو ئەم کەسانەش کاریگەرییان لە سەر نەتەوەی تورکیا هەبێت. هەروەها دەیانویست "بەڵێن" لە کەسانێک وەربگرن کە دڵسۆز بن بۆ قسەکانیان و دژە بەریتانیا نەبن، لە بەرانبەر ئەو چاکەیەی بە ناوی میللەتەوە دەیکەن.

لۆرد کورزۆن هیوا و بڕوای وا بوو لە ڕێگەی ڕاولینسۆنەوە دەگەنە ڕێککەوتن و حەزیدەکرد بۆچوونەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورک سەبارەت بە جیاکردنەوەی خەلافەت و دەسەڵات و گۆڕانی بۆ کۆماری، هەروەها گواستنەوەی حکومەتی ناوەندی لە ئەستەنبوڵەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بزانێت. بە بڕوای ئەو، بەو پێیەی تورکیا لە شاری ڕومێلیا کشابووەوە، ئێستا ئیتر تورکیا حکومەتێکی ئاسیایە، ناتوانرێت لە ئەستەنبوڵەوە ئەنادۆڵ بەڕێوەببرێت و پێشبخرێت، هەر بۆیە پێویستە پایتەخت لە ئەستەنبوڵەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەنادۆڵ.

**لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتە شکستخواردووەکانی دیکەدا کرا، بەڵام دەوڵەتی تورکیا بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە چاوەڕوانیدا هێڵرایەوە. بێگومان دەبوو هۆکارێک هەبێت بۆ ئەم چاوەڕوانییە.**

لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ مستەفا کەمال ئەتاتورک بە کۆدێک وەڵامی تەلەگرافەکەی کازم کارابەکری دایەوە، کە لە ڕێکەوتی ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ بۆی ناردبوو. لەم تەلەگرافەدا بەرپرسان بانگهێشتدەکرێن کە بێنە ئەنقەرە بۆ ئەوەی بە ناوی حکومەتی ڕاولینسۆنەوە گفتوگۆبکەن، بەڵام بەو پێیەی ڕاولینسۆن لەلایەن حکومەتەکەیەوە بۆ پەیوەندیی نافەرمی ڕاسپێردرابوو، دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو بە ناوی بەریتانیاوە کۆببێتەوە، هەر بۆیە دیدارە چاوەڕوانکراوەکەی لەگەڵ مستەفا کەمال ئەتاتورکدا نەکرا. دواتر خواستی لۆرد کورزۆن لەو پەیامەی بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورکی ناردبوو، دەرکەوت. خەلافەت و سوڵتانیەت لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ جیاکرانەوە، لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ پایتەخت لە ئەستەنبوڵەوە بۆ ئەنادۆڵ گواسترایەوە، لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ کۆماری نوێی تورکیا ڕاگەیەنرا و لە ٣ی ئازاری ١٩٢٤ خەلافەت هەڵوەشێنرایەوە.

دوای ئەوەی هەموو خواستەکانی بەریتانیا جێبەجێکرا، ئیدی لە ٦ی ئازاری ١٩٢٤ پەیماننامەی لۆزانی پەسەندکرد، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەسێکی دەسەڵاتدار بە نوێنەرایەتیی حکومەتی بەریتانیا دانراوە بۆ دانوستان و لە پشتەوە کاری دیبلۆماسیی کردووە.

## ئایا پەیماننامەی لۆزان ماددەی نهێنیی تێدایە؟

لۆرد کورزۆن لە بەڕێوەبردنی بەشی یەکەمی دانوستانەکانی لۆزان لە نێوان ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ و ٤ی شوباتی ١٩٢٣ خۆی نوێنەرایەتیی بەریتانیای دەکرد. عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆکی شاندی تورکیاش بە دیبلۆماتکارێکی دڵسۆز بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک و بە تایبەت لەلایەن ئەتاتورکەوە وەک نوێنەری تورکیا ڕێگەی پێ دراوە و ناسرابوو. تاوەکو ئەو کاتەی کورزۆن لە ساڵی ١٩١٩ داوای گفتوگۆی نهێنیی لەگەڵ مستەفا کەمال پاشادا کردبوو، بەڵێنیدابوو کە بەریتانیا کار بۆ پاراستن و مانەوەی تورکیا و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی و گەشەسەندنی ئابووریی ئەو وڵاتە بکات. دوای ٨ مانگ لە دانوستان، هاوپەیمانەکان ئەوەی ویستیان، بەدەستیانهێنا. ئێمە لێرەدا تەنها ئەو دڵنەواییەمان بۆ مایەوە کە ئەوانەی لە ژێر دەستمان بوون و تەسلیممانبوون، دەرهێنران.

بەو پێیەی داواکارییەکانی لۆرد کورزۆن لەو پەیامەی کە ناردبووی، یەکبەیەک جێبەجێکراون، جێگەی قسەلەسەرکردن نییە کە دڵنیایی پێ دراوە لەوەی دۆستی بەریتانیا بێت و دژی ئەوان مامەڵەنەکات. تەنانەت ئەمانەی کە باسدەکرێن، ئەوە دەردەخەن کە دانوستانەکانی لۆزان شەفاف نەبوون

و جگە لە پەیماننامە واژووکراوەکە، بەڵێننامەی دیکەش هەبووە. لە قۆناغەکانی داهاتوودا ئەوە دەردەکەوێت کە ئایا هیچ بڕگەیەک لە پەیمانی لۆزان کە بە ساڵی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا ناودەبرێت، هەیە تاوەکو ئێستا بۆ ڕایگشتی ئاشکرانەکرابێت یاخود نا.

**لە سەر داواکاری لۆرد کۆرزون؛ خەلافەت و سوڵتانیەت لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ جیاکرانەوە، لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ پایتەخت لە ئەستەنبوڵەوە بۆ ئەنادۆڵ گواسترایەوە، لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ کۆماری نوێی تورکیا ڕاگەیەنرا و لە ٣ی ئازاری ١٩٢٤ خەلافەت هەڵوەشێنرایەوە.**

دوای ماوەیەکی زۆر کەم لەو پەیماننامەیەی کە بە ناوی ساڵی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە ناونراوە و بەو شێوە پێشکەشکرا، کاتێک سەیری ئەو سیستەمە دەکرێت کە پشتبەستوو بە ڕۆژئاوا هێنرابوو، لە بوارەکانی گۆڕانکاریی بونیادی دەوڵەت، ئینقلابی ئەلفوبێ، هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، گۆڕینی سیستەمی یاسایی بە یاسای ڕۆژئاوایی و پۆشینی جلوبەرگ، ناکرێت لە ناوخۆدا گۆڕانکاری و هەڵگەڕانەوەیەکی بەو شێوە خێرایە بە ویستی خۆمان ئامادەکرابێت.

لە ڕاستیدا کازم کارابەکر بۆچوونی تایبەتی خۆی سەبارەت بە داواکارییەکانی لۆرد کورزۆن لە مادەی سێیەمی تەلەگرافنامەکەدا بەم شێوەیە خستووەتەڕوو: "خەلافەت و دەسەڵات لە یەکتر جیانابێتەوە، لە ناو ئێمەدا ئیدارەی کۆماری دروستنابێت و حکومەتی ناوەندی ناتوانرێت لە ئەستەنبوڵەوە بگوازرێتەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، پێچەوانەی ئەمانە پەسەندکراو نییە بۆ نەتەوەکەمان. لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت لە چاوپێکەوتنەکانی دیکەمدا بە ڕێزەوە، زۆر بە باشی بۆیان ڕووندەکەمەوە." لەگەڵ ئەوەی تەنانەت کازم کارابەکر لە سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نەتەوەیی بوو، ئەم گۆڕانکارییانەی بە مەحاڵ نەدەبینی.

هەمیشە پرسیارکراوە و ئەم پرسیارانەش بەردەوامدەبێت کە بۆچی لە کۆمەڵگەکەماندا گۆڕانکاریی ڕیشەیی پێویستی بە یاسای شۆڕشگێڕانە هەبوو؟ بە تەواوەتی لەناوبردنی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لە ئەنادۆڵ بە ژەهری ڕۆژئاوا، لە سەر چ بنەمایەک بووە؟

ئەم جۆرە پرسیارانە بەردەوامدەبێت تاوەکو ئەو کاتەی ئەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆمان یان ئەو گۆڕانکارییە مێژووییانەی دۆخەکانی داهاتوو دروستیدەکەن، ڕاستییەکان بە بەڵگە

دەخرێنەڕوو.
لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ئایا لەناوبردنی هەموو بەهاکانی دەوڵەتی عوسمانی کە زیاد لە ٤٠٠ ساڵ تەمەنی هەبوو و دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ لە سەر ئەم خاکە، بە پێی یاساکانی فەرەنسا، بەریتانیا و ئیتاڵیا پلانی ئەو سەرکردە نوخبە پێشەنگانە بوو کە لە جەنگی سەربەخۆییدا لە سەر حیسابی ژیانی خۆیان خەباتیانکرد بۆ پاراستنی ئەم خاکە، یاخود سەرکەوتنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بوو کە بۆ ماوەی هەشت مانگ خۆیان ڕاگرت، تاوەکو بە خواستەکانیان بگەن؟
کاتێک تەماشای بزوتنەوە سیاسییەکانی ئەمڕۆ دەکەین، بەو پێیەی تەنها لە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی هەڵبژاردندا ماددەی نهێنی دەبێت، ئەی بۆچی بیر لەوە نەکەینەوە ڕەنگە بڕگە و ماددەی زۆر نهێنی هەبێت لە دروستکردنی دەوڵەتێکی بچووکی نوێ لە سەر پێوەرەکانی ڕۆژئاوا، ئەمەش بە ئامانجی لەناوبردن و لە ڕەگەوە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆریەتێکی گەورەی وەك عوسمانی.

## ئەنجام

بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغە مێژووییەکان دەتوانین ئەوە بڵێین کە زۆرێک لەو کەسانەی لۆزانیان پیرۆزکرد و بە پەیماننامەیەکی دەستلێنەدراو ناساندیان، ترسی هەڵوەشانەوە لە نیەتیاندا نەبوو. ئەوەی وا دەکات هەوڵی پاراستن و نەگۆڕانی لۆزان بدرێت، بریتییە لەو بەڵێنانەی لە کاتی دانوستانەکانی لۆزاندا بە بەریتانیا دراون. پاراستنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە پێی داواکاریی بەریتانییەکان کراون، بریتییە لەوەی گەلی تورکیا دژی بەریتانیا نەوەستێتەوە.

**ئەوەی وا دەکات هەوڵی پاراستن و نەگۆڕانی لۆزان بدرێت، بریتییە لەو بەڵێنانەی لە کاتی دانوستانەکاندا بە بەریتانیا دراون. پوختەی ئەو بەڵێنانەیش بریتییە لەوەی گەلی تورکیا دژی بەریتانیا نەوەستێتەوە.**

بە هۆی ئەوەی نزیکەی سەدەیەک دەبێت هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە لە ڕێگەی پیرۆزکردن و دووبارەکردنەوە و بە زۆر پێڵەبەرکردن، مێژوویی نەتەوەی تورک بەستوویەتی، ئاسۆکانی بەرتەسککراونەتەوە، لە جوگرافیا و مێژوو و بەها باڵاکانی خۆی نامۆ و بێگانەکراوە، تەنانەت ئەو خەڵکانەی بەشێک بوون لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، لە مێشکی تورکەکاندا وەک دوژمنیان لێ کراوە. ئیدی نزیکدەبینەوە لە سەردەمی تێکشکاندنی لەبەرکردنی کوێرانە و خوێندنەوەی سەرلەنوێی مێژوو بە شێوەیەکی دروست.

١-مەبەست لە کۆماری نوێی تورکیایە.
٢-مەبەست لە خاکی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و دواتریش تورکیای ئێستایە.
٣-یەکێکە لە شارە گەورەکانی تورکیا لە باشووری خۆرئاوای وڵاتەکە و زۆر نزیکە لە یۆنانەوە.
٤-دوو شاری گەورەن لە خۆرئاوای تورکیا و دەکەونەسەر سنوورەکانی ڕۆمانیا.
٥-ئێستا پایتەختی ئەرمەنستانە.

**لینکی بابەتەکە:**

SinanTavukçu,LozanAntlaşması'nın Kutsiyeti var mı? Stratejik Düşünce Enstitüsü, 28.07.2023.
https://www.sde.org.tr/sinan-tavukcu/genel/lozan-antlasmasinin-kutsiyeti-var-mi-kose-yazisi-34576.

# هەدەپ؛ یەکیەتیی بوون

**نوسینی: مەحسوم ساغلام**(Mahsum Sağlam)
ڕۆژنامەی ژیانی نوێ (Yeni Yaşam Gazeyesi)
**وەرگێڕانی: ئەیاد کەمال ڕەشید**

گەلی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا ساڵانێکە هەوڵ بۆ سەلماندنی بوونی خۆی دەدات. بەدەر لەوەی تا ڕادەیەکی زۆر ئەم بوونەی سەلماندووە، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی ئازادیی هەبووە، هەر بۆیە هەدەپ[1] وەک درێژکراوەی پارتە سیاسییەکانی دیکەی کورد لە تورکیا توانیویەتی ئەم بوون و ئازادیبوونەی بەدەستبهێنێت و درێژەی پێ بدات.

بزوتنەوەی سیاسیی کورد بزوتنەوەیەکە کە زۆرترین ناوی حیزبەکانی لە مێژووی سیاسیی تورکیادا گۆڕیوە و بەم مانایە نوێبوونەوەی ئەزموونکردووە. لە پرۆسەکانی هەر قۆناغێکدا خۆی وەک جێگرەوە (ئەڵتەرناتیف) نیشاندەدات و لە لایەکی دیکەشەوە بە شێوەیەکی جێگیر لە ڕێگەی هەوڵە بەردەوامەکانیەوە هێزی زیاتر بەدەستدەهێنێت و پێشدەکەوێت. هیچ لایەنێکی تر لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نییە ڕووبەڕووی قەدەغەکردن و داخستن و لێکۆڵینەوەی لەو شێوەیە بووبێتەوە.

کەواتە ئەو دەسەڵاتە چییە کە گۆڕین و گۆڕانکاری دروستدەکات! لە جوگرافیایەکدا کە کۆنەپەرستی سەرەڕای هەموو هێرش و فشارەکان ئەوەندە بەهێزە، توانای

نوێبوونەوە لە کوێوە سەرچاوەدەگرێت! لە کاتێکدا هەموو سەرکردە سیاسییەکان لە زینداندان و سەدان کەسایەتی سیاسەتیان لێ قەدەغەکراوە، کە لە حیزبدا ڕۆڵی چالاکانە دەگێڕن، ئەم بزوتنەوە سیاسییە کە بووەتە ئامانجی ئاشکرای هەموو حکومەتێک لە تورکیا، لە کوێوە وزە و پاڵنەری خۆی بەدەستدەهێنێت! لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا یەسەپە لە کۆنگرەی چوارەمیدا ناوی خۆی گۆڕی بۆ پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (هەدەپ). ناوی هەدەپ سەرجەم حیزبە کوردییەکانمان بیردەخاتەوە کە لە ساڵانی ڕابردوودا داخراون. پێویستە قۆناغە مێژووییەکانی ٣٤ ساڵەی بوونی ئەو هێز و بزوتنەوە نەتەوەییە لەبیرنەکەین کە وەک نەریتێکی سیاسی هەدەپی دروستکرد و لە ئاستێکی باڵای مەیدانی سیاسیی تورکیادا ئەسپی خۆی تاودەدات.

## پارتە داخراوەکان

دوابەدوای کودەتا سەربازییەکەی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ی تورکیا، سیاسەتی کورد دوای ١٠ ساڵ لەگەڵ پارتی کرێکارانی گەلدا (هەپ) لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٩٠ گەڕایەوە گۆڕەپانی سیاسی. کاندیدەکانی هەپ توانییان لە سەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکراتی گەل (سەهەپە) لە هەڵبژاردنە گشتییەکەدا کە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ بەڕێوەچوو، بەشدارییبکەن و ١٨ پەرلەمانتار بنێرنە پەرلەمانەوە.

ئەو ڕووداوەی کە دەنگی هەپی گەیاندە ڕایگشتیی تورکیا و جیهان، ڕێوڕەسمی سوێندخواردن بوو لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩١. لە مەراسیمی سوێندخواردنەکەدا کە لە پەرلەمان بەڕێوەچوو، هاتیپ دیجلە (Hatip Dicle)؛ پەرلەمانتاری ئامەد، پێش خوێندنەوەی سوێندەکەی وتی: "من و هاوڕێکانم لە ژێر فشاری دەستووردا ئەم دەقە دەخوێنینەوە." پاشان لەیلا زانا بە دەستەسڕێکی زەرد و سور و سەوز کە هێمای کورد و کوردستان بوو بە یەخەیەوە و بە قردێلەیەکی هەمان ڕەنگ بە قژیەوە ڕۆیشتەسەر کورسی. دوای سوێندخواردن لەیلا زانا بە زمانی کوردی دەڵێت: "من بە ناوی گەلی تورکیا و گەلی کوردەوە ئەم سوێندە دەخۆم." دوای ئەو ڕووداوە کە وەک "قەیرانی سوێند" لە مێژوودا تۆمارکراوە، فەرمانگەی سەرۆکی داواکاری گشتیی تورکیا لێکۆڵینەوەیەکی لە دژی هەپ دەستپێکرد. کاتێک ئەگەری داخستنی هەپ دەرکەوت، پارتی ئازادی و دیموکراسی (ئۆزدەپ) لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٩٢ دامەزرا. لەم نێوەندەدا لە ٣ی تەمموزی ١٩٩٢دا دۆسیەی داخستنی هەپ دەستپێکرد. ئەو دۆسیەیە بووە هۆی داخستنی هەپ لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٩٣. بەم ڕووداوە بۆ یەکەم جار سیاسەتی کوردی داخرانی حیزبی بەخۆیەوەبینی. هەروەها دۆسیەی

داخستنی ئۆزدەپ کرایەوە، کە وەک جێگرەوە (ئەڵتەرناتیڤ) دامەزرابوو.

سێیەمین پارتی سیاسی کە بزوتنەوەی سیاسی کوردی لە تورکیا دامەزراند، پارتی دیموکرات (دەپ) بوو. کاندیدانی پارتی دیموکرات کە لە ٧ی ئایاری ١٩٩٣ بە سەرۆکایەتیی یەشار کایا (Yaşar Kaya) دامەزرا، ئەوانە بوون کە لە سەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکراتی گەل چوونە پەرلەمانەوە. دوای یەکەمین کۆنگرەی ئاسایی پارتی دیموکرات، ٧ لە بەڕێوەبەری بارەگاکانی دەستبەسەرکران و یەشار کایاش لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٩٣ لەلایەن دادگای ئاسایشی ئەنقەرەوە دەستگیرکرا.

کاتێک دادگای دەستووریی ئۆزدەپی لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٩٣ داخست، بۆ جاری دووەم سیاسەتی کوردی ڕووبەڕووی داخستنی حیزبی بووەوە.

### دەستگیرکردنی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکرات

لە ٢ی ئازاری ١٩٩٤ پارێزبەندی لە سەر هاتیپ دیجلە، لەیلا زانا، ئۆرهان دۆغان، ئەحمەد تورک، سری ساکیک و پەرلەمانتاری سەربەخۆی شرناخ؛ مەحمود ئاڵتیناک هەڵگیرا. هەر لەو ڕۆژەدا ئۆرهان دۆغان و هاتیپ دیجلە لە کاتی دەرچوونیان لە پەرلەمان دەستبەسەرکران. وێنەی سەری ئۆرهان دۆغان کە لەلایەن ئەفسەرێکی پۆلیسەوە دادەنەوێنرێت و سواری ئۆتۆمبێلێکی دەکەن، وەک هێمای خەبات و تێکۆشانی ئەو سەردەمە تۆمارکراوە. ئەو پەرلەمانتارانە لە ١٦ی ئازاری ١٩٩٤ دەستبەسەرکران و ڕەوانەی زیندانی ناوەندی ئەنقەرە کران. تورکیا بە هۆی ئەم دۆسیەیە لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا سزادرا.

**پێویستە قۆناغە مێژووییەکانی ٣٤ ساڵەی بوونی ئەو هێز و بزوتنەوە نەتەوەییە لەبیرنەکەین کە وەک نەریتێکی سیاسی هەدەپی دروستکرد و لە ئاستێکی باڵای مەیدانی سیاسیی تورکیادا ئەسپی خۆی تاوەدات.**

### ئەو سیاسەتمەدارانەی کوژراون

گەلی کورد ساڵانێکە هەوڵ بۆ سەلماندنی بوونی خۆی دەدات. بەدەر لەوەی تا ڕادەیەکی زۆر ئەو بوونەی سەلماندبوو، کێشەی ئازادییشی هەبوو. سیاسەتی کوردی هەمیشە جەختی لە سەر ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی کردووەتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش خەباتی سیاسیی کورد لە تورکیا لە ئاستی قوربانیداندایە. ساڵانی نەوەدەکان سەختترین قۆناغەکان بوون بۆ سیاسەتی کوردی. ڤەدات ئایدن (Vedat Aydın) لە کاتێکدا سەرۆکی لقی ئامەدی پارتی کرێکارانی گەل بوو،

لە ٥ی تەممووزی ١٩٩١ لەلایەن ژیتەم (Jitem)ەوە ڕفێنرا و کوژرا. مەهمەت سینجار (Mehmet Sincar) لە کاتێکدا پەرلەمانتاری پارتی دیموکرات بوو، لەلایەن حیزبولکۆنترا (Hizbulkontra)؛ ئەندامانی دەوڵەتی قووڵ (Derin Devlet)ەوە کوژرا، فایک جاندان (Faik Candan)؛ پارێزەری کورد، کە ماوەیەک سەرۆکی لقی ئەنقەرەی پارتی کرێکارانی گەل بووە و دواتر بەردەوامبووە لە پیشەی پارێزەری، لە ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٩٤ لە ئەنقەرە کوژرا. سەدان سیاسەتمەدار و ئەندامی حیزبە کوردییەکانی باکووری کوردستان و تورکیا و هەروەها ئەو نیشتیمانپەروەرانەی کە دەچوونەناو بینای لق و ناوچەی حیزبەکەیانەوە، بە دەستی ئەندامانی دەوڵەتی قووڵ دەکوژران.

## ساڵانی ٢٠٠٠ و دۆسیەی پیلانگێڕیی کۆبانێ

هەرچەندە لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ و دوای ٢٠٠٠دا نەریتی سیاسی لەگەڵ "هەدەپ، دەهەپ، دەتەپە، بەدەپە و هەدەپە"دا بەهێزتربوو، بەڵام کوژران و گرتنی ئەندامان و داخستنی پارتەکان بەم پڕۆسەیە کۆتایینەهات.

دەستگیرکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ؛ هاوسەرۆکانی هەدەپە، ئیدریس بالوکەن؛ جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە و پەرلەمانتاران؛ عەبدوڵا زەیدان، فێرهات ئێنجو، لەیلا بیرلیک، گولسەر یەڵدرم و نورسێل ئایدۆغان، خاڵی وەرچەرخان بوو لە دۆسیەی پیلانگێڕیی کۆبانێ. لە بەرانبەر ئەم هێزە سیاسییە بەهێزتر و هەڵکشاوەدا، دەوڵەت چیتر بە هێزی تایبەت نا، بەڵکو بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە لە هەوڵدایە بۆ کۆتاییهێنان بەم بزوتنەوە نەتەوەییە.

**هیچ پارت و بزوتنەوەیەک لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نییە هێندەی ڕووبەڕووی قەدەغەکردن و داخستن و لێکۆڵینەوەی هاوشێوەی پارتە کوردییەکان لە تورکیا بووبێتەوە.**

## هەدەپ؛ یەکیەتیی بوون

بێگومان هێزی سیاسیی کورد دەسەڵاتی خۆڕاگریی ٣٤ ساڵەی خۆیی لە واقیعی گەلی خۆڕاگرەوە وەردەگرێت. وەڵامی پرسیاری "لە هەموو هەڵبژاردنێکدا دەنگ بە کێ دەدەیت؟"، "دەنگ بە خۆم دەدەم." لێرەدا هێما و ناوی حیزب زۆر بە ڕوونی دەرناکەوێت. وشەی "بە خۆم" پەیوەندیی بە دامەزراندنی یەکڕیزییەوە لەگەڵ حیزبدا هەیە. لە سۆفیگەریدا ئەمە پێی دەوترێت یەکێتیی بوون. یەکیەتی کە بە واتای یەکگرتوویی دێت،

مانایەکی نوێ بە "بوون" دەدات کە واتای بوونە، واتە یەکگرتوویی بوون یان بوونی یەکگرتوویی، هەرچەندە نەتەوەیی نییە، بەڵام گەلی کورد لە سایەی نوێنەرایەتیی حیزبی سیاسیی هەدەپەدا توانیویەتی ئەو یەکرِیزییە بەدەستبهێنێت.

گۆڕان پێویستە، دیارە لە سەدەی بیستویەکدا خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی بە تەنیا هیچ مانایەکی نەماوە. کاتێک کێشەی گەورەی ئەمڕۆ سەرمایەداریی مۆدێرنەیە و لە سەر پایەکانی دەوڵەت و پیشەسازی و سەرمایەداری بەردەوامی بە خۆی دەدات، کەواتە مەگەر تەنها بوونی خەباتێکی ئایدیۆلۆژیی پەیوەست بە سەرمایەدارییەوە بتوانێت توانای مانەوە پیشانبدات. ئاشکرایە ئەوانەی دیموکراسی و ئیکۆلۆژی و ئازادیی ژنان ناکەن بە بنەمای کارەکانیان، ناتوانن وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەم بن. هۆکاری بوونی هێزی هەدەپ هەر لێرەدا بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە دەتوانێت بەهێزببێت. نەریتی میراتی سۆشیالیستی چەپ ڕوانگەیەکی فراوانی هەبووە لە خەباتی کوردستان و دیموکراتیبوونی تورکیا، کە دەتوانێت چەندین مۆدێلی چارەسەری پێشنیاربکات بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەدەپ درەختێکە کە هەرچەندە تازەش بێت، بەڵام ڕەگێکی قووڵی داکوتیوە، کە بە قەد سەوزیەکەی میوەکەیشی پێگەشتووە، سێبەرەکەی بە سەر هەموو ئەوانەوەیە کە دیموکراسی و ئازادی و ئاشتییان دەوێت و دەبێت بە چەترێک تا لە ژێریدا بە ئارامی بژین.

**دەستگیرکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش و هاوڕێکانی خاڵی وەرچەرخان بوو لە دۆسیەی پیلانگێڕی بەرانبەر بەم هێزە سیاسییە بەهێزتر و هەڵکشاوەدا، دەوڵەت چیتر بە هێزی تایبەت نا، بەڵکو بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە لە هەوڵدایە بۤ کۆتاپێنان بەم بزوتنەوە نەتەوەییە.**

### یەسەپە و هەدەپ ئامانجی نەژادپەرستەکانن، دادگای دەستوورییان بەدەستەوەیە

دەوڵەت باخچەلی؛ سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) کە نوێنەرایەتیی تەوژمی نەژادپەرستیی تورکیا دەکات، ڕایگەیاندووە: "لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا پارتی چەپی و سەوز (یەسەپە) کە بریتییە لە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، بە ماکیاژکراوی چوارەمین کۆنگرەی جوداخوازییان سازدا. لەو هۆڵەی کە ئەم کۆنگرە تیرۆریستییە تێیدا بەڕێوەچوو، سروودی نیشتیمانیی تورکیا نەبیسترا، ئاڵای تورکیا هەڵنەواسرا، بە پیشاندانی

وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی تیرۆریست و منداڵکوژ پاکانەیان بۆ کوشتن و خیانەت کرد. هیچ دەنگێک نە لە کلیچدارئۆغڵو و نە لە هاوبەشە سەرخۆشەکانیان نەبیسترا. کلیچدارئۆغڵو کە بە بوختانی خۆی دەوڵەت بە ڕزیو ناودەبات، بەڵام ئەم داپۆشینی دارزینەکانی خۆیەتی. ڕۆژی ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، دوو تیرۆریست دەستگیرکران، کە یەکێکیان پەرلەمانتاری یەسەپە بووە و بە ئۆتۆمبێلێکی تیرۆریستە جوداخوازەکان دەچوونەپاڵ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە. واتە جارێکی تر سەلمێنراوە کە کەسێکی بێشەرەف لە سەر کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیا دانیشتووە، کەچی لە بنەڕەتدا لە ڕیزی تیرۆریستاندا بووە. بەڕێز کلّچدارئۆغڵو، هاوەڵانت دیسانەوە دانانیشنەوە و پلان بۆ ڕۆیشتنەسەر شاخ دادەنێن بە قاچاخی، بەڵام سەربازە قارەمانەکانی ئێمە ناهێڵن هیچیان هەناسەبدەن، سوپاس بۆ خودا. هەدەپە لە یەسەپەوە جارێکی تر پۆشاکی خۆی گۆڕی و ئەم جارە بوو بە پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەل (هەدەپ). گۆڕەپانی سیاسیی تیرۆر و جوداخوازی کە لە ساڵی (١٩٩٠)ەوە لە ژێر ناوی بەکۆدکراوی 'هەپ، ئۆزدەپ، دەپ، هادێپ، دێهاپ، بەدەپە، هەدەپە، یەسەپە' کە لە سەر هێڵی خیانەتن، ئێستا وەک هەدەپ بەردەوامی بە ڕێبازی خۆیان دەدەن. ئەوەی ئێمە ناتوانین لێی تێبگەین، ئەوەیە کە دادگا دەستووری چی دەکات؟ لە ساڵی (٢٠٢١)ەوە بە چ مافێک و بۆ چ مەبەستێک و بۆ کێ دەیەوێت خۆی شێرینبکات، کە دۆسیەی داخستنی هەدەپەی بە کراوەیی هێشتووەتەوە و بڕیاری کۆتایی لە سەر نەداوە. ناوەکەی هەر چییەک بێت، چ بەڵگەنامە و زانیاری و بەڵگەیەکی زیاتر پێویستە بۆ ئەوەی دەست و پێی سیاسیی جوداخوازەکان بە شێوەیەکی یاسایی ببڕدرێتەوە؟"

**هەدەپ درەختێکە کە هەرچەندە تازەش بێت، بەڵام ڕەگێکی قووڵی داکوتیوە کە بە قەد سەوزییەکەی میوەکەیشی پێگەشتووە، سێبەرەکەی بە سەرهەموو ئەو انەوەیە کە دیموکراسی و ئازادی و ئاشتییان دەوێت.**

**نەژادپەرستان دادگاشیان قەبوڵ نییە**

دەوڵەت باخچەلی دەڵێت: "من ڕاشکاوانە بە هەموو جیهانی ڕادەگەیەنم، هەروەک چۆن شکاتم لە هەدەپە و خیانەتکاران کردووە، بە ناوی نەتەوەکەیشمەوە لە قیامەتدا شکات لە دادگای دەستووریش دەکەم و یەکبەیەکی مافەکانمانی لێ دەسێنمەوە، بە هۆی ترسیان لە داخستنی پارتەکەیان هەدەپە بە ناوی یەسەپەوە

بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری کرد، لە ڕاستیدا ئەمە گاڵتەکردنە بە دادپەروەریی تورکیا و نەتەوەکەمان. دەمەوێت ڕاستەوخۆ لە سەرۆک و ئەندامانی دادگای دەستووری بپرسم؛ کەی بیر لە بینینی ئەو ڕسوایی و زەلیلیە دەکەنەوە کە ڕوودەدات! دادپەروەرییەک لە کاتی خۆیدا جێبەجێنەکرێت، پێی ناگوترێت دادپەروەری. ئایا ئەم ڕاستییە نازانن! بڕیاری دادگای دەستووری بە هێشتنەوەی دۆسیەی هەدەپە هێشتا بە کراوەیی، لە کاتێکدا پەیوەندیی لەگەڵ قەندیلدا هەیە و پشتیوانی لە تیرۆریستان دەکات، بە دڵنیاییەوە لەگەڵ شەرەفی یاسا و ناموسی دیموکراسیدا ناگونجێت. ئەوەی پێویستە بکرێت، ڕوون و ئاشکرایە، هەدەپە و هەر پارتێک وەک درێژەپێدەری سیاسەتی ئەو حیزبە دامەزرا، پێویستە دەستبەجێ دابخرێت و مۆڵەتنەدرێت ڕێکخراوێکی سیاسیی جوداخواز و وێرانکەر جارێکی دیکە دابمەزرێتەوە."

---

١-پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (هەدەپ Halkların Eşitlik ve Demokrasi Partisi (HEDEP)) نوێترین ناوی ئەو پارتە کوردییەیە کە نوێنەرایەتیی ڕەوتی نەتەوایەتیی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا دەکات. دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە (Halkların Demokratik Partisi (HDP)) بە هۆی مەترسیی داخستنی لەلایەن دادگای دەستووریی تورکیاوە بڕیاریدا لە ژێر چەتری پارتی چەپی سەوزدا (یەسەپە (Yeşil Sol Partisi (YSP)) بەشداریی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا بکات. دوای هەڵبژاردنەکانیش هەدەپە کۆنگرەی بەست و بەرپرسانی ئەو حیزبە بڕیاریاندا لە چوارچێوەی یەسەپەدا بەردەوامبن لە خەباتی سیاسی. دواجار لە کۆنگرەی چوارەمی یەسەپە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ ناوی پارتەکە گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکرات و یەکسانیی گەلان (هەدەپ Halkların Eşitlik ve Demokrasi Partisi (HEDEP))، بۆیە هەدەپ نوێنەرایەتیی درێژکراوەی ١١ پارتی داخراوی سیاسیی کوردی دەکات لە باکووری کوردستان و تورکیا.

---

**لینکی بابەتەکە:**

(https://yeniyasamgazetesi5.com/hedep-birligin-varligi/)

# ١٠٠ ساڵ لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا

نووسینی: پ.د. ئایلین ئونڤەر نیۆ، گۆڤاری کریتەر
وەرگێڕانی: لاڤە رەسوڵ

**پ. د. ئایلین ئونڤەر نیۆ (Prof. Dr. Aylin Ünver Noi)**

ساڵی ١٩٧٢ لە ئیزمیر لە خۆرئاوای تورکیا لەدایکبووە، یەکێکە لە مامۆستا و نوسەرە دیارەکان لە بواری پەیوەندی و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. پرۆفیسۆر ئایلین وەک مامۆستا لە زانکۆی خەلیج (Halç Üniversitesi) بەردەوامە لە کاری مامۆستایی و لە هەمان کاتدا وەک توێژەر لە وەقفی توێژینەوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان (سێتا) (Siyaset, Ekonomik, Toplumsal Araştırmaları Vakfı) ئەرکی هەیە. جگە لە زانکۆکانی گەدیک (Gedik Üniversitesi) و مەرمەرە (Marmara Üniversitesi)، لە چەند زانکۆیەکی ئەوروپا و ئەمریکا وانەدەڵێتەوە. بۆ چەندین ناوەندی توێژینەوە و گۆڤاری شیکاریی تورکیا و ئەوروپا دەنوسێت.

**گۆڤاری کریتەر (Kriter Dergisi)**

گۆڤاری کریتەر لەلایەن وەقفی توێژینەوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە (سێتا) (Siyaset, Ekonomik, Toplumsal Araştırmaları Vakfı) مانگانە بڵاودەکرێتەوە. هەر

ژمارەیەک تایبەتدەکرێت بە دۆسیەیەکی تایبەت و لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسەتی دەرەوە و میدیا، شیکاری و ڕانان بڵاودەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی لە هەر ژمارەیەکدا چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییەکی دیاری تورکیادا دەکات.

### دەستپێك

کاتێک لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا دەکۆڵینەوە، بە گشتی دەبینین دوای جەنگی جیهانیی دووەم، هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لە سەر بنەمای مەترسییە هاوبەشەکان دامەزرا. دەتوانین بڵێین: ئەزموونی نێوان هەردوو وڵات، بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٨٠، زەمینەی بێمتمانەیی لەلایەن هەردوولاوە هێنایەکار و کێشە و نیگەرانییەکی لە نێوان هەردوولادا دروستکردووە کە بۆ مێژوو دەنوسرێتەوە.

یەکەم پەیوەندیی نێوان ئەم دوو لایەنە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ بازرگانیی دەریایی لە بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاستدا دەستیپێکرد. سەرەڕای پەیوەندیی دوولایەنە لە دەریای ناوەڕاست و دانانی کونسوڵی ئەمریکا لە ئیزمیر لە ساڵی ١٨٠٢، هیچ پەیوەندییەکی فەرمی لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە تاوەکو کردنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٣١ لە ئەستەنبوڵ نەهاتەکایەوە. بە هەمان شێوە، عوسمانیەکان خاوتر بوون لە ناردنی نێردەی دیبلۆماسی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک لە وڵاتانی ئەوروپا و یەکەم کونسوڵخانەی عوسمانی لە ئەمریکا لە ساڵی ١٨٥٨ کرایەوە. ئەم دواکەوتنە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییش ڕوویدا و ئەمریکا ٤ ساڵ چاوەڕێی تورکیای کرد تاوەکو لە ١٧ی شوباتی ١٩٢٧ پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی دەستپێکردەوە.

پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان کە لە سەردەمی عوسمانیدا دەستیانپێکرد، بە تێپەڕبوونی کات چالاکییە نێردراوەکانی ئەمریکا لە خاکی عوسمانییەکان دژ بە سیاسەتەکانی دەوڵەت و لە بەرژەوەندیی ئەرمەنییەکان ڕۆیشت، ئەمە جگە لەوەی بەڵێنی دابینکردنی ئەو چەکانەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەیویست بیکڕێت، جێبەجێنەدەکرا. ئەم پەیوەندییە بە تەواوی پچڕا، کاتێک ئەمریکا شەڕی دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند، کە هاوپەیمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو. سەرەڕای دامەزراندنی کۆماری تورکیا و کۆتاییهاتنی پرسی ئەرمەن و پرسی ڕۆژهەڵات بە پەیماننامەی لۆزان و دووبارە دامەزراندنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، دانوستانەکان کران و ڕێککەوتنێک واژووکرا، بەڵام پەیوەندییە فەرمییەکان دەستیانپێنەکردەوە. دواکەوتنی

دووبــارە دامـەزرانـدنـەوەی پەیـوەنـدییـە دیبلـۆماسـییـەکانی نـێـوان کـۆمـاری تـازە دامـەزراوی تورکیا و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بـۆ پاڵـپـشـتـیی ئـەمـریـکا لـە دەوڵـەتـانـی داگیرکەری ڕۆژئاوا و هەڵوێستی بەرانبەر بـە پـەیـمـانـی لـــۆزان لـە دوای شـەڕی سـەربـەخـۆیی، هـەرچـەنـدە تـورکیا گوتی کە سیاسـەتێکی بێلایەنانەی لە جەنگی سەربەخۆییدا گرتووەتەبەر، کە خەباتی تورکیا بوو بۆ سەربەخۆیی.

تـورکـیا لـە سـیاسـەتـی دەرەوەی خـۆیـدا، لەم قۆناغەدا کۆتایی بە دوژمنایەتی هێنا لـەگـەڵ ئـەو دەوڵـەتـانـەی کـە لـە شـەڕی سەربەخۆییدا دژایەتیاندەکرد، سوودی لـەو دەرفـەتـانـە وەرگـرت کـە لـە پـرۆسـەی ئاشتیدا هاتەکایەوە و دواتر هەنگاوی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا ناوە.

### هەڵوێستی ستراتیژی

ئـەو ڕێبـازەی تـورکـیا لـە سـاڵانی یەکەمی دامەزراندنی کۆماردا گرتیەبەر، بە وتەی مستەفا کەمال ئەتاتورک؛ دامەزرێنەری کـۆمـار، "ئاشـتـی لـە نـاوخـۆدا، ئاشـتی لە جیهاندا"، پایەیەکی بنەڕەتیی دیاریکردنی سـیـاسـەتـی دەرەوەی ئـەو وڵاتـە بـوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ بۆ ١٩٤٥، کۆماری نـوێـی تـورکـیـا سـیـاسـەتـێـکـی دەرەوەی پەیڕەوکرد لە سەر بنەمای بێلایەنی و پەیوەسـتـنـەبـوون بـە هـیـچ بـەرەیـەکـەوە کـە ئاشـتی و سـەروەری و گـەشـەپێدانی نەتەوەیی بە ئەولەویەت دادەنا، لە نێوان سـاڵانـی ١٩٢٠ بـۆ ١٩٥٥، سـیـاسـەتـی مـسـۆگـەرکـردنـی ئـاسـایـشـی نـەتـەوەیـی خۆیی بە چەندین پەیمان و ڕاگەیاندنی دۆسـتـایـەتـی لـەگـەڵ وڵاتـانـی دراوسـێـدا جێبەجێکرد. سـەرەڕای ئـەم پـەیـمـانـە ناوچەییانە، تـورکـیا کـە تـا سـاڵی ١٩٣٩ ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی فەرمی نەبوو، تـوانـیـی لـە سـیـاسـەتـی دەرەوەی خـۆیـدا سـەربـەخـۆ بـمـێـنـێـتـەوە و پـەیـوەنـدیـی دۆسـتـانـە لـەگـەڵ هـەمـوو دەوڵـەتـەکـانـدا بـپـارێـزێـت. وەک درێــژەپـێــدەری ئـەم سیاسـەتە، سـەرەڕای هـەمـوو دەوڵـەتانی هاوپەیمان، ڕەتیکردەوە بچێتەناو جەنگی جیهانیی دووەمەوە.

**ئەو ڕێبازەی تورکیا لە ساڵانی یەکەمی دامەزراندنی کۆماردا گرتیەبەر، بە وتەی مستەفا کەمال ئەتاتورک؛ دامەزرێنەری کۆمار، "ئاشتی لە ناوخۆدا، ئاشتی لە جیهاندا"، پایەیەکی بنەڕەتیی دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بوو.**

لـەگـەڵ ئـەوەشـدا مـەتـرسـیـی یـەکـێـتـیی سۆڤیەت (ڕوسیا) کە لە سەردەمی دوای جـەنـگی جیـهـانیی دووەمــدا سـەریـهـەڵـدا، ڕۆڵـێـکـی گـرنـگـی گـێـڕا لـە پـەرەپـێـدانـی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا.

هەرەشەی سۆڤیەت بووە هۆی ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان واز لە سیاسەتی گۆشەگیریی نەریتی خۆی بهێنێت لە سیستەمی جیهانی دووگۆشەیی و ڕووبکاتە سیاسەتی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ کۆنترۆڵکردنی فراوانخوازیی کۆمۆنیزم لە سەردەمی ستالیندا. سەرەڕای ئەوەش، هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی دۆستایەتی و بێلایەنیی یەکێتیی سۆڤیەت کە لە ساڵی ١٩٢٥ لەگەڵ تورکیادا واژوویکرد، هەروەها داواکارییەکانی دواتر بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی لە گەرووی "بۆسفۆڕ"ی ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٩٤٥ و گەڕاندنەوەی ناوچەکانی قارس و ئەردەهان بووە هۆی ئەوەی تورکیا واز لە سیاسەتی نەریتیی بێلایەنیی خۆی بهێنێت. هەموو ئەم پێشهاتانە وەک فاکتەرێکی گرنگ دەردەکەون لە پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا و نیشاندانی ئەوەی کە چۆن پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات گەشەیکردووە بۆ هاوپەیمانییەکی ستراتیژی.

لەم پرۆسەیەدا ترۆمان دۆکترین (Truman Doktrini) سەرنجڕاکێشا بۆ ئەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی ئەنقەرە بوونەوە لە ساڵی ١٩٤٧ و بوونە هۆی چاندنی تۆوی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا و ناوچەکانی سەر دەریای ئەتڵەنتیکدا، لە هەمان ساڵدا تورکیا بەشدارکرا لە پلانی مارشاڵدا، کە پلانێک بوو بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی سۆڤیەت بە سەر ئەورووپاوە و لەم سۆنگەیەوە هاوکاریی ئابووریی وڵاتانی بەشدار لە پرۆژەکە دەکرا.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: ئەو مەترسییە ستراتیژییە هاوبەشەی کە ئەمریکا و تورکیای لە سەردەمی جەنگی سارددا بەیەکەوەگرێدا، یەکێتیی سۆڤیەت و پایەکانی سیاسەتی ئەمنیی هەردوولا بوو. ئەم بارودۆخە وای لە تورکیا کرد هاوپەیمانێکی گرنگی ڕۆژئاوا بێت لەو ناوچەیەی کە وەک باشووری وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی ناتۆ دەناسرێت، هەروەها تورکیا لە دوژمنکاریی سۆڤیەت بپارێزێت و ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە سیاسەتی ڕاگرتنی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک دەوڵەتێکی پارێزراو دژی یەکێتیی سۆڤیەت.

**دوای جەنگی یەکەمی جیهانییش پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا دەستبەجێ ئاساییبووەوە، بەڵکو ئەمریکا ٤ ساڵ چاوەڕێی تورکیای کرد تاوەکو لە ١٧ی شوباتی ١٩٢٧ پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی دەستپێکردەوە.**

هەرچەندە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خواستی تورکیا بۆ پێگەی

خۆی لە ڕۆژئاوا هەڕەشەی سۆڤیەت بوو، واتە نیگەرانییە ئەمنییەکان، بەڵام هۆکاری نۆرماتیڤی دیکەش هەبوون. ئاڕاستەی تورکیا بەرەو ڕۆژئاوا کە بە ڕۆژئاوابوون و مۆدێرنکردن لە ماوەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە نێوان ساڵانی ١٨٣٩ بۆ ١٨٧٦ دەستیپێکرد، بەردەوامبوو لە چاکسازییەکانی دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا و بوو بە تایبەتمەندییەکی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی ئەو کۆمارە. دوای جەنگی جیهانی دووەم، نیشانەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی لیبراڵ وەک دیموکراسی، مافی چارەی خۆنوسین و دامەزراوە/ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا؛ ڕۆزڤێڵتەوە زیندووکرانەوە. تورکیا لە ساڵی (١٩٤٧) ەوە بەها لیبراڵییەکانی لە دامەزراوەکانیدا جێگیرکردووە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەندامبوونی تورکیا بوو لە زۆرێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە، کە بەشێک بوون لەو تەوژمە نێودەوڵەتییە لیبراڵانەی لە سەر بنەمای یاساکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دامەزراون.

ئەمە بەو مانایە نەبوو کە هاوبەشی ستراتیژی بە درێژایی شەڕی سارد بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەردەوامبووبێت. قەیرانی قوبرس لە ساڵی ١٩٦٤ خاڵی وەرچەرخان بوو لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکادا، نامەکەی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا؛ لایندن بانیاس بۆنسۆن (Lyndon Baines Johnson) کە تورکیای ئاگادارکردەوە دوای دەستوەردانی لە قوبرس، گومانی لە پشتیوانیی ناتۆ بۆ تورکیا دروستکرد و نیگەرانییەکی گەورەی لە سەر متمانەی هاوپەیمانیەتیی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوادا دروستکرد. ڕووداوەکانی دوای ساڵی ١٩٦٠ بوونە هۆی خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا، هەندێکیان: کەمیی یارمەتیی سەربازیی ئەمریکی، پەسەندکردنی ستراتیژیی وەڵامدانەوەی نەرم لەلایەن ناتۆوە لە جیاتیی وەڵامدانەوەیەکی گەورە کە بەڵێنی وەڵامدانەوەیەکی ئۆتۆماتیکیی ئەتۆمیی دا دژی ئەو وڵاتە هێرشبەرە، کشاندنەوەی موشەکەکانی جوپیتەر ١٩٧٤.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، پلان و پرۆژەکەی ترومان ڕەوایەتیی خۆی لەدەستدا و نەمانی مەترسییە هاوبەشەکە نیشانەکانی پرسیاری سەبارەت بە داهاتووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا زیاترکرد، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە لە سیستەمی جیهانیدا گرنگیی جیۆستراتیژی تورکیای بۆ هاوپەیمانیی ڕۆژئاوا نەگۆڕی. پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا دیسانەوە بووەتە ستراتیژییەکی گرنگ بۆ ئەمریکا، چونکە سەرهەڵدانی ناوەندە نوێیەکانی ململانێ و نزیکیی جوگرافیای تورکیا لە عێراق و ئێران و قەوقاز، وا دەکات هەماهەنگی لە هەموو جۆرە قەیرانێکدا پێویست بێت.

دەتوانین بڵێین: ئەزموونەکانی نێوان

هەردوو وڵات بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٨٠، زەمینەسازیی بۆ بێمتمانەیی ئێستای یەکتر دانا و نیگەرانییەکی مێژوویی قووڵی هێنایەئاراوە. لە لایەکی ترەوە هەرچەندە قەیرانەکان و جیاوازیی بیروڕا ناوبەناو گرژی لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا دروستدەکەن، بەڵام ئەم قەیرانە کاتییانە هەرگیز نەبوونەتە هەمیشەیی.

پێشهاتەکانی ئەم دوایییە، تێڕوانینە جیاوازەکان، بەرژەوەندی و ڕێبازە جیاوازەکان، پرسیار لە بارەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکاوە دەوروژێنن. لەم ساڵانەی دواییدا کەمبوونەوەی بەردەوام لە پشتیوانیی بەرگریی ئەمەریکا بۆ تورکیا، کە لە کۆتاییدا بوو بە گەمارۆی ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆی چەک، بووە هۆی لێکترازانی زیاتر لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا بە ناچارکردنی تورکیا بۆ گەڕان بە دوای جێگرەوەکانی کەرتی بەرگری و دواتر کڕینی سیستەمی بەرگریی موشەکیی (S٤٠٠) لە ڕووسیا، ئەمەش دواتر بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا یاسای بەرەنگاربوونەوەی نەیاران لە ڕێگەی سزاکانەوە CAATSA)) بسەپێنێت، کە سیستەمی پیشەسازیی بەرگریی تورکیای کردەئامانج، ئەم پێشهاتانەش لێکترازانەکەی توندتر و زیاترکرد. هەڵوێست و هەروەها لە "ناوچەی ئابووریی گەمارۆدراو (EEZ)" لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، پشتیوانیی ئەمریکا لە تێڕوانینەکانی یۆنان و قوبرسی یۆنانی، پشتیوانیی ئەمریکا بۆ یەپەگە وەک درێژکراوەیەکی پەکەکە لە سوریا، هەروەها ڕەتکردنەوەی ڕادەستکردنی فەتحولا گولەن؛ ڕێبەری بزوتنەوەی گولەن، کە لەلایەن تورکیاوە بە هەوڵی کودەتاکەی ١٥ی تەمموزی ٢٠١٦ تۆمەتبارکراوە، بابەتگەلێکن کە بوون بە گرێکوێرەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا.

**گۆڕانکارییەکان لە سیستەمی جیهانیدا گرنگیی جیۆستراتیژی تورکیای بۆ هاوپەیمانی ڕۆژئاوا نەگۆڕیوە، بەڵکو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا دیسانەوە بووەتە ستراتیژییەکی گرنگ بۆ ئەمریکا، چونکە سەرهەڵدانی ناوەندە نوێیەکانی ململانێ و نزیکیی جوگرافیای تورکیا لە عێراق و ئێران و قەوقازەوە، وا دەکات هەماهەنگی لە هەموو جۆرە قەیرانێکدا پێویست بێت.**

سەرەڕای ئەو میکانیزمە ستراتیژییەی کە بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵات دامەزرا، بەڵام تا ئێستا هیچ پێشکەوتنێکی کۆنکرێتی بە ئاراستەی ڕەواندنەوەی بارگرژییەکانی نێوان هەردوولا بەدینەهاتووە. لە ڕابردوودا

ئەم جۆرە جیاوازییانە نیشانیانداوە کە هەمیشە ڕێگەیەک هەیە بۆ هاوبەشە ئەتڵەسییەکان بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتییەکانیاندا کاربکەن، تەنانەت ئەگەر هەندێک جار ببنە هۆی شکان، کە هاوپەیمانیەتی ئەتڵەسی لاوازدەکات. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەردوو ئەکتەرەکە بەشدارن لە پرسە ناوچەیی و جیهانییەکاندا، جگە لە کێشە دووقۆڵییەکانی تورکیا و ئەمریکا، شەڕی ئۆکرانیا دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ ئەمریکا و تورکیا بۆ ئەوەی بە سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیاندا بچنەوە.

**ئەزموونەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٨٠، زەمینەسازیی بۆ بێمتمانەیی ئێستای یەکتردانا و نیگەرانییەکی مێژوویی قووڵی هێنایەئاراوە.**

### سیستەمی نوێ، ستراتیژی نوێ

ئەم ژینگە ئەمنییە نوێیە کە لەگەڵ لەشکرکێشیی ڕووسیادا بۆ ئۆکرانیا سەریهەڵداوە، بووەتە هۆی ئەوەی ئەمریکا کۆتایی بە دابڕانی خۆی لە ئەورووپا بهێنێت و سەرنجی بۆ شەڕی ئەورووپا ئاڕاستەبکاتەوە. بەم شەڕە دەبینین کێبڕکێی دەسەڵاتی گەورە گەڕاوەتەوە بۆ ئەورووپا. وەک برێزینسکی (١٩٩٧) بە ڕوونی دەڵێت: ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش وەک ناوەندێکی ئاڵۆز لە سەر تەختەیەکی شەترەنج لە قۆناغی نوێی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا دەردەکەونەوە، ئەمانەش لە ئەنجامی کێبڕکێ نێودەوڵەتییەکاندا دێنەکایەوە. هەروەها تورکیا دەکەوێتە ناوەندی گرینگترین ناوچەی شەڕی ئۆکرانیا. جگە لەوەی پێشهاتێکە کە گرنگیی ستراتیژی تورکیا زیاتردەکات، دەرفەتێک بۆ تورکیا و ئەمریکا دەڕەخسێنێت کە دەستبەرداری ڕێبازە کۆنەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا ببن و لە گۆڕانی ژینگەی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی نەرمونیانتر بیربکەنەوە، هەروەها لە سەر ئەو بنەمایانە پێداچوونەوە بە دەرفەتەکانی بەردەستیاندا بکەن لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتییەکاندا.
یەکێک لە دەرئەنجامە هەرێمییەکانی جەنگی ئۆکرانیا داننانە بە گرنگیی ستراتیژی تورکیا لە ڕووی سیستەمی هاوپەیمانیی ڕۆژئاوا و ئاسایشی زەریای ئەتڵەسی، ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارە زیندووکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکادا. لەم چوارچێوەیەدا سەردان و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگەکەوە زیادیانکردووە و ئەو میکانیزمە ستراتیژییەی کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ دامەزرا بۆ گەڕاندنەوەی

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا، دوای جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا چالاککرا. ئەگەر ئەم ژینگە ئەمنییە، کە دوای جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا سەریهەڵداوە، بە باشی هەڵبسەنگێنرێت، لەوانەیە بتوانرێت متمانەی هاوبەش دووبارە دروستبکرێتەوە.

**هەرچەندە قەیرانەکان و جیاوازیی بیروڕا ناوبەناو گرژی لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا دروستدەکەن، بەڵام ئەم قەیرانە کاتییانە هەرگیز نەبوونەتە پێکهاتەیی.**

سیاسەتی ئەمریکا بۆ ڕاکێشانی یۆنان و ئیدارەی قوبرسی یۆنانی کە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ڕووسیادا هەیە، بۆ لای خۆی، لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە بۆ ئەمریکا ئەنجامێکی ئەرێنی بووە، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی ئەم دۆخە دژەتورکیایە و ژەهراویکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا-ئەمریکا و دروستکردنی ناوچەی کێشەداری نوێ لە دەرەوەی کێشە چەقبەستووەکانی ئێستا، ڕەنگە کەشوهەوای ئەرێنی لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکادا بگۆڕێت بۆ نەرێنی، بەڵام لەم ژینگە ئەمنییەدا کە لەگەڵ هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا سەریهەڵداوە، تورکیا وازی لە سیاسەتی دەرەکی بە نرخی گۆشەگیری هێناوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەنقەرە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی باشتربکات، ئەمەش کاریگەری ئەرێنیی لە سەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا دەبێت.

**لینکی بابەت:** https://kriterdergi.com/yili-١٠٠-turkiye-abd-iliskisinin

خوێندنەوەی کتێب

تورکیاناسی

# شەوەزەنگی ئایدیۆلۆژیا و تروسکەی بەرخۆدان؛ خوێندنەوەی ڕۆمانی "پێشبڕكێی چیرۆكە تەواونەبووەكان"

پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی - Pêşbaziya Çîrokên Neqediyayî

**مەزهەر ئیبراهیمی**

mazharebrahimi@gmail.com

مەزهەر ئیبراهیمی لەدایكبووی ساڵی ١٩٨٠ی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی كوردستانە. ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی ماستەری لە زمان و ئەدەبی فارسی لە زانكۆی كوردستان وەرگرتووە. ساڵی ٢٠١٩ ماستەری زمان و كولتووری كوردی لە زانكۆی ماردینی باكووری كوردستان تەواوكرد؛ نامەی ماستەرەكەی دەربارەی "پاكتاوكاری و پەراوێزخستنی زمانی كوردی لە باكوور و ڕۆژهەڵاتی كوردستان" بووە، ئێستا لە بەشی كوردیی زانكۆی دیجلەی شاری ئامەدی باكووری كوردستان خەریكی خوێندنی دكتۆرایە. سێ پەرتووكی چاپكراوی هەیە، چەندین توێژینەوەی لە جۆرناڵ و گۆڤارە زانكۆییەكاندا بڵاوكراوەتەوە.

## پێشەكی

پێشبڕكێی چیرۆكە تەواونەبووەكان (٢٠١٠)، ناونیشانی دووەمین ڕۆمانی شەنەر ئۆزمەن (Şener Özmen)؛ نوسەری چالاكی باكووری كوردستانە. ناوبراو لەدایكبووی ساڵی ١٩٧١ی شاری هەزەخی سەر بە شرناخە. لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە دەستیداوەتە پێنوس و تا ئێستا چەندین بەرهەمی بە كوردی و توركی بڵاوكردووەتەوە. ڕۆمانەكانی: ڕۆژنڤیسكا سپینۆزا (٢٠٠٨)، گرامەرا بێحزوور (٢٠١٤)، غەیب (٢٠١٧)، قسەیێن غەریبیێ (٢٠١٩) و كۆمەڵەچیرۆكی كەلەهـ (٢٠١٢)؛ بەشێك لە بەرهەمەكانی دیكەی ناوبراون.

ڕۆمانی پێشبڕکێی چیرۆکە تەواونەبووەکان لە چوار سەربەشی "دەستپێک، ئیمان، زمان، ڕامان" و بەشێک بە ناوی "سەرنجە تەواونەبووەکان" پێکهاتووە، کە ڕوونکردنەوەی هەندێک ڕووداوی بەشە سەرەکییەکانە. ڤەگێڕی[1] بنبەشی یەکەم مەراسیمە، کە سەرەتای ئاشنابوونی لەگەڵ پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە، واتە سەرتاجکاران، هەروەها تێکچوونی نێوانی لەگەڵ مامۆستا تورکەکەی دەگێڕێتەوە. لە درێژەدا ڤەگێڕێکی گشتزان، کە خودی سەرتاجە، لە زاری کەسی سێیەمەوە دەپەرژێتەسەر چیرۆکی بێبڕانەوەی ژیانی خۆی. ئەم بەسەرهاتانە لە هەژدە بنبەش پێکهاتوون و هەر جارێک باسی قۆناغێکی ژیانی پاڵەوانی سەرەکی دەکەن؛ لە بیرەوەریی سەردەمی منداڵی و ماڵبات و قوتابخانە و کارتێکەریی خاڵۆ شۆڕشگێڕەکەی و ڕەوشی نالەباری کوردان و پاشان مامۆستایەتی و پەیوەندیی لەگەڵ عەلی عوسمانی خوێندکاری سەرتاجەوە بگرە هەتا دەمی تێکچوونی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ مەراسیم و دۆخی ناخۆشی تەنیایی و ئینجا بیرەوەرییەکانی کاتی شۆڕش و ناسینی دکتۆر سارینی دەروونناس و پاشان وەرگرتنی خەڵاتی چیرۆکنوسی و بانگهێشتکردنی بۆ ئەڵمانیا و ...هتد. بنبەشی کۆتایی ڕۆمانەکەش، گێڕانەوەی چۆنیەتیی کوشتنی سەرتاجی "چەپگەر" و "لەدین لادەر"ە بە دەستی عەلی عوسمانی خاپێنراوی[2] مەلا ئیدریس و هاوبیرانی، کە پەشیمانی و ڕق و قینی بکوژ لە هاندەران و فەرمانپێکەرانی لێ دەکەوێتەوە.

پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە ئەندامی خێزانێکی هەژاری شاری هەزخە کە هەر جارێک بە پێی ڕەوشی دەروونی یان بارودۆخی دەوروبەر و تێڕوانینی کەسانی تر بە پاشناوێک وەسفدەکرێت، بۆ نموونە: "سەرتاجێ ئەڤیندار، سەرتاجێ سەرهشک، سەرتاجێ دۆگماتیک، سەرتاجێ ڕۆمانتیک، سەرتاجێ چارەڕەش، سەرتاجێ خوەڤەشارتی، سەرتاجێ خوەشبێژ و ...هتد". هەروەها پاش تەڤلیبوونی بە شۆڕشەوە، ناوی دەبێتە "شۆڕەش" و دیسان بە پێی ئەو ڕەوشەی تێیدایە، پاشناوێکی دەخرێتەسەر، بۆ وێنە: "شۆڕەشێ باوەڕی پۆڵا، شۆڕەشێ شۆپگەر، شۆڕەشێ شۆڕەش¬ تێکچوویی، شۆڕەشێ ڕەخنەگر و ...هتد".

ئەم ڕۆمانە تێکەڵە و لێکدراوێکە لە گێڕانەوەی سێ لایەنی ژیانی سەرتاج؛ یەکەم: وەک کەسایەتییەکی جیاواز و هەستیار لە هەمبەر ڕەوشی داسەپێنراوی دەوروبەریدا، دووەم: گێڕانەوەی بیرەوەرییە تاڵەکانیەتی لە بیچمی چیرۆکێکدا کە بۆ خۆی نوسەریەتی و سێیەم: ڕەنگدانەوەی خەون و خولیا و خەیاڵە تێکەڵپێکەڵەکانیەتی وەک مرۆڤێکی توشبووی نەخۆشیی شیزۆفرێنیا. نەخۆشیی دەروونیی سەرتاج بۆ خەمی تێکچوونی ژیانی هاوبەش،

بێمافی و بندەستیی نەتەوەکەی، زمانبڕاوی، هەژاریی کتێبخانەی کوردی، تێکچوون و بەلاڕێداچوونی شۆڕش، نەزانیی گەل و هەروەها قۆڵبەستکردن و ئەشکەنجەدانی دەگەڕێتەوە. ئەمانە لە هزری ئاڵۆزی سەرتاج و شڵەژاویی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و هەروەها دواندنی کاراکتەرێکی نائاسایی و خەیاڵکرد بە ناوی "پیرا نا"دا بە باشی نوێنراوەتەوە. وتەکانی "پیرا نا"، کە بە درێژایی دەقەکە ناوەناوە بە دەنگ و پاشان بە جەستە دەردەکەوێت، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ڕەوشی نالەباری نیشتیمان و هاونیشتیمانیانی سەرتاج، بە تایبەت لەو کاتەیدا کە لە ڕواڵەتی پیرەژنێکی قرێژدا دەردەکەوێت و لەگەڵ سەرتاجدا دەبێتە دەمەقرەیان و دوای ماوەیەک جنێوبەیەکدان ئاوەهای پێ دەڵێت: "ئەز داپیرا تەمە... ئەز دیا تەمە... ئەز وەلاتێ تەیێ کاڤلبوویمە... ئەز شۆڕەشا وەیا تێکچوویمە... ئەز وێژەیا وەیا خوەدبینم..." (من داپیری تۆم... دایکی تۆم... وڵاتی کاولبووی تۆم... من شۆڕشی تێکچووتانم... من وێژەی خۆبینتانم). ڕووداوەکانی ڕۆمانی ئاماژەپێدراو گەرچی هەندێک جار وەک خەون و خەیاڵی سەرتاج و هەندێک جار وەک چیرۆکێکی ناتەواوی ژیانی خۆی دەردەکەون، بەڵام بە تەواوەتی ڕاستیی کۆمەڵگەی باکووری کوردستان دەخەنەڕوو و واقیعێکمان پیشاندەدەن کە لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا بۆ کوردی هەموو پارچەکان و هەروەها گەل و نەتەوە بندەستەکانی تری ئەم دەڤەرە نائاشنا نییە و هەموویان ئەزموونکراون.

## دەوڵەت، ئایدیۆلۆژیا و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی

جەختی ئەم خوێندنەوەیە لە سەر چالاکیی هەندێک دەزگای ئایدیۆلۆژیی پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە، کە بە پێچەوانەی دەزگای سەرکوتکەر، زیاتر بە شێوەی نەرمونیان و هەستپێنەکراو ئەرکەکانیان تێدەپەڕێنن. لەم ڕۆمانەدا زۆر نموونەی توندوتیژیی فیزیکی و دەستوەردانی ڕاستەوخۆی دەزگای سەرکوتی دەوڵەت تۆمارکراوە، کە لێرەدا تەنیا نموونەیەکی دەخەینەبەرچاو؛ یەکێک لە بیرەوەرییە تاڵەکانی سەردەمی خوێندنی سەرتاج ئەو کاتەیە کە لە بڵیندگۆی مزگەوتەوە خەڵکیان بانگهێشتی حەوشەی شارەداری کردبوو و بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیش قوتابیانیان دابووەبەر بۆ ئەوێ، ئینجا چەکدارانی دەوڵەت و شارەداری هەزەخ، هاوکات لەگەڵ پیشاندانی تەرمی چەند کچ و کوڕی شەڕوان، هۆشدارییان بە باوک و دایکەکان دابوو کە ئاگاداری منداڵەکانیان بن نەکوا بکەونە دەست "ڤان تەرۆریستان، ڤان ئەرمەنییان، بەلشەفیکەکان...". دوایەش "خۆرتێن تاخا ژێرێ" (گەنجانی گەڕەکی خوارووی

شـــار) بـە پێشـکـەشـکـردنی سـرروودی نەتـەوەیی کـۆمـاری تـورکـیا کـۆتـاییـان بە گـردبـوونـەوەکـە هـێـنـابـوو. بـەم چـەشـنـە، وەک سـەرتـاج دەڵـێـت: "دەرسـا وانـا وێ ڕۆژێ ژی بـووبـوو تـەماشـاکـرنا جـەندەکێن بێخوەدی."

لەو دیمەنەدا سێبەری قورسی تۆقاندن، هەڕەشـە، بێڕێزی¬ و توندوتیژیی دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەت بەرچاوە، بەڵام بە پێی ڕوانگەی بیرمەندی فەڕەنسی؛ لویی ئاڵتوسێر (Louis Althusser)، ئەوەی کە زیاترین ڕاژە بە دەوڵـەت و چین و لایەنی سەردەست دەگەیەنێت و لەم پێناوەدا کاراتر و بەبڕشتتره و کاریگەریی قووڵتر بەجێدەهێڵێت، نەک دەزگای سەرکوتکەر و هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی ڕاستەوخۆ، بـەڵـکـو ئـایـدیـۆلـۆژیـا و دامـــودەزگـا گرێدراوەکانیەتی. ئایدیۆلۆژیا ئەو هێزە شاراوەیەیە کە سەرتاسەری ژیانی مرۆڤ و جـوڵـە و بیرکـردنـەوەیـانی تـەنیـوەتـەوە و تـاکـەکـان نـەخـوازراوانـە لـە پێنـاو بەرژەوەندییەکانی چینی چەوسێنەردا کاری بۆ دەکەن. ئاڵتوسێر بە هێنانەگۆڕی ئەم بیردۆز و تێڕوانینە نوێیە هەوڵیداوە لایەنە شاراوەکانی ئایدیۆلۆژیا و شێوە ڕەنگامەکانی داگیرکردنی زەینی تاکەکان ئـاشـکـرابـکـات. لـە ڕۆمـانـی بـەردەسـتـدا ڕەنــگــدانــەوەی ئــەم دۆخــە بــە تـۆخـی دەبینین، کاتێک پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان بە ئاوڕدانەوە لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی دەڵێت:

"وی ژی بـەیـرەق هـلـگـرتـبـوو، چـووبـوو جـەژنـان، وی ژی ل چـەپکان خـسـتـبـوو، وی ژی د مەش و خوەپێشاندانێن سافی نەتەوی¬دە جیگرتبوو و مینا لەشکەرەکی ڕەپ و تـەپ مەشیابوو، وی ژی ب قێرین گۆتـبـوو: "نـە مـوتـلـو تـورکـووم دیـەنـە!" (خـوەزی ب بتەختەوەریا وی/وێ یێ/یا کو دبێژە ئەز ترکم!) و چما ئەو نە "موتلو" (بەختەوار) بوو بۆ خوەدێ!؟ ئەو دەم و دەورانێن خوەزی¬پێئانینان دابهوریبوون چـووبـوون. تەڤی کو دیـا وی ب کـوردی ژ وی¬رە دگۆت کو "ئەم ترکن"، ب تەڤی کو مامۆستەیێن وی ب ترکی ویر¬ە دگۆتن کو "تورکون تورکتەن باشکا دۆستو یۆکتور" (ژ بلی تـرکان تـو دۆسـتێ تـرکان نینـە)، دیـسـان ژی چێ ¬نـەدبـوو. خـەلـەتییـەکـە مەزن د وان گۆتنان دە هەبوو لێ ئەو ب سەر ڤە نەدبوو."

(ئـەویـش ئـالای هـەڵـگـرتـبـوو، بەشـداریی جـەژنـەکـانی کـردبـوو، چـەپڵـەیلـێدابـوو، لـە خـۆپـیشـاندانـەکانی نـەتـەوەی پاکـدا بـەشـداربـووبـوو و وەک سـەربـازێـک تەپەتەپ ڕێیکردبوو، ئەویش قیڕاندبووی: "چـەنـد خـۆشـحـاڵـە ئـەو کـەسـەی دەڵێت تـورکـم!" و بـۆچی ئـەو بـەخـتـەوەر نـەبـوو توخوا! سـەردەمی خـۆزگـەخـواستن ئیدی بەسەرچووبوو. لەگەڵ ئەوەی کە دایکی بە کـوردی پێی دەگـوت: "ئێمە تـورکین"، لەگەڵ ئەوەی مامۆستاکان پێیان دەگوت: "تـــورک بێـجـگـە لـە تـــورک چ دۆسـتـێکـی دیکـەی نییـە"، دیسـان سـەرینـەدەگـرت.

هەڵەیەکی گەورە لەو وتانەدا بوو، بەڵام ئەم تێنەدەگەیشت.)

**ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، بە تەواوەتی ڕاستیی کۆمەڵگەی باکووری کوردستان دەخەنەڕووو و اقیعێکمان پیشاندەدەن کە لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا بۆ کوردی هەموو پارچەکان و هەروەها گەل و نەتەوە بندەستەکانی تری ئەم دەڤەرە نائاشنا نییە و هەموویان ئەزموونکراون.**

لەم دێڕانەی سەرەوەدا کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا زۆر قووڵ و بەرچاوە، بە چەشنێک کە دایکی سەرتاج، سەرەڕای ئەوەی نەخوێندەوارە و کاریگەریی قوتابخانەی لە سەر نییە و تەنانەت وشەیەک تورکییش نازانێت، بە زمانی کوردی باس لە تورکبوونی خۆیان دەکات. هەڵبەت لێرەدا نابێت ڕۆڵی دەزگای سەرکوت لەبیربکرێت؛ دەسەڵات بە سوودوەرگرتن لە ڕێوشوێنی جۆراوجۆر، لەوانە: توندوتیژیی فیزیکی و ڕاستەوخۆ یان هێمایی و ناڕاستەوخۆ، ئایدیۆلۆژیا بە هەموو قوژبنێکدا بڵاودەکاتەوە و لە هەموو مێشکێکدا جێگیریدەکات. ئەم بارودۆخە بۆ سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لە سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەیەکی توند هەوڵی تواندنەوەی ناسنامەی کوردیی دەدا. بە وتەی جوما چیچەک لە کتێبی زمانەک چما تێ قەدەغەکرن (٢٠١٣)، جێبەجێکارانی سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن لە ڕاپۆرتەکانیاندا پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە دەوڵەت دەبێت کوردان ڕابهێنێت و فێریانبکات کە کورد نین، بەڵکو تورکن.

جیا لە هەڵوێستی دایکی سەرتاج، کە پیشاندەری ڕۆچوونی ئایدیۆلۆژیای چینی باڵادەست بە ناخی هزری تاکە بندەستەکاندایە، مامۆستاکانیش کارگێڕ و پەرەپێدەری ئایدیۆلۆژیان و منداڵان بە جۆرێک پەروەردەدەکەن کە ڕەوشی داسەپاو وەک واقیعی نەگۆڕی ژیانیان ببینن. دەزگای فێرکاری منداڵە تورکەکان وەها ڕادەهێنن کە تورکبوونیان بە واتای سەرتربوون، هۆی شانازی و هۆکاری پێشکەوتن بزانن. لە بەرانبەریشدا بە شێوەی چەواشەکارانە لە مێشکی منداڵانی کورددا ئەم ئایدیایە دەچێنن کە کوردبوون بە واتای دوژمنایەتیی شارستانیەت و دژی ئەولەهی و سەقامگیری و پێشکەوتنی وڵاتە و کوردان دەبێت نکۆڵی لە زمان و ناسنامەی خۆیان بکەن و ملکەچی نەتەوەی سەردەست بن، تاوەکو دەوڵەت مافی ژیانێکی تورکانەیان پێ بدات.

سەرتاج بەم جۆرە باسی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و ڕوانگەی دایکی و مامۆستاکانی دەکات و ئەوەی هەمیشە

و لە هەموو شوێنێکدا بەگوێیدادراوە و لە گوێیدا زرینگاوەتەوە، جەختکردنەوە بووە لە سەر تورکبوون، بەڵام کە گەورەدەبێت، لەو شتانەی بنەماڵە و خوێندنگە فێریانکردووە، دەکەوێتە گومانەوە. هۆکاری ئەم گومانەش زیاتر محەمەدی خاڵۆیەتی کە لە شۆڕشگێڕانی تەڤگەرێکی مارکسیی کوردییە و باندۆری زۆری لە سەر بیروبڕواکانی داناوە. یەکێک لە بیرەوەرییە تاڵەکانی سەردەمی منداڵیی سەرتاج کە بۆ یەکەم جار دەروونی بریندارەکات، کوژرانی خاڵۆی بە دەستی هێزەکانی دەوڵەت و شین و گریانی دایکی و پاشان هەڵکوتانەسەر ماڵ و شێواندنی کەلوپەلەکانیانە.

دەسەڵات لە ڕێگەی میدیاکانیەوە ماڵبەماڵ دەگەڕێت و مێشکی زۆرینەی تاکەکان داگیردەکات، وایان لێ دەکات پێداگرتر لە ئەندامانی چینی باڵادەست، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەواندا و بۆ ملکەچی و چەوساندنەوەی زیاتری خۆیان تێبکۆشن. بە وتەی کۆمەڵناسی فەرەنسی؛ پییەر بۆردیۆ (Pierre Bourdieu)، تەلەفزیۆن زۆرترین دەرفەتی فۆڕمدان بە بیری بەشێکی گەورەی خەڵکی لە بەردەستدایە و بە زەقکردنەوەی ڕووداوی بێبایەخ، سەرنجی جەماوەر لە سەر ڕووداوە گرنگەکان هەڵدەگرێت، خەڵکیش لە باتیی ئەوەی کاتیان بۆ دەستخستنی زانیاری سەبارەت بە مافە دیموکراتەکانیان تەرخانبکەن، بۆ شتی پووچ و کەمبایەخ بەفیڕۆیدەدەن.

بە پێی ڕوانگەی لویی ئاڵتوسێر هەموو ئەو دەزگایانەی کۆمەڵگەیان پێکهێناوە، بە حکومی و ناحکومییەوە، لە بنەماڵە و قوتابخانە و مزگەوتەوە بگرە هەتا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هونەر و وەرزش و ئەدەبیات، لە پێناو پاراستن و پەرەپێدان و جێگیرکردنی ئایدیۆلۆژیای زاڵدا کاردەکەن. لەم نموونەیەشدا دیسان ڕۆچوونی ئایدیۆلۆژیا بە ناخی خێزاندا دەبینین:

"مەسەلەیا ئەسل و فەسلێ مالباتێ، کۆک و ڕەهێن باڤێ من و یێن دیا من، یەکی موهاجر و یەکا کورد، ناخوە چما باڤێ من دگۆت: "بیز تورکوز کزیم" (ئەم ترکن قیزا من) و هەر جارا کو وی دگۆت: "بیز تورکوز کزیم"، ئەتا من دبوو پزۆت... وێ ژی ئا خوە دگۆت ب قیرەقیر و ل دیا من ڤەدگەریا، دگۆتێ ب گری، "تو چما خەبەر نادی داێ؟ چما نابێژێ کو هوون ژ دێیەکە کوردن؟ ما نە ئەسل دێیە...؟" لێ دیا منا ڕەبەن دەنگێ خوە نەدکر، نە ژ باڤێ من¬رە، نە ژی ژ قیزا خوە یا مەزنر¬ە، نەدگۆت: "ئەرێ" یان "نا"، سەرێ خوە بەرا بەر خوە ددا و ب حالێ خوەدە دپۆنژی."

(پرسی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەمان، ڕەگوریشەی باوک و دایکم، یەکیان موهاجر و ئەوی دیکەیان کورد، هەر جارێک کە باوکم دەیگوت: "ئێمە تورکین کچەکەم"، خوشکم ئاگری تێبەردەبوو...

ئەویش بە قیژەقیژ هەڵیدەدایە و بە گریانەوە بە دایکی دەگوت: "تۆ بۆ هیچ ناڵێی دایە؟ بۆ ناڵێی ئێوە لە دایکێکی کوردن؟ مەگەر ئەسڵ دایک نییە...؟" بەڵام دایکە هەژارەکەم هیچی نەدەگوت، نە بە باوکم و نە بە کچە گەورەکەی، نە بە "ئەرێ" و نە بە "نا" وەڵامینەدەدانەوە، سەری دەبەر خۆی دەنا و بۆ ئەو ڕەوش و حاڵەی خۆی دەگریا.)

**لە ڕۆمانەکەدا دۆخی باکووری نیشتیمان لە ڕێگەی کاراکتەرێکی خەیاڵکردی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە بە ناوی "پیرا نا" بەم جۆرە وێناکراوە: "ئەزداپیرا تەمە... ئەزدیا تەمە... ئەز وەلاتێ تەیێ کاڤلبوویمە... ئەزشۆڕەشا وەیا تێکچوویمە... ئەزوێژەیا وەیا خوەدبینم..."**

ئەم دێڕانە بیرەوەرییەکانی مەراسیمیان لەخۆگرتووە. مەراسیم و یاسەمین دوو کچی خێزانێکی چوارکەسی نیشتەجێی ئەنقەرەن. باوکیان تورکێکی "موهاجیر" و دایکیان کوردە. مەراسیم دوایی دەبێتە هاوژینی سەرتاجی کوڕەدۆستی خوشکەکەی. یاسەمین، بە پێچەوانەی مەراسیمەوە، زمان و ناسنامەی خۆی بە لاوە گرنگە و هەمیشە بەرپەرچی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی باوک و خوشکەکەی دەداتەوە. بنەماڵە وەک یەکێک لە دەزگا ئایدیۆلۆژییەکان، ئەندامانی خۆی دەکاتە ئامانجی ئایدیۆلۆژیای زاڵ و لە پێناو دەستەبەربوونی بەرژەوەندییەکانی چینی سەردەستدا بەکاریاندەهێنێت. باوکی مەراسیم وەک هێزی باڵادەستی خێزان بە دووپاتکردنەوەی ئایدیای "ئێمە تورکین"، دەیەوێت هاوژین و کچەکانیشی وا لێ بکات باوەڕی تەواو بەو ئایدیایەی دەسەڵات بهێنن کە لە تورکیا تەنیا یەک نەتەوە و یەک زمان هەیە، ئەوەش نەتەوەی تورک و زمانی تورکییە. هەوڵەکانی ئەو سەبارەت بە مەراسیم سەرکەوتوو بووە، بەڵام یاسەمین لە دژی هەڵوێستدەگرێت و دەیەوێت ورەی بەرەنگاربوونەوە لە دایکیشیدا بوروژێنێت، کەچی کاردانەوەی دایکی، تەنیا بێدەنگی و گریانە.

دەزگا ئایدیۆلۆژییەکان هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا بە شێوەی نەرم و هەستپێنەکراو کارناکەن و هەندێک جار وەکو دەزگای سەرکوت، لە توندوتیژییش کەڵکوەردەگرن. هەڵسوکەوتی دایکی یاسەمین ئەم گوتەیە پشتڕاستدەکاتەوە؛ گریان و بێدەنگیی ئەو لە هەمبەر پرسیارەکانی یاسەمین، کە بە گریانەوە داوای کاردانەوە و بەدرۆخستنەوەی وتەکانی باوکی لێ دەکات، نیشانەی دەستەوەستانی و ناچارییەتی، دەرخەری توندوتیژییەکە بە سەریدا داسەپاوە و ملکەچیکردووە. بندەستیی ئەم ژنە کوردە دوولایەنەیە، لە لایەکەوە وەک ژن و لە

لایەکی ترەوە وەک کوردێک ڕەتدانەوەی گوتەی مێردەکەی بۆ نالوێت، بۆیە بێدەنگی و گریان هەڵدەبژێرێت. ئەم دۆخە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی دایکی سەرتاج کە بە زمانی کوردی جەختی لە سەر تورکبوونی خۆی دەکردەوە؛ لەودا دووانەی سەرکوت-ئایدیۆلۆژیا سووژە[٣] ی دڵخوازی دەوڵەتی دروستکردبوو، کەچی لەمەدا سەرکوتی ڕووت و ڕاستەوخۆ دەنگی سووژەی بندەستی کپکردووە.

سووژە ئەگەرچی وەک کەسێکی سەربەستی جێبەجێکەر و بەرپرسیاری کارەکانی خۆی دێتەبەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا تاکێکی بندەستە کە خۆی بە تەواوەتی ڕادەستی دەسەڵاتی باڵادەست دەکا، بە چەشنێک کە لە هەموو ئازادییەک بێبەشدەبێت، بێجگە لەوەی کە تەنیا بۆی هەیە بە شێوەی ئازادانە ملکەچبوونی خۆی هەڵبژێرێت. سووژەی دڵخوازی دەسەڵات، پێناسەی تاکی ڕۆچووی ناو گێژاوی ئایدیۆلۆژیایە. ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگەی دەزگاکانیەوە و بە بانگکردن و لێپێچینەوەی تاکەکان، ڕەوتی بەسووژەکردن بەڕێوەدەبات و سووژەش بۆ خۆی ئەرکی خۆچەوساندنەوە و گەشەدان بەم پێواژۆیە لەئەستۆدەگرێت و بەردەوام بەرهەمیدەهێنێتەوە. لە بەرانبەردا هەندێک تاکیش هەن کە ملکەچی ئایدیۆلۆژیای زاڵ نابن و لە دژی هەڵوێستدەگرن، ئەمانە سەربزێو و بەرەنگارن، بەو واتایە کە لە باتیی ملکەچی، سەر بەرزدەکەنەوە و هەوڵی بەرگری و بەرەنگاری دەدەن.

لەم ڕۆمانەدا گەلێک سووژەی ملکەچ و چەند نموونەیەکیش تاکی سەربزێو وەبەرچاودەکەون. لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا یاسەمین لە مەراسیمی خوشکی تورەدەبێت و پێی دەڵێت: "هەر گاڤا تو ب وی زمانی خەبەر ددی و ژ کوردستانێ رە دبێژی رۆژهلاتا باشوور، یەکسەر پێشکێشکەرێ رەوشا هەوایێ یێ کو هەر ئێڤار پشتی نووچەیێن مشت پرۆپاگاندا دەردکەڤە پێش بینەران، تێ بەر چاڤێن من..." (هەر کاتێک بەو زمانە قسەدەکەیت و بە کوردستان دەڵێیت باشووری ڕۆژهەڵات، یەکسەر پێشکەشکاری ڕەوشی هەوام دێتەبەرچاو کە هەموو ئێوارەیەک دوای هەواڵە پڕ لە پڕوپاگەندەکان لە بینەران دەردەکەوێت.)

مەراسیم و یاسەمین لە زانستگەی شاری مێرسین دەخوێنن. یاسەمین کچێکی بەهەڵوێستە و لە هەمبەر زوڵموزۆری دەسەڵاتدا هەستیارە و هەردەم لە پەیوەندیی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و زمانیدا بە توندی ڕووبەڕووی باوک و خوشکەکەی دەبێتەوەو هێرشدەکاتەسەر بیرورایان. ئەو دواتر دەبێتە هاوسەری سەرتاج و پاش ماوەیەک پیکەوەژیانی پڕمشتومڕ لێکدادەبڕێن. یەکێک لە هۆیەکانی ناکۆکییان نیشتەجێبوونیان لە هەزەخ و بە گشتی کوردستانە، کە ئەو

بە "وەلاتێ تەرۆریستان" ناویدەهێنێت و هەردەم داوای لە هاوژینەکەی دەکات بڕۆن بۆ شوێنێکی تر، چونکە "هەرێمەکە نەحلەتکریە، ب تالووکەیە، هەر ڕۆژ ب دەهان مرۆڤ ل وێ تێن کوشتن، تێن ڕەڤاندن، تێن شێلاندن، توشی تەجاوزێ دبن، دبن قوربانا تەرۆرێ." (هەرێمێکی نەحلەتلێکراوە، پڕمەترسییە، هەموو ڕۆژێک دەیان مرۆڤ لێرەدا دەکوژرێن، دەڕفێنرێن، تالاندەکرێن، دەستدرێژیاندەکرێتەسەر، دەبنە قوربانیی تیرۆر.)

**بەشێک لە دیمەنەکانی ڕۆمانەکە سێبەری قورسی تۆقاندن، هەڕەشە، بێڕێزی¬ و توندوتیژیی دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەتی تورکیا نیشاندەدات، ئەمە جگە لە هەوڵی دەزگا پەروەردەییەکانی وەک "مزگەوت، قوتابخانە و میدیا" کە هەوڵی سپیکردنەوە و جوانکردنی وێنای دەوڵەتیان داوە.**

بە گوێرەی چەمکە ڕەخنەییەکانی ئاڵتوسێر، مەراسیم نموونەی سووژەی ملکەچی ئایدیۆلۆژیای زاڵە. ئەو لە بن کاریگەریی دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی خێزان، خوێندنگە، زانکۆ و میدیادا، بە زمانی خۆی قسەناکات و خۆ لە بەکارهێنانی وشەی "گەلی کورد" دەبوێرێت و بە "نەبخێر" وەسفیدەکات، هەروەها بەو جۆرەی یاسەمینیش دەڵێت، وەک پێشکەشکاری ڕەوشی هەوا بە "باکووری کوردستان" دەڵێت: "باشووری ڕۆژهەڵات". مەراسیم کە بە پێی پەروەردەی ئایدیۆلۆژیای زاڵ دەئاخفێت و دەفکرێت، نەک هەر هەست بە هەڵەبوونی وتە و ڕوانگەکانی خۆی ناکات، بەڵکو باوەڕی قورس و قایمیشی پێیانە و پێداگریان لە سەر دەکات، بە هی خۆی دەزانێت و پێی وایە لە ئاوەزی ئازاد و بڕیاردەری خۆیەوە سەریانهەڵداوە، کەچی لە ڕاستیدا ئەو تەنیا سووژەیەکی کارامەیە کە وەڵامی ئەرێنیی بە بانگەوازی ئایدیۆلۆژیای زاڵ داوەتەوە و ڕەوتی بەسووژەبوونی سەرکەوتوانە تێپەڕاندووە. ئەو گرنگی بە زمانی دایکی خۆی نادات و قسەی پێ ناکات و بەردەوام ئایدیا پێڕاهاتووەکان دووبارەدەکاتەوە و سەرلەنوێ بەرهەمیاندەهێنێتەوە. هەروەها باوکیشی نموونەی سووژەی دڵخواز و بانگەشەکاری بیرۆکەکانی دەسەڵاتە و بەرکەوتەی چەواشەکاری و چێکەری زەینیەتی بەلاڕێدابراوی کچەکەیەتی. لە بەرانبەردا یاسەمین نموونەی تاکی بەرخۆدێرە، بەو واتایە کە ئایدیۆلۆژیای زاڵ نەبووەتە بەشێکی ناسنامەی و بە پێچەوانەوە بەرەنگاری دۆخی داسەپێنراو و تاکە دەستەمۆ و دەستاژۆکان دەبێتەوە.

جارێکیان ناخۆشیی ڕەوشی ژیانی کوردان دەبێتە مژاری باسوخواس و گەنگەشەی لەگەڵ خوشک و باوکیدا و تێدەکۆشێت چەوتیی تێگەیشتنیان دەربخات و سووچ و تاوانی دەسەڵاتدارانیان بۆ ئاشکرابکات، بەڵام چ ئاکامی نابێت؛ ئینجا بە تووڕەیی بەرپەرچی باوکی دەداتەوە و هەڕەشەی تەقلیبوو¬نی بزوتنەوەی دژەدەوڵەتی لێ دەکات.

**دەسەڵات بە سوودوەرگرتن لە ڕێوشوێنی جۆراوجۆر، لەوانە: توندوتیژیی فیزیکی و ڕاستەوخۆیان هێمایی و ناڕاستەوخۆ، ئایدیۆلۆژیا بە هەموو قوژبنێکدا بڵاودەکاتەوە و لە هەموو مێشکێکدا جێگیردەکات. ئەم بارودۆخە بۆ سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لە سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەیەکی توند هەوڵی تواندنەوەی ناسنامەی کوردی دەدا و بە وتەی جوما چیچەک لە کتێبی زمانەک چما تێ قەدەغەکرن (٢٠١٣)، جێبەجێکارانی سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن لە ڕاپۆرتەکانیاندا پێیان لە سەرئەوە دادەگرت کە دەوڵەت دەبێت کوردان ڕابهێنێت و فێریانبکات کە کورد نین، بەڵکو تورکن.**

مەراسیم نموونەی سووژەیەکی بچووکە کە هەردەم دەیەوێت خۆی بگەیەنێتە پێگەی سووژەی گەورە. ئەو هەموو هەوڵێکی بۆ خۆتورکاندنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە حاشا لە ناسنامە و کوردبوونی خۆی دەکات، بەردەوام هەر وەک بندەستێک سەیردەکرێت. وەک سەرتاج دەڵێت: "ئەز چ ب خوە، چ ب رووێ خوە، چ ب دەنگێ خوە، چ ب دەڤۆکا خوە، چ ب هەڤۆکا خوە بکم ژی، نابم یەک ژ وان." (چی لە خۆم، لە ڕەنگم، لە دەنگم، لە زار و زمانم بکەم، نابمە یەکێک لە ئەوان.) بە واتایەکی تر: "چەندی ئەز شێوەیێ ئاخافتنا خوە بگوهەرینم... ئەز هەر ئەزم، دیسان جاهیل و نەزانم، دیسان دژمن و نەیارم، دیسان تەرۆریستەکی بێئەیارم د چاڤێ واندە." (هەرچەندە شێوەی ئاخافتنم بگۆڕم... من هەر منم، دیسان هەر نەزانم، دیسان دوژمن و نەیارم، دیسان لە چاوی ئەواندا هەر تیرۆریستم.)
یاسەمین دژی پەیوەندیی نێوان مەراسیم و مامۆستای وێژەی تورکییەکەیەتی لە زانکۆدا، هەمیشە لە مەترسیی ئەو پەیوەندییە ئاگاداریدەکاتەوە و پێی دەڵێت: تۆ وەک کەلوپەلی نوسینگەکەی وایت کە دوای ماوەیەک ڕادەستی ئەرکدارێکی ترت دەکات، هەر ئاواش دەبێت و پاش ماوەیەک چێژلێوەرگرتن وازی لێ دەهێنێت. ئۆندەر و مەراسیم هێمای

دوو ڕەهەندی سەردەست-بندەستن، واتە پێشاندەری پەیوەندیی نێوان تاکی دەسەڵاتداری خاوەنهێز و لە بەرانبەردا سووژەی ملکەچی بێدەسەڵاتن، ئینجا بەکارهێنانی پاشناوی "پاشا"ش بۆ ئۆندەر، ئاماژەیە بۆ باڵادەستیی ناوبراو. هەروەها کاتێک مەراسیم باس لە خۆبەدەستەوەدان و پێبەخشینی کچێنیی خۆی دەکات، پەیوەندیی چەوسێنەرانەی نێوانیان بە باشترین شێوە دەنوێنرێتەوە: "کێف کێفا وی بوو گاڤا ب هەستێن مێرەکی بسەرکەتی کنجێن خوە ل خوە کربوو. ئەز بێلەپت و لڤ مابووم د قادا شەڕی دە، بێدەنگ و بێحس، نەچار و شکەستی." (کەیفی سازبوو کاتێک وەک پیاو/ پاڵەوانێکی سەرکەوتوو جلەکانی لەبەرکردبوو. من کپ و مات لە گۆڕەپانی شەڕدا مابوومەوە، بێدەنگ و بێهەست، بێچارە و دۆڕاو) لە لایەکی ترەوە، سەرتاج وەک تاکێکی سەربزێو و بەرەنگار ئاواتە وەدینەهاتووەکانی بەم چەشنە وێنادەکات:

"بەلێ، وەلاتەک هەبوو ب ناڤێ کوردستانێ و ئەو ل مەزنترین باژارێ وی وەلاتی ژدایک بووبوو، ل باژارێ ئامەدا قەدیم. ئامەد کو سۆرگولا کوردستانێ بوو، ئەو هەلبەستەکە قەوی، مێژوویەکە خوەڕاگرتی و ڕابردوویەکە سەرگەڤەز بوو، بەری کو ببە کریستال و ئەلیف - لام - میم. وی دایکەک و باڤەک وەلاتپارێز هەبوو، خوەندا و تێگهشتی. ناڤێ دایکا وی زارشیرینێ، ناڤێ باڤێ وی ژی میرۆ بوو... دو خوشک (هەڤۆک و ڕەڤۆک) و دو برایێن وی یێن ژێ بچووکتر (سەردەست و کاوا) هەبوون و ئەو ژی د ڕێیا دێ و باڤێ خوەدە بوون. ژخوە ناڤێ وی ژی نە سەرتاج بوو... ناڤێ وی، ناڤێ کو باڤێ وی لێ کربوو فەرهەنگ بوو. فەرهەنگ ناڤەکی ب کوردی بوو و گەلەکی لێ دچوو. ڕۆژا کو ژدایک بووبوو، فەرهەنگنوسەکی ناڤداری کورد ل سەر داخوازا باڤێ وی هین ئەو ل زانینگەهێ، د گوهێ وی یێ ڕاستێ¬دە دوسەد پەیڤێن "مێ"، د گوهێ وی یێ چەپێ¬دە ژی دوسەد پەیڤێن «نێر» ژمارتبوون ژ فەرهەنگا خوەیا دەوڵەمەند. ئەو هین د بیست و چار سالیا خوەدە بوو و ب تەشویقا باڤێ خوە، وی دەست ب نڤیساندنا کورتەچیرۆکان کربوو، بێگومان ب زمانێ خوە یێ ڕەسەن."

(بەلێ، وڵاتێک بوو بە ناوی کوردستان و ئەو لە گەورەترین شاری ئەو وڵاتەدا لەدایکبووبوو، لە ئامەدی کۆن، ئامەد کە سوورەگوڵی کوردستان بوو، کە هەڵبەستێکی بەهێز و خاوەن مێژوویەکی خۆڕاگرتوو و ڕابردوویەکی پڕشانازی بوو، پێش ئەوەی ببێتە کریستاڵ و ئەلیف - لام – میم. ئەو دایک و باوکێکی وڵاتپارێز و خوێندەوار و تێگەیشتووی هەبوو. ناوی دایکی زارشیرین و ناوی باوکی میرۆ بوو... دوو خوشک (هەڤۆک و ڕەڤۆک) و دوو برای (سەردەست و کاوا) لە خۆی بچووکتری هەبوو و ئەوانیش ڕێچکەی

دایکوباوکیان گرتبوو. ناوی خۆیشی سەرتاج نەبوو... باوک و دایکی ناویاننابوو فەرهەنگ. فەرهەنگ ناوێکی کوردی بوو و زۆر لێیدەهات. ئەو ڕۆژەی لەدایکبووبوو، فەرهەنگنوسێکی ناوداری کورد لە سەر داوای باوکی و لە زانکۆدا دووسەد پەیڤی مێ و دووسەد پەیڤی نێری لە فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەی بە گوێی ڕاست و چەپیدا دابوو. ئەو لە تەمەنی بیستوچوارساڵیدا بوو و بە هاندانی باوکی، دەستی بە نوسینی کورتەچیرۆک کردبوو، بێگومان بە زمانی ڕەسەنی خۆی.)

**ئامانجی سەرتاج و هاوڕێیانی، ڕزگارکردنی باژاری ئامەد و هەموو "باژارێن تارستان" و بڕیاری وی "ڤەنەگەران هەتا ئازادیا وەلات" بوو، کەچی نەک هەرسەرکەوتنی بە دواوە نەبوو، دواجارهیو ابراوی و دژ ایەتیی شۆڕشی لێ کەوتەوە، تا ئەو جێگەیەی نەک هەرخەڵک، تەنانەت پشیلەکانیش ڕقیان لە وشەی شۆڕشە.**

ئەم کۆدێرە بەشێکە لە دنیای خەونەکانی سەرتاج، کە لەبەر شڵەژاویی دەروونی، لە ژێر چاودێریی پزیشکدایە. ئەو لە وەڵامی پرسیارەکانی دکتۆر- سارینددا ڕاستی و خەیاڵی لێ تێکدەچێت و ژیانی ڕاستەقینەی خۆی و چیرۆکە ناتەواوەکەی و خەونەکانی تێکەڵدەکات. سەرتاج کە کوڕی زەکیە و فەتحی پۆستەچییە و لەگەڵ برایەکی ناتەواوی گەورەتر و خوشکێکی چکۆلەتریدا لە گەڕەکی ژێرین و هەژارنشینی شاری هەزەخدا دەژیان، ئەمجار لە کوردستانێکی ئازاد و خاوەنماف و زمان و لە ناو ماڵباتێکی تێگەیشتووی نیشتیمانپەروەردا گەورەبووە و بە هاندانی باوکی خەریکی نوسینی چیرۆکی کوردییە. ناوبراو لە دنیای واقیعیشدا، بە پێچەوانەی زۆرینەی هاوزمانەکانی، ئەویندارى زمانی کوردییە و ئاواتەخوازی گەشەکردنیەتی؛ لە هۆکارەکانی تێکچوونی باری دەروونی و توشبوونی بە شیزۆفرێنیاش بەدینەهاتنی ئەم ئاواتە و سەرکوتکردنیەتی لەلایەن هەردوو دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆژییەوە.
لە جیهانی خەون و خولیاکانی سەرتاجدا سووژەی گوێڕایەڵیی ئایدیۆلۆژیا نییە؛ ئەو ئەندامی خێزانێکی خوێندەوار و تێگەیشتووە و باوکی دکتۆرای لە فەلسەفەدا هەیە، ناوی هەموویان کوردییە و زمانی کوردی بۆ دایکوباوکی گرنگە، بە چەشنێک کە تەنانەت لە بریی بانگ، دووسەد پەیڤی نێر و مێی کوردییان بەگوێچکەیدادواوە. پەروەراندنی ئەم خەیاڵانە لە مێشکی سەرلەهەنگی ڕۆمانەکەدا، کە کەڵکەڵەی زمانی دایک و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیی

هەیە، نیشانەی هیوابڕاویەتی لە ڕووە ڕاستەقینەکەی ژیان؛ ڕاستی و واقیعێک کە تێیدا ئاخافتن بە کوردی لە لای نەیاران وەک تاوان و لە چاوی یارانەوە وەک دواکەوتوویی سەیردەکرێت، واقیعێک کە تێیدا کوردان شێلگیرانەتر و چالاکتر لە کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت، پێشبڕکێی بڕینی زمانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، واقیعێک کە تێیدا ئامانجی سەرتاج و هاوڕێیانی، ڕزگارکردنی باژاری ئامەد و هەموو "باژارێن تارستان" و بڕیاری وی "ڤەنەگەران هەتا ئازادییا وەلات" بوو، کەچی نەک هەر سەرکەوتنی بە دواوە نەبوو، هیوابڕاوی و دژایەتیی شۆڕشی لێ کەوتەوە، تا ئەو جێگەیەی نەک هەر خەڵک، تەنانەت پشیلەکانیش ڕقیان لە وشەی شۆڕشە.

پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان بە منداڵی، لە ژێر کارتێکەریی دەزگای ئایدیۆلۆژیی فێرکاریدا، خەریکی تێپەڕاندنی پێواژۆی بەسووژەبوون بوو؛ لە ڕێوڕەسم و ڕێپێوانە دوڵەتییەکاندا بەشداریکردبوو و بە شانازییەوە دەنگی تورکبوونی خۆی بەرزکردبووەوە. ئەوکات ئاگاداری ڕەوشی خۆی و دەوروبەر و حەقیقەتی شار و وڵاتەکەی نەبوو، "وەلاتێ کو ب تەنێ د چەند کتێبێن کەڤنارا و یاساغ دە و ب شێوەیا هەلبەستێ هاتبوو گۆتن کو، کوردستانە." (وڵاتێک کە تەنیا لە چەند کتێبێکی کۆن و قاچاخدا و بە هۆنراوە گوترابوو کە کوردستانە)، بەڵام خاڵۆی دەبێتە بەربەستێک لە بەرانبەر ئایدیۆلۆژیای زاڵدا و شوێن لە سەر زەینی دادەنێت، دوایەش بە خوێندنەوەی کتێب و هەروەها دیتنی بارودۆخی خەڵک و هەڵسوکەوتی دەسەڵات لە واقیعی نوێنراو دەکەوێتە گومانەوە و تێدەکۆشێت خۆی لەو کۆتوبەندە ڕزگاربکات. ئاوایە کە لە قسە و ڕاوێژی باوک و دایک و مامۆستاکانی لەمەڕ تورکێتی و بەختەوەری، دڕدۆنگدەبێت و لە دژیان سەرهەڵدەدات، بۆیە بە تاوانی سەربزێوی و نافەرمانی و ملکەچنەکردن، هێرشیدەکرێتەسەر و بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوتدەکرێت.

سەرپاڵەوانی ڕۆمان کە خولیای شێوەکاری و نیگارکێشانە، بە زۆری باوکی دەستبەرداریدەبێت و لە خوێندنگەی زانستە ئایینییەکانی "ئیمام خەتیب"دا دەبێتە مامۆستا. ناوبراو بە باوکی دەڵێت: "تو ب دەستێ خوە کورێ خوە رێ دکی ناڤ میلیتانێن چاڤسۆر! ئەز و دین، ئەز و ئیمام خەتیب!" (تۆ بە دەستی خۆت کوڕەکەت دەنێریتە لای هەندێک شەڕفرۆشی چاوسوور! من و دین، من و ئیمام خەتیب!) ئەو سەرەڕای ئەم هەلومەرجەی تێیکەوتووە، بە فامکردنی هەماهەنگی و هاوئاڕاستەیی ئەم دەزگایە لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتدا، خۆی لە کار و کردە ئایینییەکان بەدووردەگرێت و هەوڵدەدات لە کۆمەڵگەیەکی تەژی لە سووژەی ملکەچی ئیمانتەوەردا خۆی

دەربازبکات. ئەم ململانێیە بە درێژایی ڕۆمانەکە بەردەوامە و ملکەچنەکردنی سەرتاج و هەروەها گرنگیدانی بە پرسی نەتەوە و زمان و بەرخۆدان لە هەمبەر سووژە دەستەمۆکاندا بەرەوڕووی شمشێری دوو فاقی سەرکوت و ئایدیۆلۆژیای دەکاتەوە و لە کۆتاییدا بە هاندانی بناژۆخوازانی ئایینی، بە دەستی عەلی عوسمانی خوێندکاری پێشوو و هاوڕێی دواتری دەکوژرێت.

## ئەنجام

ڕۆمانی پێشبڕکێی چیرۆکە تەواونەبووەکان نموونەی باشی پیشاندەری ڕەوشی کورد و زمانی کوردییە لە باکووری کوردستاندا. وەک دەزانین زیاتر لە سەدەیەکە زمانی کوردی لەم پارچەیەدا پەراوێزخراوە و زۆر جاریش بەرەوڕووی سیاسەتی زمانکوژی بووەتەوە.

لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی دەزگای سەرکوتی دەوڵەت لەم پەیوەندییەدا دەبینرێت، بەڵام هەروەک ئالتوسێر جەختی لە سەر دەکاتەوە کە توندوتیژیی ئاشکرا تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ئامانجەکان دەپێکێت و لە ڕاستیدا بەردەوامیی ڕەوشی ئامادە و بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندیی چەوسێنەرانەی دوو لایەنی سەردەست-بندەستی کۆمەڵگە بە هێزی شاراوە و هەستپێنەکراوی ئایدیۆلۆژیا ڕێتێدەچێت. هەروەها کە لەم ڕۆمانەدا بە تۆخی ڕەنگیداوەتەوە، دەوڵەت بە یاریدەی خێزان، خوێندنگە، ئایین و میدیا پێواژۆی بانگکردن و ڕاکێشانی تاکەکانی بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبردووە و سووژەی ملکەچ و دەستەمۆی وای چێکردووە کە دەمارگرژتر لە کارگێڕانی ئایدیۆلۆژیای زاڵ و لایەنە خاوەنبەرژەوەندییەکان، شێلگیرانە لە پێناو پاکتاوکردنی زمان و ناسنامەی خۆیاندا تێدەکۆشن و بەردەوام هەلومەرجی داسەپاو بەرهەمدەهێننەوە.

لەم ڕۆمانەدا لە بەرانبەر زۆرێک سووژەی دەستاژۆدا چەند نموونەی دەگمەنی تاکی بەرەنگار و سەربزێویش دەبینین کە ملکەچی ئایدیۆلۆژیای زاڵی دەسەڵاتداران نابن و گوێ بە لێپێچینەوەکان نادەن، بۆیە دەوڵەت مۆرکی ئاژاوەگێڕیان لە نێوچاوان دەدات و لە ڕێگەی دەزگای سەرکوتەوە و هەروەها بە یارمەتیی دەزگا ئایدیۆلۆژییەکان دەنگیان کپدەکات. پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان، وەک تاکێکی بەرخۆدێر و زمانپارێز، هەوڵی پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردی دەدات، بەڵام بە هۆی ئەشکەنجەی دەزگای سەرکوت و گوشاری دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی بنەماڵە و ئایین و فێرکارییەوە توشی شڵەژاویی دەروونی دەبێت و لە کۆتاییدا بە دەستی دەمارگرژێکی سەر بە دەزگای ئایینی دەکوژرێت.

بەسەرهاتی سەرتاج ئەو ڕوانگەیەی ئالتوسێرمان بیردەخاتەوە کە لە ململانێی نێوان سووژە و ئایدیۆلۆژیای

زاڵـدا ئـەوەی هــەردەم سـەردەکـەوێـت، ئـایـدیـۆلـۆژیـا و چـیـنی خـاوەنـدەسـەڵاتـە. هەڵبەت ئەگەرچی سەرتاج سەری لە ڕێی ئامانجەکانیدا دەچێت، بەڵام لە کۆتاییدا لـە بـن کارتـێکـەریی بـیروبـڕواکانی ئـەودا تـەمی ئـایـدیـۆلـۆژیـای پـێش چـاوی عـەلی عـوسمانی بکوژ دەڕەوێتەوە و ڕووی ڕەشی هـانـدەرانی بـۆ ئـاشـکـرادەبـێت، کـەواتـە دەکـرێت پـەشـیمانی و تـێگـەیشـتنی ئـەم سـووژە فـریـودراوە بە هێمای بەردەوامیی بیری بەرهەڵستکارانەی پاڵەوانی سەرەکی و نـەکـوژانـەوەی هـەسـت و هـەڵـوێـستی بەرەنگاری و بەرخۆدان لێکبدرێتەوە.

---

١-کەسێک کە چیرۆکی ژیانی کەسانی دیکە دەگێڕێتەوە.

٢-فریودراوی.

٣-Subject: ئەم زاراوەیە لە کوردیدا، هاودەردی گەلێک وشە و زاراوەی بیانیی دیکە، بە چەند شێوەی تریش دەنوسرێت: سوژە، سوبێکت، سووبێکت، سوبیێکت و سوبژە. مەخابن تا ئێستا هەوڵێکی شێلگیرانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و نایەکدەنگییە نەدراوە.

چەمکناسی

تورکیاناسی

# دادگای دەستووریی کۆماری تورکیا (دەستەی ناوبژیوانی کۆتایی لە بڕیارە یاساییەکاندا)

# Türkiye Cumhuriyeti Anayasa Mahkemesi (AYM)

ئامادەکردنی: تورکیاناسی

دادگای دەستووریی کۆماری تورکیا، یەکێکە لە ئۆرگانە باڵاکانی دادوەریی ئەو وڵاتە و ڕۆڵێکی سەرەکیی لە پێکهاتەی یاسایی کۆماری تورکیادا هەیە. بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی سیستەمی یاسایی تورکیا دادەنرێت.

مێژووی دامەزراندنی ئەم دادگایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٢، کاتێك لە ڕێگەی دەستووری نوێی کۆماری تورکیاوە پەسەندکرا و بە گوێرەی ماددەی ١٤٨ کە یاسایەکی بنەڕەتییە لە دەستووردا، ئەرک و دەسەڵاتەکانی دادگاکە دیاریکراوە. ئەرکی سەرەکیی دادگای دەستووری بریتییە لە لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لە سەر ئەو یاسایانەی کە گومانی نایاساییبوونیان لە سەرە، هاوکات بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە دەکات کە گوایە نادەستوورین و پابەندبوونیان بە بنەماکانی دەستوورەوە هەڵدەسەنگێنێت و بڕیاری

کۆتاییان لە بارەوە دەدات.
گرنگترین دەسەڵاتی دادگای دەستووریی بریتییە لە وردبینیکردن لە دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، هەروەها ئەم دادگایە ئەرکی پاراستنی مافە دەستوورییەکانی تاکەکان دەگرێتە ئەستۆ و لەم چوارچێوەیەشدا داواکاریی تاکەکان لە بەرانبەر ڕێسا نادەستوورییەکاندا هەڵدەسەنگێنێت. سەرەڕای ئەوەش، سەرپەرشتیی چالاکییەکانی یاسادانان دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا دەسەڵاتی یاسادانان بە گوێرەی دەستوور یاساکان دەردەکات یاخود بە شێوازی دیکە! هەروەها دەسەڵاتی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی هەیە کە ئەگەری هەیە لە نێوان دەزگاکانی دادوەریدا سەرهەڵبدەن.
پێکهاتەی دادگای دەستووری شێوازێکی تا ڕادەیەك جیاوازی هەیە و لە سەرۆک و جێگری سەرۆک پێکدێت. سەرۆک وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دادگا کاردەکات و نوێنەرایەتیی دادگا دەکات، جێگری سەرۆکیش لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا ئەرکەکانی ئەو جێبەجێدەکات، هەروەها ژمارەی ئەندامەکانیشی جێگیر نییە و لەگەڵ هەموارکردنەوەی دەستووردا دەگۆڕێت. لە ڕووی کارگێڕییشەوە ئەم دادگایە لە دوو هۆبەی سەرەکی پێکدێت و هەر هۆبەیەك بەرپرسیارە لە پێداچوونەوە بە هەندێک جۆری کەیسدا. "ڕاپۆرتدەر"ەکانیش کە بەشێکی گرنگی ئەم پێکهاتەیەن، بەدواداچوون و پشکنین بۆ کەیسەکان دەکەن و پاشان زانیاری دەدەنە ئەندامانی دادگا. هەروەها "سکرتێری گشتی" بەرپرسیارە لە دڵنیابوون لە کارکردنی ڕۆژانەی دادگا و بەدواداچوون بۆ دۆسیەکان و ئەنجامدانی ئەرکە کارگێڕییەکانی دیکە.
دادگای دەستووری لە مێژووی دەستبەکاربوونییەوە تاوەکو ئێستا کۆمەڵێک بڕیاری گرنگی دەرکردووە. لە دیارترینی ئەو بڕیارانەش؛ دۆسیەکانی تایبەت بە داخستنی پارتە سیاسییە کوردییەکانی وەکو "پارتی کرێکاریی گەل، پارتی ئازادی و یەکسانی، پارتی ئازادی و دیموکراتی، پارتی دیموکراتی، پارتی دیموکراتیی گەل، پارتی گەلی دیموکرات، پارتی کۆمەڵگەی ئازاد، پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، پارتی ئاشتی و دیموکراتی" بوو. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧دا بڕیاری "داخستنی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی ئیسلامی"ی دەکرد، بە بیانووی ئەوەی کە دژی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی دەوڵەت کاردەکەن. پاشان لە ساڵی ٢٠١٦دا بڕیاری "پاراستنی زانیاریی کەسی"ی دەکرد، کە بە پێی ئەم بڕیارە بەکارهێنان و هاوبەشکردنی زانیاریی کەسی بەبێ مۆڵەت نادەستوورییە. هەروەها "بڕیاری بەربەستی هەڵبژاردن - ٢٠١٨" یەکێکی دیکەیە لە بڕیارە گرنگەکانی ئەم دادگایە، کاتێك لە ساڵی ٢٠١٨دا بڕیاریدا

کە بەربەستی هەڵبژاردن لە تورکیا نادەستوورییە و بنەمای نوێنەرایەتیی دیموکراسی پێشێلدەکات.

جێگەی باسە، یەکێك لە گرنگترین ئەو دۆسیانەی کە ئێستا دادگای دەستووری کاری لە سەر دەکات، بریتییە لە دۆسیەی پارێزەر "شەرەفەدین جان ئاتالای". ناوبراو لە ساڵی ٢٠١٣ بە هۆی خۆپیشاندانەکانی پارکی گێزی لە ئیستەنبوڵ دەستگیرکرا، لە ٢٥ی نیسانی ٢٠٢٢ بە تۆمەتی "پشتیوانی لە هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆماری تورکیا" سزای ١٨ ساڵ زیندانیی بە سەردا سەپێنرا، بەڵام دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ٢٠٢٣دا لەلایەن پارتی کرێکارانی تورکیاوە کاندیدکرا و دەنگی پێویستی هێنا بۆ ئەندامیەتیی پەرلەمان، لە ٢٦ی ئایار پارێزەرانی ئاتالای داواکارییەکیان بۆ ئازادکردنی ناوبراو پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری کرد، دوای ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی ئاتالای لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە، پارێزەرانی ئەو پەرلەمانتارە داواکاری ئازادکردنیان ئاراستەی دادگای دەستووری کرد. لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ دادگای دەستووری بە دەنگی ٩ ئەندام بەرانبەر ٤ ئەندام بڕیاریدا "پێشێلی مافی کەسی"ی جان ئاتالای کراوە، بەڵام ئەنجومەنی دادوەری بڕیارەکەی دادگای دەستووریی پەسەندنەکرد و بڕیاریدا لێکۆڵینەوەی یاسایی لەو دادوەرانە بکرێت کە پشتیوانی بڕیارەکەی دادگای دەستووری بوون، هەر ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی "قەیرانی دادوەری" لە تورکیا و زۆرێک لە لایەنە سیاسی و دامەزراوە و ڕێکخراوە دادوەرییەکان کاردانەوەی توندیان بەرانبەر بڕیارەکەی ئەنجومەنی دادوەری دەربڕی. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە گوێرەی ماددەی ٨٣ی دەستووری تورکیا "ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر پێش هەڵبژاردن یان دوای هەڵبژاردن تاوانێکی کرد، ناتوانرێت دەستبەسەربکرێت، لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، دەستگیربکرێت یان دادگاییبکرێت، تەنها بە ڕەزامەندیی پەرلەمان نەبێت." هەر بۆیە تاوەکو ئێستا ئەم بابەتە بە چارەسەرنەکراوی لە نێوان دادگای دەستووری و ئەنجومەنی دادوەریی تورکیادا ماوەتەوە.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری توركیاناسی

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێڕان

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی

بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری تورکیاناسی پارێزراوە.

١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.

١٤.یادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.

-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمان شێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.

-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.

-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسە بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

گۆڤار و توێژینەوە

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوە، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).

ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).

نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقیقة اللاجئین أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح علی: ٢٠٢٠/٣/٦).

نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفە¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و

ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەر بابەتی ماڵپەرێك، رێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نموونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (رۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نموونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).


**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

































CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی
سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

ژمارە (٢)ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣